سیاسەتی زمان، زمانی زبر.. فەرهێدوون سامان

پرسی زمان هەر بەتەنێ پرسێکی زانستی زمانەوانی ئەبستراکت نییە، واتە هەندێکانی قسەکردن و کارکردن لەسەر پرسەکانی زمان بەدەر لایەنە زانستییەکە دەچێتەوە سەر هەندی فەلسەفەی زماننناسی، کەمەناسی، دەروونناسی، دەلیقەکانی دیکەی زماننناسییەوە، لەوانەش سیاسەتی زماننناسی، یان سیاسەتی زمان کە ئامانجی نووسینی ئەم وتارەی ئەمەیە، هەندە پێیانوایە قسەکردن لەسەر زمان هەر دەبێت باسی لایەنە زانستیەکەی زمان بکرێت وەک گراماتیک و ئیتمەلۆژیاو فەرهەنگنووسی و سینتاکس و مەرفەلۆژی و فۆنەلۆژی بەس، لە ئاستیدا بایەخی زمان لە بایەخی سروشتی "سیاسی-کەلتووری" و "کەمەیاتی-کەلتووری"دایە، واتە هەرچەند زمان ئاستەوخۆ پێوەستە بە سیاسەتەوە، سیاسەتیش لەژێر باندەری دەربڕینە زمانەوانییەکانداێە میناک: زمانی زبر و توندوتیژ، یان زمانی نەرم و هەمن لە نووسین و دەربڕینەکاندا، کاتێک لایەنێکی سیاسی ئەپەزسیۆن لە دژی دەسەڵاتدا، بە پێچەوانەش زمانی دەربڕینی دەسەڵات لەگەڵ ئەپەزسیۆندا، لەکاتی قەیران و کێشەکاندا کاتێ هووبەووی یەکتر دەبنەوە، ئەو شێوازە زمانە زبر و توندوتیژە بەکار دەهێنن، و پێنا دەبنە بەر ناوونا تەرەو ناوزراندن، کە هەندی جار لەئاکامی ئەو زمانە زبرە دووچاری هەڵایسانی شەڕی ناوخۆو جەنگێکی وێرانکەر دەبنەوە.

زمان لە وشەسازیی بەکارهێناوەوە دەست پێدەکات و درێژ دەبێتەوە بە واتاکانی وشە هاوبەشەکان، تەنانەت بە خودی شێوازی ئاخافتن، وەک لە دەربڕینی زمانی گوندی و زمانی خەڵکی و زمانی شارستانیدا دەبینین، جگەلەوەش زمانگەلێکی تایبەت هەیە بە نەتەوە جیاوازەکان کە هەمان زمانی دەربڕینی دایکیانە، وەک زمانەکانی تورکی، فارسی، عەرەبی...تد کە لە بنەڕەتدا کەمەک زمانن، نەک یەک زمان، هەر زمانەکیش نوێنەرایەتی ناوچەیەک و گرووپێکی جیاواز لە ئاخەوڕانیان دەکەن، لەسەر ئەم بنەمایەش کەسانی وەک ئەمیری حەسەنپوور و میهرداد ئیزەدی و محەمەد موکری و جەعفەر شیخولئیسلامی و هیتر... زمانی کوردی بە کەمەک زمان یان زمانە کوردییەکان دەناسێنن.

هەنگە یادەوەری سیاسی و زمانەوانی شایەتحاڵی نەهێشتنی فیزیکی بێت لەسەر بنەمای زماندا، وەک لە شەڕی ناوخۆی هەندە نەتەوەو وەاتاندا

بینران، لەوانەش شەناوخەیەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جەراوجێری ئەو دەربەینەی زمانەی کە لایەنە شەکەرەکان قسەیان پێدەکرد، وای لێکردن ببنە ئامانج، هەر لایەنێک بە هێزی لایەنگرەکەی دیکەی بەو زمانەزبرە دەکردە ئامانج. واتە هەر لایەنێک زمان و زاراوەی تایبەتی بە خۆی هەبوو، تەنانەت لە نێو ئێندامانی حیزبەکانیش کە هەمان باوەڕ و ئایدەلۆژیایان هەبوو، کە بەکەمەڵە ئەو هزرە پێکدەهێنن، بە گوتاری گروپێکی دیارکراو ناسراون، بە نموونە: بزووتنەوە ئیسلامییە میانڕەوەکان گوتارێکی جیاوازیان هەیە لە بزووتنەوە ئیسلامییە ڕادیکاڵەکان و گوتاری پراگماتیک لە گوتاری پرەنسیپی جیاوازە، جگە لەوەش سەفیگەری جیاوازە لە سەلەفییەت و هەردووکیشیان جیاوازن لە بزووتنەوە سیاسییەکان، بەم شێوەیە مرۆڤ بە زمان و زاراوەی خۆی دەناسرێتەوە، ئەوەی جێی سەرنجە، شێوازی ناساندنی چەپێک، مارکسیستێک بە هاوزیندانییەکانی، نیشاندەرێک بوو بە پەیوەستبوونیان بەو حیزبەوە پێیان دەگوتن هاوەڵ، نەتەوەییەکان بە هەڤاڵ، ئیسلامییەکانیش بە "بۆ لە خودا"، و هتد.. دەناسرانەوە.

هەموو ئەمانە لە گوتاری سیاسی و زمانەوانیدا ڕەنگدانەوەیان هەبووە، بە هەمان ڕێوداو بەڵایەنی کەمەوە دوو زاراوە هەن، بە نموونە کەسایەتییە سیاسییەکان، کەسایەتییە میدیاییەکان، نووسەران و ڕۆشنبیرانی سەر بە هەردوو پارتی دەسەڵات، دەستەواژەی "دابەشبوون" بەکاردەهێنن وەک بە وەسفکردنی ئەوانەی لە زانی زەردن، کە لە ساڵانی شەڕی ناوخۆی نەوەتەکاندا ڕوویدا، جیاوازتر لە دەربەینی ئەو زمانەی کە لە زانی سۆز بەکار دەهێنرا، کە بریتی بوو لە زمانی زبری میدیایی لایەنی شەکەر، لە کاتێکدا لایەنی بەرامبەر بە "سەرکەوتنی یەکلاکەرەوە" ناوی دەبرد. ئەویدی بە خیانەت.

شاراوە نییە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا لە میدیای جیهانیدا دەستکاری زمان و زاراوەکان دەکرێن، کە هەموو ئامانە ئاماژەن و بەربەاون بە ڕوانگەیەکی سیاسی، ئایدەلۆژی، زاراوەگەلێکی وەک ئیمپریالیزم، کەلەنیالیزم، تیرۆر، کوردفۆبیا، ئیسلامۆفۆبیا..تد، لە ماوەی پێنجدەیەی شەشەکانی کوردستاندا دوو زاراوە لە گوتاری سیاسیدا بەرێککەوتن، ئەو لایەنەی کە لەگەڵ ژەمدا هاوتەریب بوون و بە جاش و بەکرێگیراو دەناسران، ئەو لایەنەش کە لە دەرەوە بوون ناوزەد دەکران بە شۆرشگێر، شەقان، گەریلا، پێشمەرگە، هەبەتە لەگەڵ ئامڕە زمانەوانییە پێیوەندیدارەکاندا، بەڵێش گوتارەکانیان لەگەڵ ئەم زاراوانەدا یەکیان دەگرتەوە، ئەم دیاردەیە لە هەموو زمانێکی جیهاندا بەدی دەکرێت، کە زاراوەکانی مەیلی ڕەنگدانەوەی

دیدگای ئاخەوەرکانیان هەیە.
جێی سەرنجە لە چوارچێوەی ئەو شتەی کە لە لایەن زلهێزە جیهانییەکانەوە دژ بە گەلانی ناوچەکە بە نموونە لە ئەفغانستان و عیراق یان ئێران و کوردستان بەکاردەهێنرا چوون، میدیاکان پشتیوانیان لەو زلهێزانە دەکرد و زاراوەی جیاوازیان بەکاردەهێنا لە چاو ئەوانەی بەرگریییان لە نیشتمان یان ئایینەکەیان دەکرد. لەو سەنگەیە بە سەدان و وشەو زاراوەو ئیدیان دروست بوون و بەکار هێنرانن تا ئەدەی ئەوەی کە بەرگریکارانی ئێم نەتوانە بە تیرۆریست و دەندەو و وەحش دەناسران. لێرەدا زمانی وەسفکەر ئێم لایەنگرییە ئاشکرا دەکات و دەتوانێت بنەمای توێژینەوەیەکی زمانەوانی جددی و کاریگەر پێک بهێنێت، ئێم نموونەیە ئێم لایەنگرییە دەستەلمێنێ، لێم چوارچێوەیەدا ویستم خاڵێک بخەمەوو سەبارەت بەو زمانەی کە میدیکاران و ڕۆژنامەنووسان لە کاتی ئاماژەدان بە داگیرکەری ناوچەیەک یان وڵاتێک بەکاری دەهێنن. زۆرێک لە ڕۆشنبیران، بە ئاسانی ئێم ناوە بەکاردەهێنن، کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەرگیراوە و لەلایەن داگیرکەرانەوە وەک ڕەمزی کیانەکییان قبوڵکراوە، ئێم ڕۆشنبیرانە بەبێ ئازاری ویژدان و ناڕەزایی ئێم ناوانە بەکاردەهێنن، بێ ئاگا لەوەی کە چەواشەکارانە و بەمانان. کە مخابن نابێت لە ئەدەبیاتی کوردیدا بوونی هەبێت، بەڵکو زمان دەبێت یەکگرتوو بێت لە وەسفکردنی ئێم ستەم و نادادپەروەری و داگیرکارییانەی کە لەلایەن بەردووی نزیکدا دووچاری نەتەوەکەمانی کردەوە، دەڕەتانی داگیرکەری کوردستان وەک چەمگەلی " داگیرکەری عیراقی، سوری، ئیرانی، تورکی". تەنانەت ئاگەر هەموو جیهان دان بەوەدا بنێن، کە ئێم دەڕەتانە قەوارەیەکی دەستوورین، کەلەنیالیزمی نین، لەسەر بنەماکانی کوشتن و دزین و بە یاسایی و بەڕێزیکردن بە شکڵی مرۆڤی کورد دانەمەزراون، چۆن دەتوانرێت بە دەوڵەتکی مەدەلرن هەژمار بکرێن؟
لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بە لایەنگری لە زمانی دەربڕین و هزرینی هەندە ڕۆژنامەنووس بکەم لە وتووێژ و وتارکانیاندا بکەم، لەبری ئەوە زاراوەگەلی سەیرو سەمەرە بەکاردەهێنن، کە هەشیارییەکی زمانەوانی و سیاسی ئاڕاز نیشان دەدەن، سەبارەت بە دەربڕینی هەندە بچووکی ڕەخنەگرانە و هەزری جیاواز، بەهای ئەوەی گوایە ستانداردکانیان پێشێل کردووە، ئیدی لەو کەناڵانەدا بایەخت کراون، ئەمەش ناچاری کردوون لە سەرەتای یەکەک لە بابەتکانیدا، ئاگەر تەنیا ژینگەی کولتووری بە هەموو هەمجۆرییە سیاسی و ئەدەبی و ئایینییەکانییەوە خۆیان لەگەڵ ئەو ڕێگایەدا بگونجێنن، کە دەسەڵاتداران گرتوویانەتە بەر، لە ترسی ئەوەی نەبادا

لەپرسینەوەمان لەگەڵدا بکەن لەو زمانەی کە بەکاری دەهێنین، بۆیە دەبێت خۆیان بەدوور بگرن لە ئاماژەکردن بە هەندێ وشەو زاراوەی هەستەوەر و بەناوزراندنی ئەو کەسانەی سەر بەو قەوارەیەن. گرنگە بگەینەوە، بە ئەو کەناڵانەی بە ئاشکرا لە ژێر پەردەی داگیرکەراندا شەمەندەفەر دەکەن، مژووەکەمان چەواشە دەکەن، تەنانەت لەسەر بانگەشەیەکی هەوای نەتەوەییمان بەناوی ئایدۆلۆژیاو ئاسایشی نەتەوەییان دەمانکوژن و یان بە بەناوی پیرۆزی ئایینەکەیان لە خاکەکەمان دەرمان دەکەن، کەواتە هێڵی سیاسەتی زمان لەو ئاقارەدا چییە، ئایا ئەمە ناچار دەبین لە ئاست زمانی توندو تیژ و زبری ئەوان، بە زمانێکی نەرم بدوێین، ئەگەر وا بکەین، نادادپەروەری و شەرانگێزیەکەمان بەرامبەر خەمان و دژی پرەنسیپی پیرۆزی مرۆڤبوونمان ئەنجامداوە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو دەبێت هەمووان خەمان بە دوور بگرین لە وەسفکردنی پلان و بەرنامەگەزپەرستییەکخراوەکانیان لە چەواشەکردنی زمان و ناسنامەو مژووومان، یان دەبێت هەر هەموومان بە یەک شێوە کە خۆیان دەیانەوێ لە ناشیرینکردنی وێنەی سیمبولە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانمان پێناسە بکەین:

هەردەم وەک تیرۆریست و تاوانباری جەنگ و ئەنجامدەری جینۆسایدی بناسرێین، کە ماوەیەکە لەسەی وتارە پێ لە درۆ و چەواشەکارییەکانیان لە کەناڵەکانی سۆشیالمیدیا وەک کۆلۆنیالیست و داگیرکەر و هیچی تر دەیان چیرۆکی ئەفسانەیی دەئافرێنن، ئەگەر بەڵاستی چەمکەکانی پێکەوەژیان و ئاشتەوایی و چارەنووسی هاوبەش و یەکپارچەیی هزری لە گوتاری سیاسی داهاتوومانداو بخوازین.

ئاخۆ دەبێت ئەمەش لە عاست ئەو زمانە زبرۆیان بەدەنگ بین، ئەوەی بەڵاستی سەرسامم دەکات، خودی زمانی سیاسی ئەوان نییە، هەرچەندە سیاسەت بەشێکە لە کولتوور، بەڵکو بەکارهێنانی گوتاری قەزەون و نەڵەوایە لە دەربەینەی ئەم جۆرە زاراوانەلایەن نووسەرەکانیانەوە، بۆیە دووركەوتنەوە لە زمانی زبردا لەم دەستەواژانە بایخێکی سەرەکی هەیە، نووسەران دەبێت سەرلەنوێ بە هەرچی نووسیویانە لەی بکەنەوە بە پاککردنەوەی هزرو هەستەکانیان لەو کەموکوڕییە زمانەوانیانەی کە هەشیاری زمانەوانی دەشێوێنن و هەشیاری گشتی ساختە دەکەن. درککردن بەم ڕاستییە، من لە خەمەوە دەستم پێکرد و گەڵەمەوە سەر هەموو ئەو شتانەی کە نووسیبووم و هیشتا بەاوم نەکردبوونەوە، دووبارە دەستکاریم کرد و زمانەکەمم لەو جۆرە تێکەڵ زمانەوانییانە ڕزگار کرد، و ئێگە بە خەم دەدەم کە بیانگەڕێنمەوە، واتایەکە وەربگرم، من ئەمەم زۆر بە تونەدی لە دوا نووسینمدا کە بە ناوی "بیرکردنەوە لە واقیعی کولتووریمان" جێبەجێ

کرد. ئیدی پەموانییە بە هیچ شێوەیەک ناگەم بەم ناوە داوە، بە تاک یان فرە، بچێتە ناو زمانەکەمەوە. کە لە سیاستی زمانەوانیدا بە زمانی هەمن ناسراوە.

فەرهیدوون سامان

زمانی کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستاندا.. فەرهیدوون سامان

لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا هەر لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی سوریا، مەگەر بە ماوەیەکی کەم تەبەت لەسەردەمی ئینتدابی فرەنسییەکان دەرفەتێک بە کوردانی دانیشتووی شام ڕەخسا، لە بواری زمان و کەلتوور و چاپەمەنیدا چالاک بن، لەوانەش وشاندنی گۆڤاری هاوار(١٩٣٢)، ئەگینا هیچ ئاماژەیەکی دەستووری و یاسایی لەو وڵاتەدا بە زمان و کەلتووری کوردیدا نەکراوە، ڕاستە وەک کەماری تورکیا بە ڕەسمی زمانی کوردی قەدەغە نەکرابوو، بەڵام لەکایەکانی پەروەردەو فەرکردن و فەزا گشتییەکانی فەرمانگە حکوومییەکان، تەنانەت لە بواری چاپ و بڵاوکردنەوەشدا لەلایەن دیمەشقەوە زۆر بڕیاری دژایەتی زمان و ناسنامەی کوردی کرا، لەو سەنگەیەشدا هاووڵاتییانی کورد دووچاری زیندان و ئاوارەیی تەنانەت کوشتنیش هاتوون.

دوای سەرهەڵدانی ڕۆژاوای کوردستان و دواتر دامەزراندنی کانتۆنەکان و دەسەڵاتی خەسری لەو هەرێمەدا، بزاڤێکی کەلتووری و زمانەوانییان بە فەراهەم بوو و ئاستی خوێندنی کوردی لە سێکتەری پەروەردەو فەرکردندا گەیشتە قۆناغەکانی زانکۆ(زانکۆی ڕۆژاوا لە کۆبانێ بە نموونە)، بەڵام کاتێک زمانی کوردی لەلایەن حکومەتەکەی شەرعەوە بە فەرمانی ڕەسمی دەخرێتە ناو قوتابخانەکانی ڕۆژاواوە، ئەمە تەنیا باسی قۆناغێکی جیاواز دەکەین، باس لە لاپەڕەیەکی نوێ دەکەین لە پەیوەندی نێوان دەوڵەتی سوریا و شوناس و کولتوور و زمانی نەتەوەیەک کە لە مێژە تووشی پەراوێزخستن بووە.

وەزارەتی پەروەردەی سوریا ڕێنمایی جێبەجێکاری سەبارەت بە فەرکردنی زمانی کوردی لە قوتابخانە حکومی و ئەهلییەکاندا دەرکرد.

ئەم بەیارە شایەنی ئەوەیە بە هەمنی و بە زیادەوی و کاردانەوەی سەزداری و لە چاویلکەیەکی سیاسی و یاساییەوە بخوێنرێتەوە و لەبەرچاو بگیرێت، تا بزانین چی بەدەست هاتووە و چی دەبێت لە داهاتوودا بەدەست بهێنرێت. لە ڕاستیدا بەشێک لە هاووڵاتیانی کورد ڕەخنەیان لەو بەیارە گرت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە فەرکردنی زمانی کوردی بە تەنیا بە ئاستی مافێکی نەتەوەیی و زمانەوانی بەرز نابێتەوە و ئەوەی پێویستە دانپێدانانی زمانی کوردییە وەک زمانێکی ڕەسمی نێک وەک زمانێکی نیشتمانی بخوێنرێتەوە، بەتایبەتیش لە ناوچانەی کە زۆرینەی دانیشتووانی مێژوویی کورد پێکدەهێنن. پێموایە ئەم داخوازییەی کورد ڕەوایە، مافی گەلان بە زمانەکەیان نابێت تەنها لە خوێندنی ئیختیاری یان قەناغێکی سنووردار بێت. بەڵام ئەو پرسیارەی ئەمڕۆ دەبێت لە خەمانی بکەین ئەویش ئەوەیە ئایا پێویستە ئەم هەنگاوە مێژوویییە ڕێت بکەینەوە، تەنها لەبەر ئەوەی کەتایی ڕەگەکە نییە؟

بەڵای من نەخێر. هەنانە ناوەوەی زمانی کوردی بە ناو خوێندنگەکانی ڕۆژاوای کوردستان لە ڕەگەی بەیارێکی فەرمی کە لە لایەن وەزارەتی پەروەردەی سووریاوە، گەڕانکارییەکی بەرچاوە لە مێژوویەکی دوور و درێژی ئینکاری و پەراوێزخستن. لە ڕووی سیاسییەوە ناژیرانە دەبێت کە بەهای ئەم هەنگاوە کەم بکەینەوە تەنها لەبەر ئەوەی هەموو داواکارییەکانی کوردی بەدی نەهێناوە. دەیان ساڵە کورد لە سوریا لەژێر سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستانەدا دەژین، کە بەشێکی بنەڕەتی لە ناسنامە و کەلتوور و زمانییان ڕەتکراوەتەوە. ئەوان تووشی ستەم و هەڵاواردن هاتوون، سیاسەتگەلێک کە بوونی زمان و ناسنامەی کوردی لە کایەی گشتیدا لاواز کردبوو. لە هەندێک کاتدا کارساتەکە گەیشتە ئەو ئاستەی کە نەوەکان لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ بە ترس و فێربوون زمانەکەیان زەوت بکرێت. بەیە ئەمڕۆ ناساندنی زمانی کوردی هەڕگەری بەهایەکە کە لە وردەکارییەکانی میتۆد و شێوازی وانەگوتنەوەدا تێدەپەڕێت. دانپێدانانێ بەوەی کە زمانی کوردی زمانێکی زیندووە، و ئاخەوڕانی ئەو هاووڵاتییانەن کە مافی ئەویان هەیە مندااڵەکانیان لە ناو خوێندنگەکانی سوریا گوێیان لە ئاوازی زمانەکەیان بێت، نێک لە پەراوێزدا و لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە بن. لێرەدا دەبێت ڕوونتر بین: ستایشکردنی بەیارەکە بە واتای وازهێنان لە داخوازییەکانی دیکەی کورد نییە. دەتوانین بڵێین ئەمە سەرەتایەکی باشە بە ئەم هەنگاوە، لە هەمانکاتدا دان بەوەدا بنێین کە گەشتەکە کەتایی نەهاتووە، دەتوانین پشتیوانی لە فەرکردنی زمانی کوردی بکەین لە هەمانکاتدا داوای مافی زیاتری زمانەوانی و کەلتووری بکەین. دەتوانین ئەو بەیارە بە خاڵی

دەستپێک بزانین و داوا بکەین کە ئەم سەرتایە پڕە بسنەت بە دانپێدانانێکی دەستووری ڕوونتر بە مافەکانی هەموو گەلی کوردی ڕۆژاوا، لە پێش هەموویانەوە مافی کورد بە زمان و ناسنامەو کەلتوورەکەی، و زامنی پێگەی زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی لە ناوچە کوردنشینەکاندا، لە چوارچێوەیەکی دەستووری و ئیداریدا کە مافەکانی هەموو سوورییەکان مسۆگەر بکات بەبێ ئاوەژوو کەمەک لە مافی هەر گروپێکی تر، ئەمانە دژایەتی نین، بەڵکو سیاسەتی پێگەیشتوو ناچارمان ناکات لە نێوان دانپێدانان بەو شتەی بەدەست هاتوون و داوای ئاوەژوو هەشتا بەدەست نەهاتوون هەبژێرین.
کوردی ڕۆژاوا بە درێژایی مێژووی سوریا باجی قوربانیدانی گەورەی داوە، لەپێناو ئازادی و دادپەروەری هەڵگیرسانیان کردە قوربانی، و بەرگەی ساڵانێک لە ستەم و هەڵاواردنیان گرت و باجی ستەمکارییان داوە، لەگەڵ ئەو سەختییەی ژیان کە ناسنامە و زمان و بوونی کولتووریان کردە ئامانج. بەیەک ئەم قۆناغە نوێیە پێویستی بە گوتارێکی سیاسی جیاواز هەیە. نامانەوێت مافی زمان ببێتە مایەی ململانێی نێوان سوورییەکان. کورد دەیەوێت زمانی کوردی ببێتە بەشێکی سروشتی سوریای نوێ، هەروەک چۆن دەیەوێت زمانی عەرەبی زمانی یەکگرتووی دەوڵەت بێت و مافی هەموو پێکهاتەکانی سوریا بەبێ جیاوازی پارێزراو بێت. زمان دیواری نێوان مرۆڤەکان نییە؛ زمان پردێکە بۆ شکڵی مرۆڤ، دانان بە زمانی کوردی، عەرەبێک کەم ناکاتەوە، هەروەک چۆن دانان بە زمانی عەرەبی، کوردێک کەم ناکاتەوە. دەوڵەتێک کە ڕەز لە فرەچەشنی زمانەوانی و کولتووری خۆی بگرێت، لاوازتر نابێت، بەڵکو زیاتر متمانە بەخۆی دەکات و باشتر ئامێزی بە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی یەکسان دەکاتەوە.
لەرووی ئەرکی ئەمنی کوردی ڕۆژاوا هەر تەنها ئاهەنگگێڕان نییە بۆ بەیارەکە، نە هەرشکردنە سەری، بەڵکو کارکردنە بۆ سەرکەوتنی. پێویستە داوای مامۆستایانی شارەزا، و میتۆدی کوالیتی بۆرز، کتێبی خوێندن، ئاهەنگان، ژینگەیەکی گونجاوی فێربوون و چاودێری جێبەجێکردنیان بکەن. چونکە مافەکان تەنیا بە دەرکردنی فەرمان نابنە واقیع؛ مافەکان پێویستیان بە دامەزراوە هەیە بۆ پاراستنیان، خوێندنگە بۆ جێبەجێکردنیان، کۆمەڵگەیەک کە بزانێت چۆن بیانپارێزێت. هەروەها ئەمنی کورد بەرپرسیارێتییەکی گەورەی لە ئەستۆدایە. ئەگەر دەیانەوێت زمانی کوردی لە پەروەردە و کارگێڕی و کۆمەڵگەدا ئامادەییەکی بەهێزی هەبێت، پێویستە کار بۆ پەرەپێدانی، ئاهەنگانی کارمەندەکانی، بەرهەمهێنانی کتێب و پرۆگرامی خوێندن، هاندانی منداڵان و لاوان بۆ فێربوونی و لە داخوازییەکانی بگەیەن بە پێژەیەکی هەمەلایەنەی فەرهەنگی و

پەروەردەیی.
ماوەیەکی زۆر چاوەڕێی ئەوە بووین کە زمانی کوردی بە فەرمی بخرێتە ناو قوتابخانەکانی سوریاوە. بە وەک شایەنی خۆی سەیری ئەم ساتەوەختە بکەین. ئەمە کۆتایی نییە، بەڵام بە دڵنیاییەوە هەنگاوێکی زوو تێپەڕ نییە. هەنگاوێکی مێژوویی دوای دڵیان ساڵ کە زمانی کوردی لەو پێگەیەی کە شایەنیەتی بەهرەمەند نەبوو. بەیەگەرەکە کوردە پێشەوازی لە بکەن، کاربکەین بە دڵنیابوون لە سەرکەوتنەکەی. لەهەمانکاتدا پابەندی تەواوی مافەکانی خەیان ببنەوە بە مافی کورد بە ئەوەی زمانەکەیان بشکێکی دانبەاو بێت لە پێکهاتەی دەستووری و ئیداری سوریای نوێ، هەروەها بە مافی ناوچە کوردییەکان کە پێگەی فەرمییان هەبێت بە زمانی کوردی کە هەنگدانەوەی تایبەتمەندییە دیمۆگرافی و مێژوویی ناوازەکانیان بێت.
کورد زمانەکی ناوێت کە تەنیا هێگەپەدراو بێت؛ ئەوان زمانەکیان دەوێت کە هەزی لە بگیرێت. مافەکی کاتیمان ناوێت؛ مافەکی هەمیشەییمان دەوێت، کە لە دەستووردابچەسپێت. جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لە نێوان هەتکردنەوەی هەنگاوێک چونکە نێگەیشتووەتە ئەنجام و پێژراندنی وەک سەرەتایەک و بەردەوامبوون لە هێگاکەدا. با ئەوەی بەدەست هاتووە بە جددی وەربگرین و بە بەردەوامی داوای ئەوەی دەمێنێتەوە. مافەکان لە یادەوەریدا پارچە پارچە نین، بەڵکو لە سیاسەتدا بنیات نراون، ئەستا زانکەی هەژاقا لە نزیکەوە بەدواداچوون بە ئەو بڕیارانە دەکات کە لەم دواییانەدا وەزارەتی پەروەردەی سوریا سەبارەت بە کەمکردنەوەی وانەکانی زمانی کوردی بە سێ وانە لە هەفتەیەکدا دراون. لەم چوارچێوەیەدا زانکە لە هێگەی هەڵسەنگاندنی ئەکادیمی و پەروەردەیی خەیەوە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەم پێوەرە پاشکشەیە لە مەدەلی پەروەردەیی وەرگیراو، هەنگاوێکە بە دواوە کە هێگری دەکات لە گەشەسەندنی بەردەوامی سیستەمی پەروەردە لە ساڵانی هابردوودا لە هەژاوای کوردستاندا.
لە ماوەی ١٢ ساڵی هابردوودا، تاقیکردنەوەیەکی زانستی و مەیدانی گشتگیر لە هەژاقا/باکور و هەژهەاتی سوریا ئەنجامدرا، کە تێیدا سیستەمەکی پەروەردەیی گشتگیر دامەزرا و زمانی کوردی وەک زمانی سەرەکی پەروەردە و تەوژینەوە لە هەموو ئاستەکانی پەروەردەدا ناسێندرا. ئیتر بەکارهێنانی زمانی دایک تەنیا لە بەشی ئەدەبی و زانستە مرۆییەکاندا سنووردار نەبووە، بەڵکو فەرکردنی هەموو بوارە زانستی و پزیشکی و کارپێکراوەکان – وەک بیرکاری و فیزیا و کیمیا و ئەندازیاری- بە پێی پڕۆگرامە زانستییەکان و ستانداردە پشکەوتووەکانی ئەکادیمی لەخۆگرتبوو. جیاکردنەوە و سنووردارکردنی

زمانی فێرکردن بە سێ وانەی هەفتانە و مانگانەی وەک پێکهاتەیەکی زمانی لاوەکی، لە بڕی ئەوەی ببێتە بنەمای سەرەکی بۆ گوتنەوەی بابەتەکانی زانستی، لێکۆڵینەوەی نوێ پەروەردەیی و ئەکادیمی هەیە، وەک:

- کەمکردنەوەی توانای تێگەیشتن و شیکردنەوەی خوێندکارانی کورد بە دابەزینی لە ژینگەی زمانەوانییەکەی کە زیاتر لە 12 ساڵە وەبەرهێنانی زانستییان تێدا کردووە.
- وازهێنان لە ژێرخانی ئەکادیمی و دەستکەوتەکان کە لە ماوەی ١٢ ساڵدا بنیاتنراون و پێڕیان پێدراوە.
- پشتگوێخستنی پێوەر و لێکۆڵینەوە نوێیە پەروەردەییەکان کە جێخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پەروەردە بە زمانی دایکی فاکتەری سەرەکییە بۆ دەستەبەرکردنی کوالیتی پەروەردە و جێبەجێکردنی داهێنان و بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانە.

ڕاستکردنەوەی ڕەوتی پەروەردەیی باشترین چارەسەری ئەکادیمی لە سنووردارکردنی زمانێک نییە لەسەر حیسابی زمانێکی دیکە، بەڵکو لە ئاگاری وەرگرتنی مەدلی خوێندنی دوو زمانەدایە. ئامانج مەدلێکی زانستییە و لەسەر ئاستی جیهانی جێبەجێ دەکرێت. دەرفەت دەرخستنە بۆ فێرکردنی زانست و بابەتەکانی سەرەکی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی شانبەشانی یەکتر، بۆ شۆڕشێک کە پاراستنی مافە زمانەوانی و کولتووریەکانی خوێندکاران مسۆگەر بکات، توانای زانستی و پێوەندی کردنیان بەرز بکاتەوە، هەروەها پردی یەکێزی ئەکادیمی و نەتەوەیی لە بڕی سیاسەتی دوورخستنەوە و پڕاوێزخستن دروست دەکات.

مافی خوێندن بە زمانی دایک لە لقە جیاجیاکانی زانست و زانستدا مافێکی ئەکادیمی و مرۆڤە و لە ستاندارد و لێکۆڵینەوەتییەکاندا پارێزراوە، هەروەها ئامرازێکی سەرەکییە بۆ دەستەبەرکردنی سەقامگیریی پرسەی خوێندن و پەرەپێدانی توێژینەوەی زانستی. جگە لەوەش بۆ بنیاتنانی سیستەمێکی پەروەردەیی گشتگیر و بەردەوام، پێویستە فرەزمانەوانی بەهێز بکرێت و بەرنامەی پەروەردەیی گشتگیر بگیرێتەبەر، لە بڕی جێبەجێکردنی سیاسەتی سنووردارکردن و پڕاوێزخستن

لەسەر ئەم بنەمایە، زانکۆی ڕاپەڕین داوا لە هەموو پێوەندیدارەکان دەکات کە چاو بە ئایندەی بخشنەوە کە

پشتر ئاماژەمان پێکرد، لە سنووردارکردنی بازنەی خوێندن بە زمانی کوردی، هەروەها کاربکەن بە پاراستن و پەرەپێدانی ئاستی ئەکادیمی و پڕۆگرامە زانستییە گشتگیرەکان کە لە ماوەی ١٢ ساڵی ڕابردووەوە بە زمانی کوردی دەگوترێنەوە – لەوانەش ڕێگە خۆشکردن بە پەرەپێدانی مەدەلی پەروەردەی دوو زمانەیی بەردەوام بە مەبەستی دڵنیابوون لە داهاتووی خوێندکاران و پاراستنی کوالیتی سیستەمی پەروەردە. ئێگینا بە شێوەیەی کە بەیاری لەسەر دراوە لە هەفتەیەکدا سێ وانە بخوێنرێت، پاشکشەیەکی گەورەیە لە خوێن و خواستی گەلەکەمان لە ڕۆژاوای نیشتمان.

فەرەیدوون سامان

دوای پەیماننامەی لۆزان، ساختەکردنی ناسنامە، زمانی ساختە.. فەرەیدوون سامان

١٠٣ ساڵ تێپەڕی، ئێستاش دەرئەنجامە شوومەکانی پەیماننامەی لۆزان کاریگەرییان بەسەر دابەشکردن و لێکترازانی بەشەکانی کوردستان هەیە، وەک ئەوای نیشتمانەکەمان، نەتەوەکەش بەردەوام پڕۆژەیەک بووە بە جینۆساید، بە هەکار و بیانووی جیاواز، ناسنامەی نەتەوەیی و زمانی کوردیش ووبەووی شاوەکی بەبەزییانەی حاشالێکردن و ساختەکردنی ناسنامەکەی بەتەوە، بەتایبەتتر لەو چەند ساڵانەی دوای دەسەاتی خەبەری لە هەرەمی کوردستاندا، بە پلان و بەرنامەی قووڵی ستراتیژی برادژمنەکانمان لە وڵاتانی ئیقلیمی هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوون تێگەڕ بخەنە بەردەم یەکێتی نەتەوەییمان، لە ڕێگەی دژایەتی زمانی کوردی و قەدەغەکردنی، یان ناساندنی شێوەزارەکان وەک زمانی جیاواز لە زمانی کوردی، یان ناساندنی بە کەمەک زمانە کوردییەکان، بەناو زمان دەفری یادەوەری بەکەمەک و یەکەک لە گرنگترین توخمەکانی داشتنی ناسنامەی نەتەوەیی، لەرەو لەوەش هەن گرووپ و پێکهاتە هەن خەریکن خەیان لە کوردبوون جودا دەکەنەوە، و

هەوڵدان ناسنامەیەکی ساختە بە نەتەوەو بە زارەکانیان هەڵدەگرن، لە پلاتفۆرمە میدیاییەکان حاشا لەسەنایەتی مێژوو و کلتووری خەیان دەکەن، دیارە هەرکەسێک، گرووپێک بانگەشەی بوونی نەتەوەیەکی سەربەخۆ بکات، بەرایی دەبێت بزانێت ئەو بناخە بابەتییانەی کە ئەم نەتەوەیەی لەسەری وەستاون چوون بکاتەوە، کە بڕ لە هەر شتێک زمان و ناسنامەی نەتەوەکەیە، نەک ئایین یان ئایینزاکەی بکاتە کۆگەی بنەڕەتی ناسنامە و تاکە بنەمای شوناسی نەتەوەیی خۆی.
زمان هەڵگری مێژوو و کلتوور و هۆشیاری بە کۆمەڵی گەلانە، زمان ئەو پردەیە کە نەوەکان بەیەکترەوە دەبەستێتەوە، بۆیە هەر تاکێک باس لە ناسنامەی خۆی بکات، ناتوانێ ئەم توخمە بنەڕەتییە پشتگوێ بخات، کە بە درێژایی سەدەکان کوردبوونی بەنەمری پاراستووە، لێرەدا ڕەزگرتن لە بیروباوەڕی ئایینی یان کولتووری بە واتای گۆڕینی بە ئامرازێک بۆ حوکمدان لەسەر بەهای مرۆڤ یان ڕەسەنایەتی ناسنامەی نەتەوەیی نییە، شکۆو و ناسنامەی مرۆڤ زۆر فراوانترە بۆ ئەوەی لە یەک پێوەردا کورت بکرێتەوە، دابەشبوونێکی لەم شێوەیە دڵرگا بەووی کێشەیەکی قووڵتر دەکاتەوە، چونکە گەلان لەسەر پلەکانی ڕەسەنایەتی لە نێوان ئەندامەکانیاندا بنیات نراون، لەسەر ئەو دانپێدانانەی یەکترن کە مێژووی هاوبەش بەهەی بیروباوەڕی جیاوازیەوە ناسدرێتەوە، فرەچەشنی لەناو یەک کۆمەڵگەدا دەتوانێت سەرچاوەی هێز بێت، نەک هۆکارێک بۆ دابەشبوون، جا گەر بیەوێت ڕەسەنایەتی واقیعێکی بابەتیی بێت، دەبێت لەسەر بنەمای پێوەرێکی دادپەروەرانە بێت کە مافی هەمووان دابین بکات، نەک لەسەر ئینتمای ئایینی، کە بە سروشتی خۆی قەناعەتێکی ڕوحی و هزرییە. ڕەنگە مرۆڤ لە ماوەی ژیانیدا ئایین یان ئایینزای خۆی بگۆڕێت، بەڵام ناتوانێت ئەو بنەچەی کە تێیدا لەدایک بووە بیگۆڕێت.
ڕاستە لە سەردەمێکی جیاوازی مێژووی ئەمەدا بە فەبیتی داگیرکەران لەلایەن میرانی سەران و بابان و بۆتان بۆ ناوی ئیسلامەوە کۆمەڵکوژی ئێزیدییەکان کراوە، بەڵام بەدرێژایی ڕۆژگاریش بە گشتی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا ئایین و ئایینزاکان شایەنی ڕێز و پێزانین بوون وەک هەڵبژاردنی ڕوحی و هزری مرۆڤەکان، پێکەوەژیان و ئاشتەوایی لە نێوان ئایین و ئایینزایەکان هەبووە، لە کاتێکدا ناسنامەی نەتەوەیی بەرهەمی کۆمەکبوونی مێژووییە، کولتووری، زمانەوانی و کۆمەڵایەتییە، کە چاندان نەوە لە دوای نەوە پێکهاتووە، بۆیە هەڵبژاردنی ئەم دوو کایە لە دژایەتی یەکتردا دابنێین، یان یەکێکیان بکرێتە پێوەر بۆ نکۆلیکردنی لە ئەوی دیکە.
مخابن مێژووی ئەمە پڕ لە ستەم و چەوساندنەوە و کۆمەکوژی و ڕاگواستن و گۆڕانکاری دیمۆگرافی، بۆیە مێژوویەکانیش ئەوە

دڵسۆزانن کە چۆوساندنەوە تەنیا لە هیچ گرووپێکی ئایینی یان تائیفیدا قەتیس نەبووە، بەڵکو کارساتەکان بە جیاوازی بەسەر هەموو پێکهاتەکانی گەلی کوردستاندا هاتووە، بەتایبەت خوشک و برا ئێزیدیەکان، کریستانەکان، فەیلیەکان، بارزانییەکان...تد، ئەم کارساتانە پێویستییان بە خوێندنەوەیەکی مێژوویی بەڵایەنی هەیە، ئەگەر نادادپەروەرییە مێژووییەکان پاساو بە وازهێنان لە ناسنامەی نەتەوەیی مرۆڤ دەهێننەوە، بۆچی کوردی موسڵمان سەرەڕای بەرگەگرتنی هەمەجۆرە کانی ئەنفال و کیمیاباران و ئاوارەیی، دەستبەرداری ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان نەبووە؟ بۆچی بەرخودانی کۆبانی دوای زاڵبوونی بەسەر تیرۆریستانی داعشدا وەک سیمبولی ناسنامەی نەتەوەیی کورد مایەوە، هەروەک چۆن شەنگال وەک سیمبولی خۆڕاگری ئێزیدیەکان ماوەیەوە.

ئەو قوربانیدانانەی کە گەلی کوردستان داویەتی، ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە ئازاری هاوبەش هەکاری یەکگرتنمان بووە، هەروەها ئەو خوێنەی کە بە بەرگری کردن لە خاک و شکۆی مرۆڤی کورد ڕژاوە، پێش پشکۆشکردنی، پرسیاری لەبارەی ئایین و ئایینزای کەس نەکردووە، بەڵکو لە هەستەکی قووڵی سەربەخۆیی و بەرپرسیارێتی بەرامبەر مرۆڤایەتی و خاکەوە سەرچاوەی گرتووە، داعش لە دوژمنایەتی کوردی موسڵمان و ئێزیدی هیچ جیاوازییەکی نەکرد؛ بەپێی بارودۆخی شەڕەکە هەمووانی کردە ئامانج. لە کاتێکدا کە کۆمەڵکوژی شنگال بە هەی سروشتی ئەو تاوانانەی بەرامبەر ئێزیدیەکان ئەنجام دران، سیمایەکی تایبەتی وەرگرت، ئەو پرسیارەی کە دێتە ئاراوە ئەوەیە: ئایا دەکرێت تاوانکانی ڕەکخراوەکی تۆندڕەوی تیرۆریست بگەنەدرێتەوە بە تەواوی نەتەوەیەک، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە زۆرینەی ڕەهای ئەندامەکانی بە هیچ شێوەیەک کورد نەبوون، بەڵکو زۆربەیان عەرەبی سوننە بوون. ئایا تەنها بە هەموو گەلی کورد بەرپرسیارێتی کارەکانی گرووپێکی تۆندڕەو هەڵبگرێت کە نوێنەرایەتیان ناکەن، پێویستە بگوترێ ئەوانەی بەرگرییان لە ئێزیدیەکان کرد و داعشیان لە شنگال بەرپەرچ دایەوە و ئازادیان کردن و شەهیدی بێشمارییان پشکۆش کردن لە بەرگری و ڕزگارکردنیدا، هەمووپان ئەندامی نەتەوەی کورد بوون.

دادپەروەری لە حوکمدانی گەلاندا پێویستی بە جیاکردنەوەی کردەوەی گرووپە تۆندڕەوەکانە لە ناسنامەی خودی خۆیک، کە ڕەنگە لە ڕیزی ئەو کەسانە بن کە زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە لەلایەن ئەو گروپانەوە. گەلێک بە کردەوەی ئەو کەسانە ناپەورێت، کە دژایەتی دەکەن یان زیانی پێدەگەیەنن، بەڵکو بە مێژووەکەی و هەوێستی گەلەکەی و بەشداری کردنیان لە بەرگری کردن لە مرۆڤایەتیدا دەپەورێت، جگە

لەوەش، ئایا دادپەروەرانە نییە باس لەوە بکەین کە هەزاران چەکداری کورد، لە پەشمەرگە و گەریلا و شۆڕشگێڕان لە بەرگریکردن لە شەنگال و گەلەکەی، گیانی خۆیان بەخت کرد، تەنانەت هەندێکیان لە خەباتی ڕزگارکردنی خاک و ڕزگارکردنی خەڵکی سیڤیلی ئێزیدیدا شەهید بوون، ئەگەر تاوانەکە ناتوانرێت بگەڕێندرێتەوە بە تاوانێک، ئایا دروستە چاوپۆشی لەو کەسانە بکرێت کە خۆیان کردە قوربانی بەرگری کردن لە ئێزیدییەکانیان؟
دڵنانان بە قوربانیدانی ئەوانی تر لە کارەساتی هیچ گروپێک کەم ناکاتەوە؛ بەڵکو بەشێکە لە بەدەستهێنانی دادپەروەری مێژووییە. ئاستی تاوان لەسەر یەک یادەوەری بنیات نراوە، بەڵکو لەسەر کەکردنەوەی هەموو ئاستییەکان و دانان بە هەموو ئەوانی دژی نادادپەروەری وەستاونەتەوە، لێرەدا پرسیارێکی تر دێتە پێشەوە: ڕەسەنایەتی ئاستەقینە لە کوێدایە؟
ئایا لەو کەسەدا نیشتەجێیە کە سەرەڕای ئەو کەمەکوژییانەی کە بەرگەی دەگرن، بە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیەوە دڵکەت، یان لەو کەسەدا نیشتەجێیە کە لە یەکەم تاقیکردنەوەدا واز لە نەتەوەی خۆی دەهێنێت؟ ئایا ڕەسەنایەتی بە چەسپاوی پەیوەندی نەتەوەیی کەسێک دەپوورێت، یان تەنها بە پابەندبوونیان بە باوەڕی ئێزیدیەوە؟ ئەمە بە هەموو ڕەزکەوە بە شوێنکەوتووانی دەگوترێت.
ڕەسەنایەتی ئاستەقینە بەو شێوەیە ناپوورێت کە مرۆڤ چەندە بانگەشەی دەکات، نە بە قەرخکارییەکەی لەایەن گروپێکەوە بەسەر گروپێکی تردا. بەڵکو بە ئاستگەیی مرۆڤ بە مێژوو و کولتوور و زمان و پەیوەندی بە کەمەگەکەیەوە دەپوورێت و بە توانای ڕزگرتن لە جیاوازیی ئەوانی دیکە بەبێ ئەوەی نکۆڵی لە بوونیان بکات، پرسیاری هەرە بەرچاو لێرەدا ئەوەیە: ئەگەر لایەنگرانی هەر یەکەک لەو ئایین و باوەڕانەی کە لە نەو کورددا باو بوون، تووشی نادادپەروەری و دەستدرێژی و کەمەکوژی ببن و دواتر لە ئەنجامدا ئینکاری ناسنامەی کوردبوونی خۆیان بکەن، ئایا هیچ کوردێک دەمێنێتەوە؟
ئەم پرسیارە ئەوەمان بە دەردەخات کە کارەساتەکان هەرچەندە مەزن بن، نابێت ببنە هەکارێک بۆ لەناوبردنی پەیوەندییە مێژووییەکانی نەوان ئەندامانی یەک کەمەگە، بەڵکو پاڵنەرێک بن بۆ پەداچوونەوە بە هەڵەکانی ڕابردوو و بەهێزکردنی بەهاکانی دادپەروەری و پێکەوەژیان، ناسنامەی نەتەوەیی بەرگێک نییە کە مرۆڤ بۆ ئارەزووی خۆی دایبکەنێت و لەبەری بکات، هەروەها نازناوێکیش نییە کە لەایەن کەسانی دیکەوە ببەخشرێت یان بکڕێت، بەڵکو لوتکەی مێژوویەکی دوور و درێژی زمان و کولتوور و یادەوەری و سەربەخۆییە، ناسنامە تەنها هەڵبژاردنکی زوو تێپەڕ نییە، بەڵکو درێژکراوەی ئەو

ڕەگانەیە کە لە ماوەی درێژخایەندا پێکهاتوون و ئەزموونی باوباپیران و یادەوەرییەکانی نەوەکانی پێشوو لەناو خۆیاندا هەڵدەگرن، بۆیە مامەڵەکردن لەگەڵیدا پێند و هۆشیاریی دەوێت نەک بچووککردنەوە یان دوورخستنەوە.

ئایا مرۆڤ مافی ئەوەی هەیە نەتەوەی خۆی هەڵبژێرێت، هەروەک چۆن بیروباوەڕێکی هەڵدەبژێرێت. ئەمەش پرسیارێکی لەژیکی دەوروژێنێت: ئایا نەتەوەبوون کردەوەیەکی ڕەهای هەڵبژاردنە، یان پەیوەندییەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییە کە مرۆڤ تێیدا لەدایک دەبێت، مەرج نییە ڕەزگرتن لە ئازادی خۆدەربڕینی مرۆڤ بە مانای سڕینەوەی ئەو واقیعە مێژوویی و کۆمەڵایەتییانە بێت کە شوناسەکان لە قاڵب دەدەن، جیاوازییەک هەیە لە نێوان ڕەزگرتن لە هەڵبژاردنی کەسی و پەناسەکردنەوەی چەمکە سەرکییەکان بەبێ پشتبەستن بە پێوەرە ڕووەکی و بابەتییەکان، ئەگەر کەسێک ڕایبگەیەنێت کە بووەتە تورک، فارس، عەرەب، یان هەر نەتەوەیەکی دیکە، ئایا ئێمە ڕاگەیاندنە بەسە بە ئەوەی ببێتە بەشێک لەو مێژوو و زمان و کولتوورەی کە بەدرێژایی چەندان سەدە بە ئەو نەتەوەیە دروست بووە، کە ئێستا خۆیان لەگەڵیدا دەناسێنن؟

ئایا شوناس تەنیا لە ڕەگەی ئارەزووی کەسییەوە دەگەڕێت، یان توخمگەلێکی بابەتیی هەن کە ناتوانرێت پشتگوێ بخرێن، ئازادی هەزر و دەربڕین لەسەر بنەمای بانگەشە نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای کۆمەڵێک پەیوەندی مێژوویی و کولتووری و کۆمەڵایەتییە کە بە تێپەڕبوونی کات کۆکەر دەبن، لە هەمانکاتدا جێخت لەسەر ڕەزگرتن لە تاک و مافی دەربڕینی ناسنامەی خۆیان دەکەنەوە کە خۆیان دەیبینن. ڕەزگرتن لە مافی تاکەکان بە پەناسەکردنی خۆیان، ڕەگەری ناکات لە باسکردنی خودی چەمکی ناسیونالیزم، هەروەها ڕەگەری ناکات لە پرسیارکردن لە سنووردارکانی نێوان سەربەخۆیی کەسی و مێژوویی. دیالێگ سەبارەت بە شوناس نابێت بچێتە ناو ململانێ لە نێوان ئێندامانی یەک نەتەوەدا، بەڵکو دەبێت ئامرازێک بێت بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنێکی قووڵتر لە خودی دەستجەمعی و دەزگەوەی فەرمولێک کە جیاوازیی هەمووان لە چوارچێوەی ڕەزگرتنی یەکتردا بپارێزێت.

لە کۆتاییدا بۆ ئەی من ئێم جۆرە کەشانەی وێک هەڵگەڕانەوە و حاشاکردن لە زمان و ناسنامەی نەتەوە وێک گرووپێک لە ئەزیدی و شەبەک دەیکەن، دەبێت ئیحتیوا بکرێت نێک بە تووندوتیژی وەڵام بدرێتەوە، بە ئەوەی دەست بەسەر مافی هیچ کەسێکدا بگرین بە دەربڕینی ناسنامەی خۆی، بەڵکو داوای گفتوگۆیەکی عەقڵانی بکەین کە خۆی لەو پەلەنکردنانە بە دوور بگرێت کە ئایین دەکاتە پێوەر بە ڕەسەنایەتی نەتەوەیی خۆی، چونکە ئەمە ناداپروەرییە بەرامبەر بە

خەڵکی دیکە و دەستوەردانی ئایین بە بابەتێک کە لە بنەڕەتدا جیاوازە لە ئیمان.
دواجار ڕزگرتن لە هزرین و هەوەستی بەشێک لە ئزیدییەکان و گرووپەکانی دیکە بە کەمکردنەوەی پگەی ئەوان یان پرسیارکردن لە ناسنامەکەیان نیشان نادرێت، بەڵکو بە یەکترناسینی ئەوەی کە فرەچەشنی ئایینی و کولتووری لەناو یەک کەمەگەدا دەتوانێت سەرچاوەی دەوڵەمەندی و بەهێزی بێت، نەک هەکارێک بە دووبەرەکی و ناتەبایی. ئەگەر هەموو ئەندامانی گەلەک خاک و زمان و مێژوو و ئازار و قوربانیدانیان هاوبەش بووبێت، ئەوا ئەم مێژووە هاوبەشە دەبێت سەرچاوەی یەکەیزی بێت نەک دابەشبوون و دیالۆگ لەسەر بنەمای ئارگیومێنتی عەقڵانی نەک تەمەتبارکردن و لەسەر لێژیک بێت نەک هەست و سۆز.
ئەو گەلانەی ڕۆژ لە مێژووی خۆیان دەگرن، ئەو گەلانەن کە دەتوانن ڕووبەڕووی ئێستای خۆیان ببنەوە و داهاتوویان لە قاڵب بدەن، گۆڕینی جیاوازییە ناوخۆییەکان بە ئامرازی دابەشبوون تەنیا خزمەت بە دوژمنانی پێکەوەژیان و سەقامگیری دەکات، ئەو پێوەندییانەش لاواز دەکات کە کەمەگەکەیان لە سەرانسەری نەوکاندا بەردەوام کردووە.

دژبەرەکانی زمانی کوردی-2- .. فرەیدوون سامان

بەشی دووەم..

زمان بە یەکێک لە پایە گرنگەکانی ناسنامەی نەتەوەیی دادەنرێت. بەیە بە هەرشکردنە سەر زمانی کوردی، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەرش کردنە سەر خودی شوناسی نەتەوەیی، ئەمەش لە ڕەچاوکردنی سیاسییەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەو سنوورە سیاسیانەی کە کوردستانیان دابەش کردووە بەسەر چوار وڵاتدا، ئەم سنوورانە بەهەی هەلومەرجی مێژووییو کۆلۆنیالیزمەوە سەپندراون، پێوەندی زمانەوانی و کارلێکی ڕاستەوخۆی نێوان کورد لە پارچە جیاجیاکانی کوردستان سنووردار کردووە، ئەمە هەکارێکی بنەڕەتییە بە نەتوانینی کورد لە زاڵبوون

بەسەر هەموو زارەکانیدا. هەر جارە هەوڵدانێک بۆ گۆڕینی پێڕەوێکی پەروەردەیی وەک ئامرازێک بۆ دووبارە نووسینەوەی مێژوو و هەڵوەشاندنەوەی زمانی کوردی، کە لەسەر بنەمای ئاستگرتنی لەگەڵ مێژووی نەتەوەکەماندا بنیات نراون، نەک لەسەر داهێنانی ناوی نوێ بۆ خزمەتکردنی ئامانجەندا سیاسییە کاتییەکان، لە ئەنجامدا خزمەت بە ئامانجیندای داگیرکەرانی کوردستان دەکەن، بۆ نموونە: ماوەیەکە باس لە زمانی ئێزیدی و خوێندن بە زمانی ئێزیدی دەکرێت، لە ئاستیدا کەس ناڕازایەتی نییە بەرامبەر بە کردنەوەی قوتابخانە یان دامەزراوەیەکی پەروەردەیی، بە خوشک و برا ئێزیدییەکانمان، بەڵکو ئەمە بە زاروورەتێکی کەلتووری و نەتەوەییشی دەزانم، بەڵام گوتنی ئەوەی کە "یەکەم قوتابخانەی زمانی ئێزیدی" کرایەوە، بە ئەی من ئەوەندەی دەستکەوت نییە، بەڵکو ساختەکردنی مێژووی نەتەوەکەمانە، چونکە ئێزیدی ئایینێکی دێرینی کوردستانە، زمانەکەشیان سەر بە زاری کرمانجییە، واتە زمانێکی سەربەخۆ نییە، بەپێی ئەوەی لە توێژینەوە زمانەوانییدا ناسراوە، سەبارەت بە زمانی زارینەی ئێزیدییەکان بە درێژایی مێژوو، هەر زمانی کوردی-زاری کرمانجی بووە، کە تێیدا میراتی ئایینی و کولتووری ئێزیدییەکان نەوە لە دوای نەوە پارێزراوە، جا ئەگەر زمانێکی سەربەخۆی ئێزیدی هەبووبێت، کەواتە کتێبە مێژوویییەکانیان لە کوێن و کوا یاسا زمانەوانییەکانی؟ لە کوێ میراتی نووسراوەکەی کە بە درێژایی سەدەکان درێژ بووەتەوە، بەچی دەقە ئایینی و میراتی زارەکی ئێزیدی بە زاری کرمانجی پارێزراون؟

لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، بە هاندانی پارتی ناسیونالیستی دەسەڵاتدار لە ئەرمەنستان، بەشێک لە کوردانی ئێزیدی لەناکاو ئەو بیرکۆیانە پەرەپێدا، کە گەلێکی سەربەخۆن و هیچ پێوەندییەکیان بە کوردەوە نییە، تەنانەت کوردیان بە دوژمنی سەرسەختی ئێزیدییەکان دەزانی و کوردستانیان بە تابو دەزانی، باشووری کوردستانیان بە "باکوری عێراق" و باکووری کوردستانیان بە "ڕۆژئاوای ئەرمینیا" ناودەبرد، ئەم بیرکۆیە لایەن ناسیونالیستە ئەرمەنییەکان و بەشێک لە ئێندامانی پەرلەمانی ئەرمەنستان و هەندێک نووسەر و ئەکادیمی ئەرمەنستانەوە پشتیوانی لێکرا. ڕۆژانە پێخشی ڕادیۆیی ٣٠ خولەکی تایبەت بە سووکایەتی کردن بە کورد و کوردستانیان پەخشدرا و جێختیان لەوە دەکردەوە کە ئێزیدییەکان گەلێکی سەربەخۆن و کوردنین، کورد دوژمنی هەردوو گەلی ئێزیدی و ئەرمەنن. تەنانەت ئەوەندەش ڕەیشتن کە بانگەشەی ئەوە بکەن کە زمانی کوردی نییە، تەنیا زمانێکی ئێزیدییە.

لە ساڵی١٩٨٩ بەشی ئاماری ئەرمەنستان ڕایگەیاند کە ئێزیدییەکان

گەلێکی جیاوازن لە کورد و هیچ پەیوەندییەکیان بە نەتەوەی کوردەوە نییە. پەرلەمانی ئەرمەنستانیش دانی بە زمانی ئێزیدیدا نا و دەستی کرد بە چاپکردنی کتێبی خوێندن بە زمانی ئێزیدی و بە شێوەیەکی موجیز، زمانی کوردی بوو بە زمانی ئێزیدی. ئەو کوردە ئێزیدییانەی دژایەتی ئەو بڕمانییانەیان دەکرد، کەوتنە بەر هەرشی جێستایی. لەوانەش ئەکادیمیستەکان شاکر خدە و کارلین چاچان و ئەوانی تر لەلایەن ئەم گروپەوە لێیاندرا بەهەی ئەوەی "ایانگیاند "ئەمە کوردی ئێزیدین ". تەنانەت هەرشیان کردە سەر کەسایەتییە ئایینییە ئێزیدییەکان و میر تەحسینیان بە خائین ناساند، بەهەی پەداگری لەسەر کورد بوونی ئێزیدییەکان، ئەم ئێزیدییە نوێیانە پاپشتی سەرکردایەتی سیاسی ئەرمەنیان هەیە. بە نموونە کاتێک پترۆسیان سەرکەماری ئەرمینیا بە بەشداری کردن لە پرسی تورگوت ئۆزال سەردانی تورکیای کرد، بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند، "لە ئەرمینیا کورد نییە؛ ئێزیدی هەیە، ئەوانیش کورد نین".
ئەوەی گرنگە لە سەرتاوە جەخت لەوە بکەینەوە کە ئەم جۆرە پرسە زمانەوانییانە پەیوەستیان بە خوێندنەوەیەکی بابەتییانە هەیە، نەک سۆزدارانە و دوور لە سادەکردنەوەیان حوکمدانی نادادپەروەرانە، چونکە زمان لە جۆهەرەکیدا، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزە، کە مێژوو و کولتوور و سیاسەت تێکەڵە دەکات و ئەمەش وای کردووە ئەم باسە لە ڕادەبەدەر گرنگ بێت، بەتایبەت کاتێک باس لە ناسنامەی پێکهاتەیەکی کۆمەڵگەی کوردستان و سیستەمی زمانەوانییان دەکرێت.
دیاردەی ناساندنی پرسی ئێزیدییەکان وەک نەتەوە و ناساندنی زارەکییان وەک زمان(زمانی ئێزیکی)، جگەلە پیلانێکی قێزەونی ناحەزانی نەتەوەکەمان، پرسێکی تازەش نییە و ساڵانێکی زۆرە لەلایەت ناسیۆنالیستی تورک و عەرەب و ئەرمەنەوە کاری بە دەکرێت.
بەشێوەیەکی گشتی گەلان لە کاتی دامەزراندنی دەوڵەتەکانیاندا بەربەڵاوترین زارەکانیان لەبەرچاو دەگرن، وەک زمانی ستاندارد وەریاندەگرن، کە دواتر بە زمانی فەرمی دەوڵەت دەناسرێن، بەڵام ئەم شێوەزارانە، لە جۆهەردا بەشێک لە سیستەمی فراوانتری زارەکانن و یەک زماندا دەمێننەوە، نەک بە تەواوی بوونێکی جیاواز، ئەم شێوازە لە زۆربەی ئەزموونە زمانەوانییەکان لە سەرانسەری دنیادا دووبارە دەبێتەوە، ئەمەش پشتڕاستی دەکاتەوە کە ئەوەی لە دەزی زمانی کوردیدا ڕووەدات، هەڵاوێر نییە، بەڵکو یاسایەکی گشتییە کە بە هەموو گەلان کاری پێدەکرێت.
بەگومان ئەگەر کورد دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دامەزراندبا، لە نموونەی گەلانی دیکەی جیهان و بەرفراوانترین زاری خۆی هەڵدەبژارد، وەک زمانی ستاندارد، هەبەتە دوای پاککردنەوەی لە وشەو زاراوە

بیانییەکان، ئەمەش لەسەر بنەمای ئەو زانیارییە بەرفراوانەی وشەسازیی کوردی کە لە فەرهەنگە کوردییەکاندا دەبینرێن. پاشان ئەم زاراوە لە دامەزراوە دەوڵەتییەکان، قوتابخانەکان، زانکۆکان و لە بڵاوکراوەکردنی بەرهەمە هزرییەکانیاندا بەکاردەهێنرێن. دواتر پێیان دەڵێن زمانی فەرمی، هەروەک چۆن گۆلانی دیکەی ناوچەکە و جیهان کردوویانە.
ئەمە جۆرێک سروشتی و لۆژیکییە بۆ وەرگرتنی یەکێک لە زارەکانی وەک زمانی ستاندارد و فەرمی خۆی، گۆلان بۆ زۆری لە کاتی بنیاتنانی دەوڵەتە مەدەرنەکانیاندا دەیکەن، کە پێویستیان بە زمانێکی یەکگرتوو هەیە بۆ ئیدارە و پەروەردەو فەرکردن، بەڵام ئەمە بۆ واتایە نییە کە ئەوان بە زمانێکی نوێ هاتوون کە ئەوانی بۆ زاری دیکە قسەیان دەکرد نەیاندەتوانی لێی تێبگەن. ئەمەش بۆ واتایە کە ئەگەر ئەمە ماموستا لەگەڵ بەربەاوترین شێوەزاری کوردی بکەین، بەمان دەردەکەوێت کە گۆلی کورد خاوەنی هەموو توخمێکی پێویستە بۆ ئەوەی زمانێکی کوردی ستانداردی هەبێت، کە بتوانێت هەموو کورد یەکبخات و وەک زمانی هاوبەشی خۆی خزمەت بکات. ئەو بەربەستەی لە ئەستادا دێگری لە کورد دەکات بۆ گەیشتن بەم کارە سیاسییە، نەک زمانەوانی، زمانی کوردی زمانێکی بەهێز و دەوڵەمەندە و چەندان زار و شێوەزاری هەیە.
ئاشکرایە کە هەزی هەر زمانێک تەنیا بە ژمارەی ئاخێوەرەکانی ناپێورێت، بەڵکو بە توانای بەرهەمهێنانی مەعریفە و پانایی وشەسازییەکەی و هەمەجۆریی پێکهاتە ناوخۆییەکەی، جگە لە توانای گونجاندنی لەگەڵ زانستە مەدەرنەکاندا، زمانی کوردی دەوڵەمەندە بە وشەسازی، نەرم و نیان و خاوەنی میکانیزمی دروستکردنی وشەی نوێ، کە لە خودی جەوهەر و ڕەحی زمانەکەوە وەرگیراوە، وەک زمانێکی ئۆگلۆتیناتیق پڕڵێن دەکرێت، وەک زمانی ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی و ئەوانی تر، واتە زەرجار دوو وشە کە دەکرێنەوە و وشەیەکی نوێ بە مانایەکی نوێ پێکدەهێنن. زمانی کوردی خاوەنی ئەم توانایەیە کە هاوسەنگ بێت لەگەڵ زاراوەی مەدەرنی ڕۆژئاوایی کە بە وەسفکردنی داهێنان و دەزینەوەکان بەکاردێت.
جیاوازی شێوەزارەکان دیاردەیەکی سروشتییە و کاریگەری لەسەر یەکگرتوویی زمان و یەکیتی نەتەوەیی نییە، ئەگەر جیاوازی زەر لە وشەسازی لە نێوان ناوچەیەکی تردا بدەزینەوە، ئەمە بۆ مانایە نییە کە کورد لە ناوچەیەکدا بە زمانێکی جیاواز قسە دەکەن، جیاوازە لەو زمانەی کە کورد لە ناوچەیەکی دیکەدا قسەی پێدەکات، ئەم جۆرە ئارگیومێنتە یان دەرئەنجامە لە ئادەبدەر بەمانایە و یان لە نەزانییەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەو کەسە لە جیاوازیی نێوان

زمانێک و زارێک تێناگات، یان لە هاوڕێکی بە مەبەست بە تێکدانی خودی زمانی کوردی و گومان خستنە سەر بوونی زمانی کوردی. جیاوازییە بڕچاوەکانی بەکارهێنانی وشەسازیی دیارکراو لە ناوچەیەکی کوردییەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە، دەرخەری دراوەمەندی و فرەچەشنی زمانی کوردییە، هەر ناوچەیەک خاوەنی وشەسازی تایبەتی خۆیەتی، جیای دەکاتەوە لە دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکانی دیکە، لەگەڵ ئاوەشدا لە چوارچێوەی یەک زماندا دەمێنێتەوە و لە زمانی هاوسێنی کوردییەوە لک و پۆپ دەکات. زمان سەرچاوەیە، زارەکانیش لک و پۆپن.
ئەم فرەچەشنییە لە شوێنزارەکاندا، لە واقیعدا، لاوازی نییە، بەڵکو هێزێکە بۆ زمانەکەمان، چونکە هەنگدانەوەی زیندوویی و دراوەمەندی و فرەچەشنی زمانە، توانای بڕگەگرتنی لە سەرانسەری جوگرافیایەکی فراوان و لە ژێر بارودۆخی سیاسیی جیاواز و ئاڵۆزدا. بەیە بەمان دەردەکەوێت کە وشەسازیی کوردی بەسەر هەموو ناوچەکانی کوردستاندا دابەش بووە، ئەگەر لە یەک ناوچەدا قەتیس بوایە، بەشێکی زۆری دراوەمەندی خۆی لەدەست دەدا و بەشێکی زۆری بە تەپڵەبوونی کات نەدەما. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە دانیشتوانی ئەو ناوچەیە نەیاندەتوانی هەموو وشەسازییەکانی ناو فەرهەنگی کوردی بەکاربهێنن؛ بەڵکو شێوازێکی تایبەتی وشەیان هەڵدەبژارد و ئەوانی دیکەیان بەجێدەهێشت، کە دواتر لەگەڵ بەسەرچوونی کاتدا کاڵ دەبوونەوە و نەدەما.
دابەشبوونی جوگرافی و هەروەها دابەشبوونی کتێبخانەی زمانەوانی بەرفراوانی کوردی لە سەرانسەری هەموو ناوچەکانی کوردستاندا، بەشداری کردووە لە پاراستنی ئەم میراتە زمانەوانییە دراوەمەند و بەرفراوانە. سەرەڕای ئەو سیاسەت و شێوە تایبەتانەی کە زمانی کوردییان کردە ئامانج، ئەو قەناغانەی کە بەکارهێنانی قەدەغەکرابوو و سەرەڕای هەمەتەکانی شێواندن و ئینکاری، هەر وەک زمانێکی زیندوو و بەهێز دەمێنێتەوە، ئەمە خۆی لە خۆیدا بەڵگەیە لەسەر توانای مانەوە و بڕگەگرتن و ئەوەی کە زمانێکە بڕگەی لەناوچوون دەگرێ. تەنانەت ئەو کەسانەش بە شێوازانی دەروونی و دوور لە میتۆدێکی زانستی ڕەخنە لە هەوڵی زمانناسانی کورد دەگرن، هەوڵەکانیان دەچێتە خانەی خزمەت بە ئاجێندای داگیرکەرانی نەتەوەکەمان.

فەرهێدوون سامان

دژبەرەکانی زمانی کوردی.. فەرهێدوون سامان

تێبینی: ئەم توێژینەوەیە ئاستەوخۆ لە سەنتەری کەمالیاتی کۆیانی شاری سلێمانی لە ڕێژی سێشەممە، ڕێکەوتی ١٦/٦/٢٠٢٦ پێشکێشکرا.
دەتوانین ئاماژە بە دوو هەکاری سەرەکی دژبەرەکانی زمانی کوردی بکەین، یەکەمیان هەکارەکانی دەرەوە کە بریتین لە هەکاری سرووستی-جوگرافی، هەکاری سیاسی و ئایدەلۆژی، هەروەها هەکارە یاسایی و دەستوورییەکان، کە کاریگەرییان لەسەر گۆڕانکاری دیمۆگرافی و جینۆسایدی کولتووری ناسنامەو زمانی کوردیدا هەبووە.
هەکارە ناوخۆییەکانیش بریتین لە نەبوونی یەکێتی نەتەوەیی و هەبوونی فرە زار و فرە پێکهاتەی کەمەگەی کوردستان و هەروەها دژگوتاری ئایینی و مەزهەبی، خەمساردی دژگە کولتوورییەکانی حکومەت و نزمی ئاستی زانستی بەشە کوردییەکانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.
بە ڕای زمانناسی کوردی سۆفیەتی جاران (زارا یوسوبۆڤ ئالینۆڤا) زمانی کوردی لەسەر بنەمای ئیتنیکی لە دوو زاری سەرەکی(کورمانجی و گۆران) پێکهاتووە، واتە کرمانجی ژووروو و کرمانجی ژێری بە بنزارەکانیانەوە، زاری گۆران(زازاکی- هەورامی، بە بنزارەکانی شەبەک و باجەلان و زەنگنە..تد)، بەڵام بە ڕای زانایەکی کوردی فەیلی وەک د.ئیسماعیل قەمەندار کە ئەندامی ئەکادیمیای زانستی فرەنسایە، نووسەری کتێبی(زارە کوردییەکانی خوارین- اللهجات الكوردية الجنوبية)ە، ئەو زارەکانی(لەک و لوە و کەهوور و گەروسی..تد)، بە کەمەگەی سێیەمی زارە کوردییەکان دەناسێنێت، مخابن ئەو زارە هەسانە کوردییانە لە بەشەکانی کوردستاندا، سەبارەت بە زەر هەکاری ئایدەلۆژی و سیاسی کە پێشتر ئاماژەم پێکردوون، دووچاری نکۆڵی لێکردن و هەڕەمەتی جینۆسایدی کولتووری هاتوون، ئەویش لە ڕێی قەدەغەکردنی قسەپێکردن و نەخوێندنی لە بوارێیلی پەروەردە و فێرکردندا، لەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا بەشکراوە، ساڵانەش بوودجەیەکی قەبەیان بە پلان و بەرنامەڕێژی کردنی ئاسمیلەکردنی ئەو زارە کوردییانە تەرخان کردووە، تەنانەت چەندان نووسەر و زمانناسی ئەکادیمی لە خودی ئەو

خەڵکانیان هانداوە بۆ ئاوەژووکردنەوەو کتێبخانەیان لەسەر جیاوازی و سەربەخۆیی ئاو زارانە بە چاپ بگەیەنن و بانگەشەی ئاوەژووکردنەوەی بکەن کە زارەکانیان زمانی سەربەخۆن و کوردی نین.
کاتێک کۆمەڵگەیەک پێدەزانێ زمانەکەی لە مەترسی لەناوچووندایە، دەتوانێ تێکۆشانەکانی بەدەر لە ئایدۆلۆژیای سیاسی و حیزبایەتی و ناوچەگەرایەنی بکاتە یەک و هەنگاوی ئاوەتەوە هەبێنێت کە بە ڕاستی بکرێ زمانەکەی ببژێنێتەوە، بە سەرکەوتن لەو کارەشدا هەبێت هەموو خەباتێک دەبێ بە ئاوایەکی نەتەوەپەروەرانە دروست بکرێ، واتە تاک و کەسی کۆمەڵگەکە خەی دەبێت ویستی ڕزگارکردنی زمانەکەی هەبێت، واتە ئاو کولتوورەی کە پارچەیەک پێویستی بێو هەیە کە ڕۆژی زمانەکەی خەی بگرێت، ئاو کارەش دەرفەت و دەرەتانی مادی و مەعنەوی و میدیایی پێویستە، دیارە پێویستی بە هەبوونی زمانناسانیش هەیە، کە بە ئەرکی سەرەتایی گردەوەکەیی و بە بڕگەیی کردنی زمانانەوە خەریک بن.
د.فوئاد حەمە خورشید لە پێشەکی کتێبی(زمان و زارە کوردییەکان)یدا دەڵێت: لەم سەردەمەدا زمانی کوردی لە نێو باهۆزی بە جیهانیبوون و سەدەی مردنی زمانەکان و بادەستی زمانی ئینگلیزیدا، بە ڕەوەکی سەخت و پە لە کێشە و هەڕەشەت تێدەپەڕێت. ئەم زمانە بە درێژایی مێژوو هەر بە زیندوویی ماوەتەوە، ئەمە هەر چەندە لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا لە لایەن دەوڵەتە ناسیۆنالیستەکانی تورکیا و ئێران و عیراق و سووریاوە زۆر بە توندی نکۆلی لە کراوە و بە زۆر شێواز هەوڵی لەناوبردنی دراوە، مەگەر تەنها لە بەشەکی کوردستاندا کە باشووری کوردستانە، دوای خەباتێکی بوچان و قوربانییەکی زۆر، ئازادیی بەکارهێنانی بە ڕەخساو هەتا ڕادەیەکی بەرچاویش گەشەی کردووە.
لە کوردستاندا کە پتر لە سی و چوار ساڵە خاوەنی حکومەت و دەیان دەزگەی تەژنەوو ناوەندی کەلتوورین، تا ئێستا وەکو پێویست بە شێوەیەکی زانستی تەژینەوە لەسەر ئەم زارە کوردییانە نەکراوە، کە گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی ئەدەبی زارەکییش لە نێو زارەکاندا هەیە و بە میتۆدێکی زانستی کۆنکراوەتەوە، ئەمە ئەم گەنجینە ئەدەبییە لەبەردەم مەترسی لەناوچووندایە، ئەمە لە کاتێکدا ئەمە لە سەردەمی کۆکردنەوەی زانیاریداین و تەکنەلۆجیایەکی پێشکەوتووی تەمارکردن و نەخشەسازیمان لەبەردەستدایە، کەچی تا ئێستا ئەتەسی زارەکانمان نییەو ناشزانین ژمارەی ئاخێوەری زارەکانیشمان چەندن، نەک هەر زارەکان، بەکو هەتا ئێستا نازانین لەسەر نەخشە جوگرافیای زمانی کوردی لە کوێوە هەتا کوێ درێژ دەبێتەوە، هەندێک تەژەری کورد بە کاریگەری هەندێک لە ڕەڕەهەناس و کوردناسە ئەوروپییەکان گومان

لە ناسنامەی کوردبوونی زمان و ناسنامەی لوە و لەک و زازا و هەورامیەکان دەکەن، چاوەڕێ دەکەن ئەوان بە ئەمە بڵێن ئەم زارە کوردیە و ئەو شێوەزارە کوردی نیە، ئەوان بە ئەمە بڵێن کە زمانی کوردی چەندان زاری هەیە، ئەوسا ئەمەش بە خۆشحاڵییەوە بڵێین ئەدی ئەوە نیە ئەوروپییەکان دەڵێن ئەوانە کوردن، کەواتە ئەوانە زاری کوردیین، ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کە ئەمە بە خەمان لە زارەکانی کوردی بکەینەوە و لەسەر بنەڕەتی مێژووی گۆشەکردنی زمانی کوردی و بنەماکانی زمانەوانی نوێ ناسنامەیان دیار بکەین، هەروەها دابەشکردنێکی سەردەمییانە بە زارەکان بکەین و نەخشەی ورد و زانستییانەیان بۆ بکێشین.

ئایا زمانی کوردی هەشتا لە سنووری مان و نەمان دایە؟

ئەڕە زمانی کوردی ئەو سنوورەی بڕەو پانتاییەکانی ژیانی هەمیشەیی بەزاندووە و مەترسیە سەرکیەکانی سەر ئەم زمانە لە سەردەمی گلۆباڵ و تەکنەلۆژیای زانیاریدا کامانەن، چۆن دەتوانین زمانی کوردی لەم مەترسییانە دوور بخەینەوە و هاوکاتیش بڕۆ و گۆشەکردن و بەخشینی توانای هووبوونەوە لەگەڵ تایبەتمەندیە نوێیەکانی سەردەمی ببەین و لە باری فورم و ناوەکۆ دەوڵەمەندتری بکەین، چۆن دەتوانین بارودۆخ و توانستەکانی ئەم زمانە بە هووبوونەوە لەگەڵ زانست و دیاردە مودێرنەکاندا فراوانتر بکەین، بە گومان چ زمان بە خانەی هەستیی بزانین یان بە ئامرازی پەوەندیی نێوان مرۆڤەکان، چ بە دیاردەیەکی مێژوویی دابنێین یان وەکوو سیستەمێک لە نیشانەکان بیبینین و بە شێوەیەکی هەنووکەیی سەیری بکەین، ناتوانین خەمان لەم ڕاستییە بشارینەوە کە زمان و هزری مرۆڤ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ گرێدراوی یەکترن، بە واتایەکی دیکە زمان ئامرازی هزرکردنە و هزریش بنەمای زمانە.

زمانی کوردی و گوتاری ناسیۆنالیزم

هزری نەتەوەیی، کەڕەکەی سەرکی ڕزگارکردنی ئەم زمانەیە، کە لە ژێر پەنجە نەگریسەکانی سیاسەتی کولتووریی ئەو دەسەاتە پاوانخوازانەی کە سەردەمانێک خەونیان بە دروستکردنی یەک نەتەوە و یەکزمان دەبینی. بەڵام ئێستاکە بە ئاشکرا و بە تەواوی پێکەری ئەم ئاواتە نامرۆڤانەیان ڕووخاوە، ئەم حکومەتانە بە ناچاری ئاراستەی سیاسەتەکەیان گۆڕیوە بە سیاسەتی برایەتی ڕەواتیی و ڕازی کردنی ڕووکەشیانە، پێیان خۆش بێت یان نا، ئێستە زمانی کوردی یەکەکە لەو زمانە زیندووانەی کە تەنانەت لە غیابی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیشدا ڕووبەرێکی سیاسی و کولتووریی بەرین و بەرفراوانی هەیە.

ئەوەی لە ڕێگەی نیگەرانییە ئەوێیە کە دەرکەوتە ئایدیۆلۆژیکەکەی گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، هەشتا قۆناغێتی بەم وەرچەرخانە مێژوویییە نەهێناوە و هەر لە ڕەهەندی دووانەی مەرگ و ژیانەوە مێژی زمانی کوردی دەکات، بەم پێیەش تا ئادیەکی زۆر ئێگەر و دەخەکانی گۆشەی زانستیی لێوەرگرتنەوە و ڕێگەی بە هەر چەشنە دەستەوەردانێکی نازانستیی خۆش کردووە؛ ئەو دەستەوەردانەی کە بە دروشمی ڕەسەنایەتی و پاراستن و دەوڵەمەندکردنی زمان و کتێبخانەی کوردی پاساو دەدرێن، بە گشتیی دوو گرووپ خاوەندارێتی ئەم دەستێوەردانە ئایدیۆلۆژیک و نازانستییە دەکەن:
یەکەم- ئەوانەی تا ئێستەش ئاگاداری ئەم ڕاستییە نین و بە شێوازەکانی ڕابردوو هەشتا هەر پاراستنی زمان بە ئەرکی خۆیان دەزانن.
دووەم- ئەوانەی بە تەواوی ئاگادارن، بەڵام ئەم دەخۆیان پێخەشترە و شکڵی دەستکرد و نانی خۆ هەڵواسین بەم زمانەدا بە ئاسانی ڕادەستی پرسێی بە پسپۆڕیی بوون و زانستیی کردنەوەی زمانی کوردی ناکەن، بە داخەوە نموونەیان کەم نییە ئەوانەی کە هەرچەند توانستی وەزیفی و دارایییان قەرخکردووە، هەشتا گرفتی سەرکییان لە نووسینی کوردیدا هەیە، کتێبی فەرکاریی زمانی کوردی بەاودەکەنەوە.
بە ئایدیۆلۆژیی کردن یەکێکە لەو مەترسییانەی دەتوانێت پەوەندیی ڕاستەوخۆی نێوان زمان و هزر تووشی دابەزان بکات، ئایدیۆلۆژی وەکوو دەزگەیەکی هزریی سیاسیی پشتر داڕێژراو و بە پیرۆزکراو، ئاراستەی گۆشەی زانستیی زمان دەگۆڕێت و سیستەمێکی چەقبەستوو لە نیشانەکان بەرهەم دەهێنێت، کە دەروازەکانی زمان لەسەر گۆشەکردن و نوێبوونەوە دادەخات، لە ساتەوەختەکدا بە دووپات بوونەوەی دروشمگەلی وەکوو "هەرچی بێت هەر کوردی بێت" زمان دەبەتە بەستەنی تەراتێنی ناشارەزایی و لە ئەنجامدا دەقی لاواز و نزمێک بەرهەم دەهێنێت. بە نموونە دوای ڕاپەڕین و لە ژێر کاریگەریی ململانێی سیاسیی و ئابووریی و فەرهەنگیی نێوان حیزبەکانی باشووری کوردستاندا کە بوو بە هۆی هەڵتەقانی دێیان زانکۆی ئەهلی و بەخشینی سەدان بڕوانامەی باڵاو دامەزراندنی دێیان مامۆستای زانکۆی بە بەهرە و بوونی چەندان دەزگە و ڕێکخراو بە زمان و کەلتووری کوردی، دیاردەی وەرگێڕانێکی بە لێشاو هەموو ڕووبەری زمان و هزری داگیر کرد، کە بە داخەوە لە غیابی میکانیزمی زانستیی و چاودێریی پەویستدا تا ئێستەش بەردەوام و خراپترین شێوە تێنیوەتەوە. ڕاستییەکی تاڵ کە بووەتە هۆی زمانبەزیی بەشکی بەرچاو لە خوێنەران و هەگرانی زمانی کوردی.

(بەشی دووەم)

هەر جارە هەوڵدانێک بۆ گۆڕینی پێناسەیەکی پەروەردەیی وەک ئامرازێک بۆ دووبارە نووسینەوەی مێژوو و هەڵوەشاندنەوەی زمانی کوردی، کە لەسەر بنەمای استگەیی لەگەڵ مێژووی نەتەوەکەماندا بنیات نراون، نەک لەسەر داهێنانی ناوی نوێ بۆ خزمەتکردنی ئامانجەندا سیاسییەکاتییەکان، کە خزمەت بە ئامانجیندای داگیرکەرانی کوردستان دەکەن، بە نموونەی ماوەیەکی باس لە زمانی ئیزیدی و خوێندن بە زمانی ئیزیدی دەکرێت، لە بنەڕەتیدا کەس ناڕازیاتی نییە بەرامبەر بە کردنەوەی قوتابخانەی یان دامەزراوەیەکی پەروەردەیی، بە خوشک و برا ئیزیدییەکانمان، بەڵکو ئەمە بە زەروورەتێکی کەلتوری و نەتەوەیی دەزانم، بەڵام گوتنی ئاوەی کە "یەکەم قوتابخانەی زمانی ئیزیدی" کرایەوە، بە بۆچوونی من ئاوەندی دەستکەوت نییە، بەڵکو ساختەکردنی مێژووی نەتەوەکەمانە، چونکە ئیزیدی ئایینێکی کۆنی کوردستانە، زمانەکەشیان سەر بە زاری کورمانجییە، واتە زمانێکی سەربەخۆ نییە، بەپێی ئاوەی لە توێژینەوە زمانەوانیدا ناسراوە، سەبارەت بە زمانی زارینەی ئیزیدییەکان بە درێژایی مێژوو، هەر زمانی کوردی-زاری کرمانجی بووە، کە تەیدا میراتی ئایینی و کولتووری ئیزیدی نەوە لە دوای نەوە پارێزراوە، جا ئەگەر زمانێکی سەربەخۆی ئیزیدی هەبووبێت، کەواتە کتێبە مێژووییەکانیان لە کوێن؟ کوا یاسا زمانەوانییەکانی؟ لە کوێ میراتی نووسراوەکەی کە بە درێژایی سەدەکان درێژ بووەتەوە، بۆچی دەقە ئایینی و میراتی زارەکی ئیزیدی بە زاری کرمانجی پارێزراو بوون؟ ئیزیدییە نوێیەکان، لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، لە ئەرمێنستان، بۆشک لە کوردانی ئیزیدی لێناکاو و موجیزەیی ئاو بیرکەیەیان پەرپێدا، کە گەلێکی سەربەخۆن و هیچ پێوەندییەکیان بە کوردەوە نییە، تەنانەت کوردیان بە دوژمنی سەرسەختی ئیزیدییەکان دەزانی و کوردستانیان بە تابو دەزانی. باشووری کوردستانیان بە "باکوری عێراق" و بەشی باکووری کوردستانیان بە "ڕۆژئاوای ئەرمینیا" ناوبرد، ئەم بیرکەیە لەلایەن ناسیونالیستە ئەرمەنییەکان و بۆشک لە ئەندامانی پارلەمانی ئەرمەنستان و هەندێک نووسەر و ئەکادیمی ئەرمەنستانەوە پشتیوانی لێکرا. ڕۆژانە پێخشی ڕادیۆیی ٣٠ خولەکی تایبەت بە سووکایەتی کردن بە کورد و کوردستانیان پێدەدرا و جێختیان لەوە دەکردەوە کە ئیزیدییەکان گەلێکی سەربەخۆن و کوردنین و کورد دوژمنی هەردوو گەلی ئیزیدی و ئەرمەنستانن. تەنانەت ئاوەندەش ڕێیشتن کە بانگەشەی ئاوە بکەن کە زمانی کوردی نییە، تەنیا زمانێکی ئیزیدییە.

- لە ساڵی١٩٨٩ بەشی ئامـاری ئەرمەنستان ڕایگەیاند کە ئێزیدییەکان گەلێکی جیاوازن لە کورد و هیچ پەیوەندییەکیان بە کوردەوە نییە. پەرلەمانی ئەرمەنستانیش دانی بە زمانی ئێزیدیدا نا و دەستی کرد بە چاپکردنی کتێبی خوێندن بە زمانی ئێزیدی و بە شێوەیەکی موجیز، زمانی کوردی بوو بە زمانی ئێزیدی. ئەو ئێزیدییانەی دژایەتی ئەو بەمانایانەیان دەکرد، کەوتنە بەر هەرشی جەستەیی. ئەکادیمیستەکان شاکر خدە و کارلین چاچان و ئەوانی تر لەلایەن ئەم گروپەوە لەیاندرا بەهەی ئەوەی ڕایانگەیاند "ئەمەی کوردی ئێزیدین". تەنانەت هەرشیان کردە سەر کەسایەتییە ئایینییە ئێزیدییەکان و میر تەحسینیان بە خائین ناوزەدکرد، بەهەی پەداگری لەسەر کورد بوونی ئێزیدییەکان دەکرد، ئەم ئێزیدییە نوێیانە پاڵپشتی سەرکردایەتی سیاسی ئەرمەنیان هەیە. بە نموونە کاتێک پترۆسیان سەرۆک کۆماری ئەرمینیا بە بەشداری کردن لە پرسی تورگوت ئۆزال سەردانی تورکیای کرد، بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند، "لە ئەرمینیا کورد نییە؛ ئێزیدی هەیە، ئەوانیش کورد نین".
ئەوەی گرنگە لە سەرتاوە جەخت لەوە بکەینەوە کە ئەم جۆرە پرسە زمانەوانییانە پەیوەستیان بە خوێندنەوەیەکی بابەتییانە هەیە، نەک سێزدارانە و دوور لە سادەکردنەوەیان حوکمدانی نادادپەروەرانە، چونکە زمان لە جەوهەرەکەیدا، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزە، کە مێژوو و کولتوور و سیاسەت تێکەڵی دەکات و ئەمەش وای کردووە ئەم باسە لە ئادەبدەر گرنگ بێت، بە تایبەت کاتێک باس لە ناسنامەی پێکهاتەیەکی کۆمەڵگەی کوردستان و سیستەمی زمانەوانییان دەکرێت.
بەیەک دیاردەی ناساندنی پرسی ئێزیدییەکان وەک نەتەوە و ناساندنی زارەکەیان وەک زمان(زمانی ئێزیکی)، جگەلە پیلانێکی قێزەونی ناحەزانی نەتەوەکەمان، پرسێکی تازەش نییە و ساڵانێکی زۆرە لەلایەت ناسیۆنالیستی ئەرمەن و تورک و عەرەبەوە کاری بە دەکرێت.
بەشێوەیەکی گشتی گەلان لە کاتی دامەزراندنی دەوڵەتەکانیاندا بەربەڵاوترین زارەکانیان لەبەرچاو دەگرن، وەک زمانی ستاندارد وەریاندەگرن، کە دواتر بە زمانی فەرمی دەوڵەت دەناسرێن، بەڵام ئەم شێوەزارانە، لە جەوهەردا، بەشێک لە سیستەمی فراوانتری زارە لەناو یەک زماندا دەمێنێنەوە، نەک بە تەواوی بوونەکی جیاواز، ئەم شێوازە لە زۆربەی ئێزموونە زمانەوانییەکان لە سەرانسەری جیهاندا دووبارە دەبێنەوە،

ئەمش پشتڕاستی دەکاتەوە کە ئاوەی لە دەزی زمانی کوردیدا بوونیدات، هاوکار نییە، بەڵکو یاسایەکی گشتییە کە بە هەموو گەلان کاری پێدەکرێت.
ئاگەر ئەمە گەلی کوردیش دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دامەزراندبا، لە نموونەی گەلانی دیکەی جیهان و بەرفراوانترین زاری خۆی هەڵدەبژارد، وەک زمانی ستاندارد، هەبەتە دوای پاککردنەوەی لە وشەو زاراوە بیانییەکان، ئەمش لەسەر بنەمای ئاو زاخیرە بەرفراوانەی وشەسازیی کوردی کە لە فەرهەنگە کوردییەکاندا دەبینرێن. پاشان ئەم زارە لە دامەزراوە دەوڵەتییەکان، قوتابخانەکان، زانکۆکان و لە بڵاگەنامەکردنی بەرهەمە هزرییەکانیاندا بەکاردەهێنرێن. دواتر پێیان دەڵێن زمانی فەرمی کوردی، هەروەک چۆن گەلانی دیکەی ناوچەکە و جیهان کردوویانە.
ئەمە ڕەوی سەروشتی و لۆژیکییە بۆ وەرگرتنی یەکێک لە زارەکانی وەک زمانی ستاندارد و فەرمی خۆی، گەلان بە زۆری لە کاتی بنیاتنانی دەوڵەتە مەدەرنەکانیاندا دەیکەن، کە پێویستیان بە زمانێکی ستانداردی یەکگرتوو هەیە بۆ ئیدارە و پەروەردەو فێرکردن، بەڵام ئەمە بۆ واتایە نییە کە ئاوان بە زمانێکی نوێ هاتوون کە ئاوانی بە زاری دیکە قسەیان دەکرد نەیاندەتوانی لێی تێبگەن. ئەمش بۆ واتایە کە ئاگەر ئەمە ماموستا لەگەڵ بەربەڕاوترین شۆڕزاری کوردی بکەین، بەمان دەردەکەوێت کە گەلی کورد خاوەنی هەموو توخمێکی پێویستە بۆ ئاوەی زمانێکی کوردی ستانداردی هەبێت، کە بتوانێت هەموو کورد یەکبخات و وەک زمانی هاوبەشی خۆی خزمەت بکات. ئاو بەربەستی لە ئەستادا ڕەگری لە کورد دەکات بۆ گەیشتن بەم کارە سیاسییە نەک زمانەوانی، زمانی کوردی زمانێکی بەهێز و دەوڵەمەندە و چەندان زار و شێوەزار و وشەسازی هەیە.
ئاشکرایە کە هەزی هەر زمانێک تەنیا بە ژمارەی ئاخێوەرەکانی ناپەورێت، بەڵکو بە توانای بەرهەمهێنانی مەعریفە و پانایی وشەسازییەکەی و هەمەجۆریی پێکهاتە ناوخۆییەکەی، جگە لە توانای گونجاندنی لەگەڵ زانستە مەدەرنەکاندا، زمانی کوردی دەوڵەمەندە بۆ وشەسازی، نەرم و نیان و خاوەنی میکانیزمی دروستکردنی وشەی نوێ، کە لە خودی جەوهەر و ڕەحی زمانەکەوە وەرگیراوە، وەک زمانێکی ئاگلۆتیناتیف پڕڕێن دەکرێت، وەک زمانی ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی و ئاوانی تر، واتە زەرجار دوو وشە کەدەکرێنەوە و وشەیەکی نوێ بە مانایەکی نوێ

پێکدەهێنن. زمانی کوردی خاوەنی ئەم توانایەیە کە هاوسەنگ بێت لەگەڵ زاراوەی مەدەرنی تەژناوایی کە بە وەسفکردنی داهێنان و دەزینەوەکان بەکاردێت.
زمان بە یەکێک لە پایە گرنگەکانی ناسنامەی نەتەوەیی دادەنرێت. بۆیە بە هەرشکردنە سەر زمانی کوردی، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەرش دەکەنە سەر خودی شوناسی نەتەوەیی و ئەمەش لە چاوکردنی سیاسییەوە سەرچاوە دەگرێت. بەربەستی بابەتیی تریش هەن کە تەگەرن لەوەی کورد شارەزا بێت لە هەموو ئەو وشە زمانەوانییانەی کە لە سەرانسەری کوردستاندا قسەی پێدەکرێن. گرنگترینیان ئەو سنوورە سیاسیانەیە کە کوردستانیان دابەش کردووە بەسەر چوار وڵاتدا، ئەم سنوورانە بەهەی هەلومەرجی مێژوویی و کەلەنیالیزمەوە سەپێندراون، پەیوەندی زمانەوانی و کارلێکی ڕاستەوخۆی نێوان کورد لە پارچە جیاجیاکانی کوردستان سنووردار کردووە، ئەمە فاکتەرێکی بنەڕەتییە بۆ نەتوانینی کورد لە زاڵبوون بەسەر هەموو زارە کوردییەکاندا، جیاوازی شێوەزاری دیاردەیەکی سروشتییە و کاریگەری لەسەر یەکگرتوویی زمان و یەکیتی نەتەوەیی نییە.
ئەگەر جیاوازی زۆر لە وشەسازی لە نێوان ناوچەیەکی تردا بدەزینەوە، ئەمە بەو مانایە نییە کە کورد لە ناوچەیەکدا بە زمانێکی جیاواز قسە دەکەن، جیاوازە لەو زمانەی کە کورد لە ناوچەیەکی دیکەدا قسەی پێدەکات، ئەم جۆرە ئارگیومێنتە یان دەرەنجامە لە ئادەبدەر بەمانایە و یان لە نەزانییەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەو کەسە لە جیاوازیی نێوان زمانێک و زارێک تێناگات یان لە هەوڵێکی بە مەبەست بۆ تێکدانی خودی زمانی کوردی و گومان خستنە سەر بوونی زمانی کوردی. بەڵام جیاوازییە بەرچاوەکانی بەکارهێنانی وشەسازیی دیارکراو لە ناوچەیەکی کوردییەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە، دەرخەری دەوڵەمەندی و فرەچەشنی زمانی کوردییە، هەر ناوچەیەک خاوەنی وشەسازی تایبەتی خۆیەتی، جیای دەکاتەوە لە دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکانی دیکە، لەگەڵ ئەوەشدا لە چوارچێوەی یەک زماندا دەمێنێتەوە و لە زمانی ڕەسەنی کوردییەوە لک و پۆپ دەکات. زمان سەرچاوەیە، زاراوەش لک و پۆپن. ئەم فرەچەشنییە لە شێوەزارەکاندا، لە واقیعدا، لاوازی نییە، بەڵکو هێزێکە بۆ زمانەکەمان، چونکە تەنگدانەوەی زیندوویی و دەوڵەمەندی و فرەچەشنی زمانە، توانای بەرگەگرتنی لە سەرانسەری جوگرافیایەکی فراوان و لە ژێر بارودۆخی سیاسیی جیاواز و ئاڵنگزدا. بۆیە بەمان دەردەکەوێت کە وشەسازیی کوردی بەسەر

هەموو ناوچەکانی کوردستاندا دابەش بووە، ئەگەر لە یەک ناوچەدا قەتیس بوایە، بەشکی زۆری دەوڵەمەندی خۆی لەدەست دەدا و بەشکی زۆری بە تێپەڕبوونی کات نەدەما. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە دانیشتوانی ئەو ناوچەیە نەیاندەتوانی هەموو وشەسازییەکانی ناو فەرهەنگی کوردی بەکاربهێنن؛ بەکو شێوازێکی تایبەتی وشەیان هەبێت و ئەوانی دیکەیان بەجێدەهێشت، کە دواتر لەگەڵ کاتدا کاڵ دەبوونەوە و نەدەما، دابەشبوونی جوگرافی و هەروەها دابەشبوونی کتێبخانەی زمانەوانی بەرفراوانی کوردی لە سەرانسەری هەموو ناوچەکانی کوردستانداء بەشداری کردووە لە پاراستنی ئەم میراتە زمانەوانییە دەوڵەمەند و بەرفراوانە. سەرەڕای ئەو شێوە و سیاستانەی کە زمانی کوردییان کردە ئامانج، و ئەو قەناغانەی کە بەکارهێنانی قەدەغەکرابوون و سەرەڕای هەمەتەکانی شێواندن و ئینکاری، هەر وەک زمانێکی زیندوو و بەهێز دەمێنێتەوە، ئەمە خۆی لە خۆیدا بەڵگەیە لەسەر توانای مانەوە و بەرگەگرتن و ئەوەی کە زمانێک بەرگەی لەناوچوون دەگرێ.

زمانی کوردی خاوەنی دەوڵەمەندی و فرەچەشنییەکە کە وای لەدەکات بتوانێت زمانێکی یەکگرتوو پێکبهێنێت، بە مەرجێک مەرجە مێژوویی و سیاسییە گونجاوەکان جێبەجێ بکرێت، هەروەک چۆن لەگەڵ زمانەکانی دیکەی جیهاندا ڕوویداوە، جگە لەوەش جیاوازییە شێوەزارییەکانی ناو خۆی، یەکێتییەکەی نکۆڵی ناکات، بەڵکو زیندوویی و وشەسازی دەوڵەمەند و قووڵی مێژوویەکەی دووپات دەکاتەوە.

کتێبی "زمان و دەسەڵات".. ڕانانی: فەرێدوون سامان

بەشکە لە بواری زمانناسیی کۆمەڵایەتی

لە سەرەتای سەدەی بیستەمکەوە، جیهان گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە پێکهاتەکانی دەسەڵاتدا بینیوە، لە بزافتی مافەکانی مرۆڤەوە تا سەرهەڵدانی ئایدیۆلۆژیای جەراوجۆری وەک مارکسیزم و فەمینیزم و تەنانەت پارتە ئوسولییەکانیش. ئەم گۆڕانکارییانە کاریگەرییەکی گەورەیان هەبووە لەسەر شێوازی تێگەیشتنی زمان وەک ئامرازێکی پەیوەندی و وەک ئامرازێکی زاڵبوون بەسەر هزرین و هەست و نەستی تاک و جڤاکدا.
بە نموونە هەر لە سەردەمی دوای جەنگی دووەمی جیهانیدا، توێژینەوەی زمانەوانی بە ئامانجی هەنگاونان بەرەو تێگەیشتن لە زمان دەستی پێکرد، نەک تەنها وەک ئامرازێک بۆ دەربڕین، بەڵکو وەک ئامرازێک لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕەنگ بداتەوە و بەرهەم بهێنێتەوە. چونکە بایەخدان بە چەنیەتی کاریگەری زمان لەسەر ناسنامەی کۆمەڵایەتی و سیاسی، بوارێکی نوێی وەک شیکردنەوەی گوتار و تیۆری ڕەخنەیی دروست کرد.
زمان چوارچێوەیەکی تیۆری و میتۆدی بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان دەسەڵات پێشکەش دەکات، تیشک دەخاتە سەر چەنیەتی بەکارهێنانی زمان وەک ئامرازێک بۆ زاڵبوونی کۆمەڵایەتی و کەلتووری، بۆ تێکەڵکردنی تیۆری زمانەوانی و شیکاری کۆمەڵایەتی، هاوکات هەوڵدەدات ئاو میکانیزمانە ئاشکرا بکات کە پەیوەندییەکانی دەسەڵات لە کۆمەڵگادا بەرهەم دەهێنرێن، زمان و دەسەڵات یەکێکە لە کارە پێشەنگەکانی شیکردنەوەی وتاری ڕەخنەیی، چونکە زمان وەک ئامرازێکی پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتدا، وەک ئامرازێکی کۆنتڕۆڵی کۆمەڵایەتی دەبەستێتەوە. دەسەڵاتی زمان لە شیکردنەوەی گوتاری ڕەخنەییدا، پەیوەندی ئاڵۆزی نێوان زمان و پەیوەندییەکانی دەسەڵات لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا دەدەزێتەوە، هاوکات تیشک دەخاتە سەر چەنیەتی بەکارهێنانی زمان وەک ئامرازێک بۆ پاراستن و گۆڕینی دەسەڵات و ڕەنگدانەوەی کاریگەریی قووڵکانی لەسەر تاک و کۆمەڵگادا.
زمان وەک چەمکی دیالۆگ، وەک سەنتەرێکی دەربڕین تاقی دەکاتەوە کە هەندێ کۆمەڵایەتی و سیاسیکان تێیدا تێکەڵ دەبن. ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە زمان تەنها ئامرازی پەیوەندی نییە، بەڵکو ئامرازی زاڵبوون و کاریگەریشە، لە ڕێگای شیکردنەوەی دەق و وتووێژکان، کە چۆن زمان بەکاردێت بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکی نایەکسان لەنێوان تاک و گروپەکاندا و ئامرازی شیکاری پێشکەش دەکات کە یارمەتی خوێنەر دەدات تا تێبگات کە چۆن ماناکان لە ڕێگای زمانەوە دروست دەبن و چۆن ئەم مانایانە دەتوانرێت پێ بکرێن لە ئایدیۆلۆژیای دیارکراو، هەروەها زمان لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و تێکنۆلۆژیاییکان دەدوێت کە کاریگەرییان لەسەر پەیوەندییەکانی

هەز هەبووە و پەیوستە هۆشیارییەکی ڕەخنەگرانە گۆڕی پێبدرێت، کە تاکەکان بتوانن بەرگری لە زاڵبوونی زمانەوانی بکەن. ئەویش لە ڕێگای نمونەی ڕاستەقینە، نیشانی دەدات کە چۆن زمان دەتوانێت لە دەسەڵاتدا ڕەنگ بداتەوە و بەرهەم بهێنێتەوە.
ئەم هەزرینە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە بوارەکانی زمانەوانی و کەمەڵناسیدا، بۆ تێگەیشتنێکی ڕەخنەگرانە لە بەرامبەر زماندا، هەروەها بۆهەڵسەنگاندنی توانای تاکەکان بۆ تێگەیشتن و گۆڕینی پەیوەندییە کەمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای دەسەڵاتدا.
لەم ڕووشەدا زمان و دەسەڵات تێگەیشتنێکی گشتگیر بۆ ڕۆڵی گرنگی زمان لە شێوەی جیهانی کەمەڵایەتی و سیاسی پشکنین دەکات و دەیکاتە کارێکی ئەکادیمی بەنرخ.
لەڕەدا بایەخی زمان و دەسەڵات لە چوارچێوەیەکی مێژوویی ئاماژە دەردەکەوێت، کە تێیدا پەرەسەندنی هزری زمانەوانی لەگەڵ گۆڕانە کەمەڵایەتی و سیاسییەکانی سەدەی بیستەم تێکەڵ دەبێت.
بە نموونە بیرکەکانی ڤێرکلیف* زۆر کاریگەر بوون بە تیۆری ڕەخنەیی کە لە قوتابخانەی فرانکفۆرت پەرەی سەند، کە جەخت لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی کەلتوور و زمان وەک ئامرازی زاڵبوون دەکرا.
ئەم خوێندنگایە هەوڵی ئەوەی دەدا کە چۆن ئایدیەلۆژیاکان کاریگەریان لەسەر هۆشیاری کەمەڵایەتی هەیە و چۆن زمان دەتوانێت ئەم ئایدیەلۆژیایانە بەرز بکاتەوە یان بەرگری بکات. بە تێکەڵکردنی ئەم بیرکانە لەگەڵ چەمکەکانی بونیادگەرایی و پێست ستراکتورالیزم، ڤێرکلیف چوارچێوەیەکی بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان زمان و دەسەڵات پەرەپێدا.
جیهان لە دوایین دەیەکانی سەدەی بیستەم شێوەکی تێکنەلۆژیای بەخۆوە بینی، کە چۆنیەتی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی زانیاری گۆڕی. لەگەڵ هاتنی میدیا و تێکنەلۆژیای دیجیتاڵ، زمان زیاتر لە ئامرازێکی پەیوەندی نێوان تاکەکان، بۆتە ئامرازێکی بەهێز بۆ دروستکردنی ڕای گشتی و بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵات، لەم چوارچێوەیەشدا، زمان و هێز وەک کارێک دەردەکەوێت کە چۆن زمان دەتوانێت ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییە کەلتووری و کەمەڵایەتییەکان بێت کە لە ئەنجامی ئەم گۆڕانانەدا دەردەکەون.
لە هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، چەندان ئایدیەلۆژیای سیاسی سەریان هەڵدا کە زمان وەک ئامرازێک بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتیان بەکاردەهێنا، بۆ شیکردنەوەی گوتاری سیاسی و میدیایی، ڤیرکلیف ئەوە دەردەخات کە چۆن زمان بەکاردەهێنرێت بۆ شێوەی تێگەیشتنی گشتی و بەهێزکردنی ناسنامەی کەمەڵگا، ئەم شیکردنەوەیە سنووردار نییە بۆ چوارچێوەی ڕۆژئاوایی، بەڵکو درێژ دەبێتەوە بۆ

کاریگەرییەکانی جیهانگیری و چەنیەتی کاریگەری لەسەر ناسنامەی کەلتووری ناوخۆییدا.
کتێبی "زمان و دەستەبات" بەتێ سەرچاوەیەکی گرنگ لێ بوارکانی زمانەوانیی و کەمەنناسی و ڕەخنەی ئەدەبیدا. بەشداری کردووە لێ پڕڕپەدانی چەمکی نوێ، سەبارەت بە شیکردنەوەی گوتاری ڕەخنەیی و کاریگەری لەسەر تێگەیشتن لێ پەیوەندییە کەمەلایەتییەکاندا. هەروەها هانی زۆرێک لێ تووژڕانی دا بە دەزینەوەی چەنیەتی بەکارهێنانی زمان وەک ئامرازێک بە بەدەستهێنانی دادپەروەری کەمەلایەتی و بڕڕنگاربوونەوەی زاڵبوون.
کتێبی (زمان و دەستەبات)ی نۆرمان ڤیرکلیف تەوانینکی قووڵ پشکش دەکات سەبارەت بەوەی کە چۆن زمان و دەستەبات لێ چوارچێوەیەکی مێژوویی و کەلتووری ئاڵنزدا یەکتر دەبڕن. بە لێکۆڵینەوە لێم دینامیکیانە، کتێبەکە یارمەتیدەڕ بە تێگەیشتنێکی ڕەخنەگرانە لێ زمان و ڕەی گرنگی لێ شێوەپێدانی جیهانی کەمەلایەتی و سیاسی.
ئەو چوارچێوە مێژوویییەی کە دەوری کتێبەکە دەدات، ڕەنگدانەوەی ئەو ئاستەنگ و بیرکڕیە کە بیری ڕەخنەیی مەدەرنیان پێکهێناوە و جەخت لەسەر بایەخی هەشیاری ڕەخنەیی زمان دەکاتەوە وەک ئامرازێک بە ڕووبەڕووبوونەوەی زاڵبوونی کەمەلایەتی و کەلتووری.
لێ زمان و دەستەباتدا، نۆرمان ڤیرکلیف پەیوەندی نێوان زمان و پەیوەندییەکانی هێز دەکەنتەوە، بەتام هەندێک بیرکەری نێگوتراو بەجێ دەهێنت، کە دەتوانرێت لێ ڕێگای شیکردنەوەکانییەوە هەستی پێبکرێت. ڤیرکلیف، سەرەڕای تەرکیزی لەسەر ڕەی زمان لێ پاراستن و گۆڕینی دەستەباتدا، وا دیارە دیدوێت بایەخی هەشیاری ڕەخنەیی وەک یەکەم هەنگاو بۆ ئازادی تیشک بخاتە سەر.
خوێنەر لێ نێوان دەڕەکاندا هەست دەکەن کە ڤەرکلیف داکۆکی لێ پێویستی تێگەیشتن لێ ئایدیۆلۆژیای پشت بەکارهێنانی زمان دەکات، چۆن ئەم ئایدیۆلۆژیایانە دەتوانن کاریگەرییان لەسەر هەشیاری تاکەکاندا هەبێت. هەروەها ئاشکرایە کە ئەو دیدوێت خوێنەر هان بدات بیر لەوە بکاتەوە، کە چۆن زمان وەک ئامرازێکی زاڵبوون بەکار بهێنرێت، نەک تەنها وەک ئامرازێکی پەیوەندی.
سەرەڕای ئەوەش، دەبینرێت کە نووسەر ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە گرنگی کارلێکردنی کەمەلایەتی دەکات لێ داشتنی مانای زماندا، ئەمەش نیگەرانیی خێی دەردەخات سەبارەت بەوەی کە چۆن ئەم مانایانە دەتوانرێت سوود وەربگرن بۆ پڕڕپەدانی پەیوەندییە نایەکسانەکانی هەز. هەروەها وادیارە ئاماژە بە پێویستی بڕڕنگاربوونەوەی ئەم زاڵبوونە زمانەوانییە دەکات لێ ڕێگای پڕڕپەدانی هەشیاری کەمەلایەتی و تواناکانی ڕەخنەگرتندا.

بەکورتی، ئەوەی قەرکلیف دەیەوێت بیڵێت ئەوەیە کە تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان زمان و دەسەڵات تەنها شیکردنەوەیەکی ئەکادیمی نییە، بەڵکو بانگەوازێکە بۆ بەکردارکردن بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئازادی لە زاڵبوونی زمانەوە.
یەکێک لە دیارترین خاڵە بەهێزەکانی زمان و هێز ئەو چوارچێوە تیۆرییە پتەوەیە کە قەرکلیف پێشکەشی دەکات بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵگادا. نووسەر سوود لە چەمکەکانی مارکسیستی و پێکهاتەیی و پۆست ستراکتورالیزم وەردەگرێت بۆ شیکردنەوەی چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان، وەک ئامرازێک بۆ زاڵبوونی ئایدیۆلۆژی. ئەوە ڕوونی دەکاتەوە کە گوتار تەنها ڕێنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ بەرهەمهێنان و گۆڕینی ئەو ڕاستییە.
قەرکلیف ئامرازی شیکاری بەهێز پێشکەش دەکات بۆ تێگەیشتن لە دۆق و گفتوگۆکان. چەمکەکانی وەک "ئینتەرتێکست" و بەکاردەهێنێت بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی پەیوەندیی تێکستەکان بۆ یەکتری و چۆنیەتی پێکهێنانی ماناکان لە دۆقە جیاوازەکاندا. ئەم ئامرازانە لەم کتێبە زۆر بەنرخە بۆ تیۆرزان کە دەیانەوێت لە دینامیکی زمانەوانی ئاگاز تێبگەن.
پەیوەندی نێوان زمان و دەسەڵات
کتێبەکە بە تووندی تیشک دەخاتە سەر پەیوەندی نێوان زمان و دەسەڵات و ئەوە نیشان دەدات کە چۆن زمان بەکاردەهێنرێت بۆ پەرەپێدانی زاڵبوونی کۆمەڵایەتی و کەلتووری. بە نموونە، ئاماژە بەوە دەکات کە چۆن میدیا و سیاسەت زمان بەکاردەهێنن بۆ شێوەی ڕای گشتی و بڕوپێشبردنی بڕژوەندییەکانی نوخبەی فەرمانڕەوا. لەگەڵ ئەوشدا، ئەو هێرشانە جێخت لەسەر ڕاگەی شاراوەی زمان دەکاتەوە وەک ئامرازێک بۆ ئازادی و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی.
سەرەڕای ئەو بەها زۆرەی کتێبەکە پێشکەشی دەکات، بێ خەوش نییە. یەکێک لە ڕەخنە سەرەکییەکان ئەوەیە کە چوارچێوەی تیۆری لەوانەیە زۆر ئاڵۆز بێت بۆ خوێنەرێکی ناشارەزا. سەرەڕای ئەوەش، کتێبەکە جێختکی زۆر لەسەر ناوەڕۆکی ڕۆژئاوا دەکات، کە لەوانەیە کەمتر بە کۆمەڵگا ناڕۆژئاواییەکان جێبەجێ بکرێت.
بایەخی گەورەی کتێبی "زمان و دەسەڵات" لە بواری توێژینەوەی زمانەوانی و کۆمەڵایەتیدا نکۆڵی لێناکرێت. ئەو بەشداریێکی بڕچاوی کردووە لە پەرەپێدانی بواری شیکردنەوەی وتاری ڕەخنەیی و بووە بە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ توێژران و خوێندکارانی ئەم بوارە. هێرشەهانی خوێنران دەدات بۆ پەرەپێدانی هۆشیارییەکی ڕەخنەگرانە سەبارەت بە زمان و تێگەیشتن لە ڕۆڵی لە شێوەی

کۆمەڵگادا.
کتێبی "زمان و دەستەواژە" بەشکە لە بواری زمانی کۆمەڵایەتی. کتێبەکە پەیوەندی نێوان زمان و دەستەواژە و چۆنیەتی کاریگەری زمان لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دەکۆڵێتەوە.
لەم چوارچێوەیەدا، ڤێرکلیف جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە چۆن زمان وەک ئامرازێکی زاڵبوون بەکار دەهێنرێت و چۆن هەڵبژاردنی زمان هەڵنگەدانەوەی ئایدۆلۆژیای زاڵ لە کۆمەڵگادا دەکات. کتێبەکە هەروەها لێکۆڵینەوە دەکات کە چۆن گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان کاریگەری لەسەر زمان هەیە، وادەکات پەیوەندی بە تەوژمەوەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە هەبێت کە پەیوەندی بە خوێندنی زمان لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا هەیە.
هەروەها کتێبەکە نیشانی دەدات کە چۆن گوتار تەنها دەربڕینی بیرکەکان نییە، بەڵکو توخمێکی چالاکە لە پێکهێنانی شوناس و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، کە لێگەڵ ئامانجە بنچینەییەکانی کۆمەڵناسی زمانەوانیدا دەگونجێت. کەواتە، دەتوانین بڵێین "زمان و دەستەواژە" خاڵی کێبووڵە لە نێوان زمانناسی کۆمەڵایەتی و شیکردنەوەی ڤەخنەیی گفتووگۆ دەنوێنێت.
لە کۆتاییدا، زمان و هێزەکەی نەرمان ڤێرکلیف کارێکی پێشکەوتووە کە تیۆری و پراکتیکی تێکەڵ دەکات بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان زمان و دەستەواژە. سەرەڕای هەندێک لێو ئاستەنگانەی کە لەوانەیە ڕووبەڕووی خوێنەری ناپسپۆر ببێتەوە، ئامرازێکانی شیکاری و تێوانینەکانی کتێبەکە وای لەدەکات کە زۆر بەنرخ بێت بۆ هەر کەسێک کە ئارەزووی تێگەیشتن لە جوڵەی کۆمەڵایەتی و کەلتووری زمانەکە دەکات.
• نەرمان فەیرکلیف. زمانناسێکی بەریتانیایە و لەدایکبووی ساڵی 1941 بووە و بە یەکێک لە دیارترین بیرمەندەکانی بواری شیکردنەوەی گوتاری ڤەخنەیی دادەنرێت، ئەو لە زینگەیەکی ئەکادیمی گەورە بوو، لەوێ کاریگەری ئاڵاستەی بیرکردنەوەی ڤەخنەیی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بوو. ڤێرکلیف لە خێزانێکی خوێندەوار گەورە بوو، کە ئارەزووی سەرتایی بە زمان و ئەدەب دروست کرد. لە ماوەی تەمەنی هەرزەکاریدا، دەستی کرد بە دەزینەوەی حەزی خۆی بە زمانناسی، کە وای لێکرد سەرقاڵی خوێندنی قووتری زمان بێت. بەوانامەی بەکاڵۆریۆسی لە زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی مانچستەر بەدەستهێناوە و پاشان خوێندنی باڵای لە زمانناسی تەواو کردووە.

بەبۆنەی ١٢٨ ساڵەی لەدایکبوونی ڕۆژنامەگەریی کوردی.. فەرهێدوون سامان*

ڕۆڵی سۆشیالمیدیا لە گەشەپێدانی زمانی کوردیدا

یەکێک لە کۆسپەکانی ڕۆژنامەگەریی کوردی زمانی کوردی بووە، چونکە هەر لە سەرەتای ئەو زمان شیرینەوە نەتەوەی کورد پەیامی دەزە ڕەواکەی بە دنیا گەیاند، هەر لەو ڕێبازە پیرۆزەشدا بە سەدان قوربانی بەخشی، تا دەگات بووی لە دەستووری عێراقدا لە ساڵی ٢٠٠٦ وەک هاوتای زمانی عەرەبی ددانی پێدانرا، لە پەرلەمانی کوردستاندا لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٤ زمانی کوردی بە زمانی فەرمی لە هەرەمی کوردستان بیاری لەسەردرا، هاوکات لەئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقیشدا لە شوباتی ٢٠١٤ لە پاڵ زمانی عەرەبی لەسەر ئاستی عیراقدا زمانی کوردی بە فەرمی ناسێنرا، زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا دوای زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی پلەی زمانی چوارەمینی وەرگرتووە.

ئەو قۆناغە سیاسییەی کە لە باشووری کوردستاندا هەیە، بەگومان ڕۆڵی یەکجار زۆری لە پەرەپێدانی فەرهەنگ و کەلتووری کوردی و بەتایبەت لە بواری ڕاگەیاندن و سۆشیالمیادا هەیە، وەک ئەوەی کەمتک ناوەندی حکومەتی، کۆمەڵایەتی کەلتووری، ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیاندن بەردەوام ڕۆژانە لەگەڵ پرسی زمانی کوردیدا دان، لەو کایە جیاوازانەدا کار بە زمانی کوردی دەکەن، بە نموونە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەتوانن چ تێبینیەک بگرن لە دروستبوونی ئەو پرسە زمانەتەوەیی و زمانە یەکگرتووەدا.

زمانی کوردی تایبەتمەندی خۆی هەیە و لە زمانی نەتەوەکانی دیکە ناچێت و سەربەخۆیی خۆی هەیە، بەڵام لەهەر بەشێکی کوردستاندا کەم تا زۆر هەژموونی زمانی فەرمی دەوڵەت کاریگەری بەسەر زمانی کوردیدا هەیە، تەنانەت لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچە کوردنشینەکانی قافقاسدا تا ڕادەیەکی باش ئاسمیلە کراوە، سەرباری ئەو هەموو جینۆسایدی کەلتووری و دژایەتی کردنەش، بەڵام زمانی کوردی هێشتا بە زمانێکی زیندوو و سەربەخۆ ماوەتەوە، بە پێچەوانەی

ەی هەندێک لە زمانەزانان و ئەرانناس و بیانییەکان کە وای بۆ دەچن کە زمانی کوردی زمانێکی کۆنارى و دیرەکییە، خەڵکی بیانی بە ئاسانی دەتوانن فێری ببن، لە هەمانکاتدا زمانێکی دینامیکیەتێکی بەهێزی پێشکەوتن و گەشەکردنی تێدایە.

سەرباری ئەوەی کە سەرشیالمیدیا دەسکەوتێکی مەزنی زانستی و تەکنەلۆژیيە بۆ مرۆڤایەتی بەتایبەتیش بۆ گەلانی بێ دەوڵەت لەوانەش کورد، کەچی ئەمڕۆ دەبینین زمانی کوردی ووبڕووی دوو هەڕەشەی درێژکی و ناوەوە بۆتەوە، بۆ پلەی یەکەمیش دەسەڵاتی کوردی لەبەرپرسە لە دەزینەوە ڕێگاچارەی گونجاو لەو کایە گرنگەدا بۆ ئەو ئاستەنگ و کێشانەی کە هاتوونەتە بەردەم نەبوونی زمانی ستانداردی کوردی. بۆ نەبوونی پلان و بەرنامەیەکی تەکەم و گونجاو بۆ خزمەتکردنی زمانەکەمان، دەبینین هێشتا هێڕ لەدوای هێڕ زمانی کوردی لە هێوشکی ئاهێز و لە پاشکشەدایە، کە دواتر ئاماژە بۆ هەکارانە دەکەین کە بوونەتە هۆی ئاهێزی و پشێوی لە بەردەم گەشەکردنی زمانی کوردیدا.

بۆ دنیایی هەر نەتەوەیەك زمانێکی لە زمانی ئاخافتنەوە گەیاەت بۆ زمانی نووسین، ئەلفابێتای تایبەت بۆخۆی هەبژاردووە، لەگەڵ سیستمی دەنگی و تایبەتمەندیی زمانی خۆیان گونجاندوویانە، لەو ڕۆژەوە کە کورد زمانێکی بۆتە زمانی نووسین، هەر لە سەردەمی باباتاهیری عوریانەوە، نزیکەی دە سەدەیەك پێش ئێستا ئەو ئەلفابێتایەی هەبژاردووە، لەبەرئەوەی ئەو کاتە کەلتووری زمانەکانی عەرەبی و فارسی لە کوردستاندا زاڵ بووە، خوێندنو خوێندەواری، زانست بەو دوو زمانە بوو، ئەدەبییات بەو دوو زمانە بووە، کەواتە ئەم ئەلفابێتایە لە پرسسی دروستبوونی زمانی ئەدەبییدا دەرکەوتووە و سەرجەم هزر و بیرکردنەوە و تێڕوانین و سیستمی بیرکردنەوەی کوردی لە ماوەی ئەو دە سەدەیەدان، ئەم ئەلفابێتایە نووسراوە، ئەلفابێتای کوردی بە جەرەکەی جوان و سەرنجڕاکێش، کە دینامیکیی زمانی کوردی دەردەخات، هەموارکراوە و گەشەی پێدراوە.

ئێستا لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن، لە تەرەکەمەڵایەتییەکان چەندان ئەلفابێتای کوردی بەرچاو دەکەون، ئیتر هەوەدان بە کارکردن لەسەر ئەلفابێتایەکی تر، جگە لە زیان گەیاندن بە زمانی کوردی شتێکی تر ناگەیەنێت، بەیە گەرەکە کەناڵە میدیاییەکانی کوردستان ڕێگاچارەیەکی گونجاو بۆ ئەو کێشەیە بدۆزنەوە کە لە هەنگاوی بەرایيدا بە داهاتوو هەوەکە بە زمانی ستانداردی کوردی .

ئاشکرایە پێوەندییەکی ئەرگانیک لە نێوان گەشەکردنی زمان و کایەکانی سەرشیالمیدیا هەیە، چونکی ڕووشی زمان پێوەستە بە

ئاسایشی نەتەوەیی هەر گەلێک، هەروەها ئەو گەلانکاریانەی لە دیموگرافیای ئەو ناوچانە ڕوودەدەن، کە دەکەونە بەر هەژموونی سیاسەتی پاکتاوی نەژادی و ئاسمیلاسیۆنی زمان. هەر بەیەش کەناڵەکانی سۆشیالمیدیا لەو پرسەدا دەتوانن ڕۆڵێکی کارا و ستراتیژیانە بگێڕن لە ناساندنی دۆزی نەتەوەکەمان، بەتایبەتیش لە ڕووگەی زمانەکی ستانداردا و گەیاندنی ئەو پەیامە بە هەموو تاکەکی هاووڵاتیانی کوردستان لە هەر کوێیەکی ئەو سەر زەمینەدا.
سۆشیالمیدیا دوو ڕووی هەیە، یەکیان بەڕاستی دەتوانێت لە خزمەت زمانی یەکگرتووی کوردیدا بێت، ئەویش لە ڕووگای گەیاندنی پەیامی ئەو کەناڵانە بە ئامانجی لە یەکتر نزیککردنەوەی زار و بنزارە کوردییەکان و ئەو بەرنامە پەروەردەیی و هونەری و وێژەییانەی کە بە سانایی دەگەنە ناو هەموو ماڵێک، ئەویش بە ئاشناکردنی کولتووری ناوچە جیاوازەکانی کوردستان، ئەمەشیان تا ڕادەیەک لە سەدەیی ڕابردوودا بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێ کە هاووڵاتییەکی دەڤەری ئیلام یان شارەزوور بە سانایی لە زار وشە و زاراوەی کوردی باکوور یان ڕۆژاوای کوردستان دەگات و تا ڕادەیەکی زەریش زانیاری گشتی لە سەر دابونەریت و کەلەپووری بەشەکانی تری کوردستان پەیدا کردووە.
بەڵام ئەمڕۆ لەسۆشیالمیدیادا کێشەیەک لەبەردەم زمانی کوردیدا هەیە، ئەویش نەبوونی زمانەکی ستانداردە بە سەرجەم زار و بنزاری ئیتنیکە کوردییەکان کە جوگرافیایەکی بەرفراوانی زمانی کوردییان داگیرکردووە، وەک أی ئەوەی کە زۆرلە نووسەران و ڕۆشنبیرانی پێکهاتەکان بە زمانە بیانییەکانی وەک عەرەبی و فارسی و تورکی دەنووسن، هەشتاش زمانەکی یەکگرتووی کوردی نەبەتە پەوەر و هەکاری بەیەکگرەدانی هەزرو ئاوەز و یەکەتی نەتەوەییمان. چونکە سۆشیالمیدیا دەبانەکی دوو تیغەیە، لەکاتێکدا هەکارێکیشە بە دروستکردنی زمانی پەوەری هەر نەتەوەیەک، بە دیوەکەی تریشدا هەکارێکە بە لەکترازانی زمانەکە بە چەند زارو بنزار و دەڤەکی جیاواز، لەڕەدا نامەوە باسی هەکارە مەزوویی و سیاسییەکانی ئەو لەکترازانەی زار و بنزارە کوردییەکان بکەم، چونکە پێشتر قسەم لەسەر کردووە، بەڵام بەچی دوای ٣٥ ساڵ لە دامەزراندنی هەرەمی کوردستان، بە فەرمی ناساندنی ئەو زمانە لە دەستووری عیراقدا، هێشتا میدیای حکوومی و ئەهلییەکان خاوەنی زمانەکی ستاندارد نین، هەر کەناڵێک بە زارە لەکاییەکەی خۆی دەدوێت و دەنووسێت و لەکاییانە هزر و ئاوەزی دەخاتە بەرچاوی بینەران و بیسەران، کە ئەمجارە هزرینەش لە جوغز و چوارچێوەی ناوچەگەلێتی تەناپەت، لەکاتێکدا زمانی کوردی ڕەوتی سروشتیی گەشەسەندنی مەزوویی خۆی بەیو.

هەبوونی دوو ستاندارد لە میدیای کوردیدا بۆکار دەهێنرێن، هیچ لە بابەتێکە ناگەیەت. ئەوانەی بە کوردی باکوور(کرمانجی ژوورەوو) دەدوێن ئەو ستاندارد بۆکار دەهێنن. ئەوانەشی بە کوردیی ناوەند(کرمانجی ژێری)دەدوێن ستانداردی کوردیی ناوەند(سۆرانی)بۆکار دەهێنن، تا ئێستاش هەوڵێکی جیددی نەدراوە ئەو دوو زارە هەر نزیک لە یەکتر بکرێنەوە، هەمیش لە یەکگرتوو، ئاوەتە بە یەکتر بکرێن، یان بڵای کەم لەیەکتر نزیک بکرێنەوە.

زمانی کوردی بە بەراورد لەگەڵ هەوتی مێژوویەدا کە بەردەوام بەربەستی خراوەتە پێشی، ماوەی سەدەیەک پتر بە زەر شەوازی هەگەزپەرستانە دژایەتی دەکرێت و سیستەماتیکانە هەوڵی لەناوبردنی دەدرێت، بەشێک لەو هەوڵانەش لای خودی هەندێ بەناو زمانناس و نووسەرانی ئەو ئاخەوەرانەیە، بەتایبەت لە هەندەران ئەگەر سەیری وێبسایتەکان کوردییەکان بکەین دەبینین، زمانی کوردی بە چەند زارێک دابەش بووە وەک (کورمانجی، سۆرانی، هەورامی، لەکی..)، کە بەداخەوە هەنووسکانیش لە یەکتر جیاوازن، ئەم دیاردەیە لەنەو هیچ گەلێکی سەر هەوی زەویندا بەدی ناکرێت، خزمەتێکی بە بەرامبەریشە بە ئەجیندانی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان.

لەگەڵ ئەوەشدا زمانەکەمان بە هەوی بەوچانی دەسەزانی نەتەوە باش چەتە پێشەوە، لە باشووری کوردستاندا خاوەنی ئارشیفێکی گەورەی زمانەوانین، خاوەنی هەنووسکانیشی پێشکەوتووین، ئەگەر هەمووان ئەو هەنووسە بۆکار بهێنن، زمانەکەمان زووتر دەبێتە خاوەنی هەنووسکی یەکگرتوو.

بەگشتی کەناڵە میدیاییەکاندا بەتایبەتیش لە هەژنامە و گۆڤارەکاندا زمانێکی نووسین بۆکاردەهێرێت. ئەگەر چارسەرێکی گونجاوی بۆ نەدۆزرێتەوە لە داهاتوودا بۆ تێپەڕینی کات دەبێتە دوو زمان، کەوابێت لە جیهانی میدیای کوردیدا هەنگاو تاکەکەس لەو دۆزگایانەدا بە حوکمی نەشارەزاییان و نەبوونی فلتەرێکی زمانەوانی لەرێ و لەوە هەڵەی زمانی میدیایی بکەن، ئەوەش ڕاستەوخۆ باندێری بەسەر شێواندن و لێکترازانی زمانی کوردییەوە هەیە، ئەو کەسانە بە خێیان زمان نەزانن و لە ژێر هەژموونی زارە لەکاییەکەی خێیان یان زمانی نەتەوەی سەردەستی دەوڵەتەکەی خێیانن.

ئەمە ئەو زمانە باوەی کە لە جیهانی سێشیالمیدیادا بۆکار دەهێرێت هەنگدانەوەی هەزری کوردە لە دەرەوەی دنیای دیجیتاڵیدا، دنیای ئینتەرنێت و تەڵە کەمەڵایەتییەکان بە هەموو لک و پۆپکانی، دنیایەکی ئازادە کە کەس ناتوانێت هەڵ لە کەس بگرێت و شتی خۆی بەسەر کەسی تردا بسەپێنێت، ئەوەی لەوە دەبینرێت ئەوەیە کە

زمانێکی تاکستاندارد بەکار ناهێنرێت، بەڵکوو جووتستاندارد گرنگ دەستنیشان دەکرێت. نابێت ئەوەشمان لەبیرمان بچێت کە زارەکانی تریش لەوانە باشتر دەستیان کراوەیە بۆ گۆڕانکاری و گەشەسەندن، واتە خاڵێک لایەنگری ئەوە نین کە تاکستاندارد هەبێت و ئەوانی تر پەراوێز بخرێن. بۆیە باشترە هەموو لە خواستی یەکتر بگرین و بەو هەڵەنانە زیاتر لە دووری یەکتر کەینەوە.

نەبوونی سایتێکی تایبەت بە پرسەکانی زمان لەو دەزگا کولتووریە فەرمییانەی سەر بە حکومەتن، کە بەرهەمی هزری دەبێت بە شێوەی نووسین و دەقی ئاسایی لەو سایتە دابنرێت تا مرۆڤ بتوانێت لە وەبگەڕکاندا پشکنیان بۆ بکات، نەک بە شێوەی پیدیئەف. بۆ هەمان شێوە پێویستە هەڵەزمانێکی بۆپەز و دەوڵەمەند، دیسانەوە بە شێوەی تێکست لەسەر ئینتەرنێت دانابێت، کە جۆری متمانەی هەمووان بێت و هەر کاتێکیش بیانەوێت دەستکاریی بکەن و نووژەنی بکەنەوە، هەروەها دەبوا تا ئێستا وشەنامەیەکی دەوڵەمەندی دیجیتالییان لەسەر ئینتەرنێت هەبوایە.

بە چوونە نێو قووڵایی ئەو هەڵومەرجەی ئەمڕۆ بە سەر زمانی کوردیدا زاڵە، وا باشە هەوانێکی تایبەتمان بەسەر نووسرانی کوردەوە هەبێت. ئەو چاوەڕوانییەی کەمێگە لە نووسرانی خۆی هەیەتی، لە هەڵومەرجی ئاوادا زۆر لە قەبارێیان زیاترە. نووسەری کورد لە دەرەوەی جیهانی سێشیالمیدیادا چی بە کراوە، هەتا بڵێک لە توانایەکانی لە نێو جیهانی سایبەریدا تەرخانی خزمەت بە زمانی ستاندارد بکات!؟ وا باشە چاوەڕوانی مەجیزەیەک نەبین لەم تۆژەدا، بەتایبەت کە بڕیکیان "قسەکەری بکردەون".چونکە لە غیابی دەزگا کولتووریەکانی حکومەتدا و هەروەها هەبوونی بڕیکانی ڕاگەیاندن لە پەیمانگە و کۆلێژکانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، کە خاوەنی هەڵگری چەندان بەوانامەی باڵای ئەکادیمین، بەڵام زۆرینەیان(نامەم هەموویان)ئەو مامۆستایانە لە ڕووی زمانەوە کەڵەوارن، کە دەبوو لەو ماوەیەی ڕابردوودا بە چارەسەری پرسی زمان لە کایەکانی ڕاگەیاندندا بەهەماهەنگی لەگەڵ بڕیکورديەکان پرۆژەی مەزنییان لەسەر ئاستی کۆنفرانسی زانستی نەدەوەتی بەرهەم هێنابووا. هەبێت بە هەبوونی پلان و بەرنامەیەکی تەکمیل بە ئەم ئامانجە هەرچی دەکرێت مخابن بە فیرۆدانی پارەیەکی زۆر و بەنرخ کردنی کات بوو، ئەزموونی گەلان پێمان دەڵێن زمانێکی ستاندارد بە گەلانی بە قەوارەی سیاسی لە جیهانی سێسیالمیدیادا مەحاڵ نییە.

دیاردەی نووسین بە شێوەزار و دەقێک لە کۆنەکانی ڕاگەیاندن

زارە کوردیەکان – کە لکەکانی زمانی کوردین، پێناسەندنە بۆ ئەو شیوەزارە نووسینە، ئەو دەربڕینەیە کە خاڵکی گشتی (ڕەشک) لە

بازاڕدا، لە جۆرەکانی تری پەیوەندی زاڕەکیدا پەیوەندی و گفتوگۆی پەدەکەن، لە کاتێکدا زمانی پەوەر، زمانی زانست و خوێندن و نامەنووسی فەرمییە، زمانی ئەفراندنی دەقێکی ئەدەبی یان هزری و فەلسەفییە، مخابن هەندێ نووسەر تێبینێگەیشتوون و دژ بە زمانی پەوەری کوردی بانگەشە بە شێوەزارە لەکاییەکەی خۆیانی بە دەکەن.
ڕەنگە ئەم دیاردەیە بە ڕۆژنامەنووسێک یان میدیکارێک تا ڕادەیەک ئاسایی بێت، بەڵام ئەو دیاردە نامۆیەی کە لەدۆزگەکانی ڕاگەیاندن لە هەوڵی ئەوەدان بە شێوەزار، بنزار یان دەقێکی گوندەکەی خۆیان بئاخڤن و بنووسن، نیشانەی پرسیارە، داخۆ ئەو دۆزگە میدیاییە تا چەند لە ڕێگای بەرنامەکانیان خزمەت بە زمانی پەوەر-ستاندارد دەکەن، هەڵبژاردنی ئەم ڕێبازی کارکردنە هەر چەند دەڵێمەند بێت بە فەرهەنگێکی وشە و زاراوەی ناوچەیی و خەماڵی، بەڵام دواجار هەکارێکە بە لەکترازان و دوورخستنەوەی زار و بنزارەکان لە زمانی پەوەر و ستانداردی کوردی، چونکە شێوەزاری لەکاڵی فەرهەنگی زمانەوانییە و تایبەتە بە ناوچەیەکی جوگرافیای دیارکراو، کە دانیشتوانەکەی میراتێکی کولتووری و کۆمەڵایەتی و مێژوویی هاوبەشیان هەیە، ئەمەش وا دەکات پەرەسەندنی زمانی دایک لە بەکارهێنانی ناوخەییدا لە نێو ئەندامانی ئەم گرووپەدا بەرتەنگ و تا ڕادەیەک جیاواز بێت.

*سەرنووسەری گۆڤاری زمانناسی (زمان و زار)

زمان لە بنیاتنانەوەی ناسنامەی نەتەوەدا.. فەرەیدوون سامان*

زمان هەر بەتەنە ئامرازێکی پەیوەندی کردن نییە؛ بەڵکو قەڵای مانەوەی نەتەوەیە، کاتێکیش زمانێک لاواز دەبێت، پەیوەندییە کولتووری و مێژووییەکانی نەتەوەکەش لاواز دەبن و دەووخێن.
بە درێژایی مێژوو زمانی کوردی مەیدانی شەڕ بووە بە مانەوە و ناسنامە نەتەوەییەکەی، زمانی کوردی هەردەم بەهێزترین و کاریگەرترین چەک بووە لە دژی سینەوەی ناسنامەکەی، بە ئەمەی کورد کە مێژوویەکی دوورودرێژی ستەممان لەسەر دەستی داگیرکەران

چەشتووە، پاراستنی زمانەکەمان ئەرکەکی پیرۆزی نەتەوەییە. بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ شاهیدی دەبین، جۆرێکە لە هەڕەشەی ناوخۆیی کە لە مەترسی دڕندەکی کەمتر نییە، بە نموونە فڕبوونی زمانە بیانییەکان و پشتگوێخستنی زمانی کوردی لە دامەزراوە حکومییەکانی وەک پەروەردە و فێرکردن و یاسایی و بازرگانی و گەشتیارییەکاندا.
بگومان زانینی زمانە بیانییەکان وەک(عەرەبی، فارسی، تورکی، ئینگلیزی...تد) بە تێگەیشتن و بەهرەوەبردنی ژیانی ڕۆژانە گرنگە، بەڵام کارەساتەکە لەوەدایە کە ئەم زمانانە ببنە جێگرەوەی زمانی دایک، کاتێک منداڵی کورد لە باکووری کوردستان ناچار دەبن بە زمانی تورکی قسە بکەن، یان لە ڕۆژاوا بە عەرەبی بئاخفن، لە ڕۆژهەڵاتدا بە فارسی و وشەی بێگانە تێکەڵ بە زمانەکەیان بکەن، ئەم دیاردەی ئاخاوتن بە زمانە بیانییەکان نیشانەی "پێشکەوتن" نییە، بەڵکو نیشانەی گرفی دڕوونی خەبەکەمزانین و ئادەستبوونی کولتووریە.
تەنانەت ئەو دەزگە چاپەمەنی و ئەو نووسەرانەی، ئەوانەی ڕەسەکانی ڕێنووسی کوردی پشتگوێ دەخەن! بەکارهێنانی پیتی لاتینی یان ئینگلیزی بە نووسینی کوردی بەکار دێنن، لە هەوڵێکدا بە دڕکەوتنی "مەدێرن" کە هەڵەیەکی گەورەیە. چونکە هەر میللەتێک ڕەگەز لە ئەلفوبێ و سیستەمی نووسینەکەی خۆی نەگرێت، مۆژووەکەی بە نەوەکانی داهاتوو دەشوێنێت. نووسین بە کوردی ناسنامەی ئەمەیە. هەنووکە دیاردەیەکی کەمایەتیش هاتۆتە پێش، کە مەترسی تێکڕووخانی کەمایەتی ژن و ژنخوازییە لەگەڵ کچان و ژنانی نەتەوەی سەردەست، ڕەنگە کەسانێک هەبن ئەستا موزایەدەم لەسەر بکەن و بڵێن ئەم نووسەرە ڕەگەزپەرستەو دژی پێوەندییە کەمایەتییەکانە، بەڵام مۆژووی ئەمە سەلماندوویەتی کە داگیرکەران تەنیا خاکی ئەمەیان داگیرنەکردووە، بەڵکو هەوڵیانداوە لە ڕێگەی ئاسمیلەکردنی کەمایەتییەوە هەستی نەتەوەییشمان لەناو ببەن. کاتێک تاکی کورد هاوبەشی ژیان لەگەڵ خانمێکی نەتەوەیەکی دیکە هەڵدەبژێرێت، کە مۆژووێکی تاریکی لەگەڵ کورددا هەیە، نەوەیەک لە نێوان دوو کولتووری جیاوازدا لەدایک دەبێت و پەروەردە دەبن لەو نەوانەدا زەرجار زمانی کوردی دەبێتە قوربانی.
تاکی کورد دەبێ بگەڕێتەوە بۆ ڕەگ و ڕیشەی خۆی. دەبێ زمانی کوردی زاڵ بێت لە ماڵەوە، لە ناو بازاڕدا، لە قوتابخانەکاندا. لە فەرمانگە حکوومییەکان قسەی پێ بکرێت، تەنانەت لەناو پاێختی عیراق و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقیش دڵڕانە قسەی پێ بکرێت، خیانەت تەنیا لە هەڵگرتنی چەک لە دژی نیشتمان سنووردار نییە؛ بەڵکو کوشتنی زمان و کولتوری کوردی گەورەترین خیانەتە، شانبەشانی

تەکەشانمان بۆ گەیشتن بۆ ئامانجەکانمان- کە ئازادی کورد و کوردستان- بۆ نابۆ لە پاراستنی زمانەکەمان کەمتەرخەم بکەین و بیکەینە چەکی بەردەوامی خەمان لە بەرەکانی شەڕدا.
بۆ نموونە زمانی کوردی-زاری کرمانجی وەک تاکە ئامرازی دەقە ئایینیەکان (قەوال) لە کتێبی پیرۆزی ئێزیدییەکان بۆ زیندووی دەمێنێتەوە، لەگەڵ وار و مێزارگە و گوندەکان، بوونەتە ناسنامەی بوون بەرامبەر بە هەوڵەکانی سڕینەوەی کولتووریی یاندا. هەرچەند بە درێژایی سەدان ساڵ فەرمان و کەمکۆزی گەلانکاریییەکی پێکهاتەیی لە ناسنامەی ئێزیدییەکاندا هێنایە ئاراوە، لە دەخی گۆشەگیریی خەسڵەتنراوەوە بۆ دەخێ داکێکردنی جیهانی بۆ مافەکان گواستراییەوە، بەڵام چیا بڕەی ناوەندی خۆی وەک هەمای مانەوە و پێناگەی هەمیشەیی وەرگرتەوە، هەرچەند هەبن حاشا لە کوردبوونی ئێزدییەکان بکەن، بەڵام زمانەکەیان، داوونەریتیان، گۆرانی و مۆسیقایان، جلە بەرگیان،ئەدەب و هونەرەکەیانتەنانەت گۆستانەکانیشیان باشترین بەڵگەو وەڵامن بۆ ئەو کەسانەی کە نایانەوێ تە بگەن ئێزیدی بوون واتە کورد بوون. ئێزیدیخان بە کەلەپووری ئایینی و وێژەو هونەرە رەسەنەکەی سەروەری شوناس بەسەر ئەو خاکەدا دووپات دەکاتەوە کە بکوژان و تاوانکاران هەرچەند هەوڵیانداوە بیگۆڕن بە فەزای سەردەم. بەڵام دواجار لەعاست کەوی مەزنی شنگال کەپوویان شکاوە..
هەر بەیەش زمانی کوردی بۆ مرۆڤی ئێزیدی بە هەموو توانا و خولیا و تێگەیشتنەکانییەوە، گەورەترین بەڵگەی گەورەیی و هەزی سرووشتە، کەی مرۆڤ بە توانای هزرین و بیرکردنەوەدا، توانایەکی گەورەی هەیە بۆ بەرهەمهێنانی هزر و بیری نوێ، لە ئێنجامدا هەموو گۆشەسەندنی مرۆڤ لە سەرەتای دروستبوونی یەکەمەوە(مرۆڤی پێش مێژوو)دەتە ئاراوە، ئەو گۆشەسەندنە هەزرییەی کە ئەم پێشکەوتنە زانستی و تەکنەلۆژی و وێژەیی و کەمەڵایەتییەی بەرهەمهێناوە، تەنیا بەشکی کەمی بەرهەمی هەزری مرۆڤی بیرکەرەوە پێکدەهێنێت، بەو پێیەی گوزارشت لە ناتەواوی ئاوەز دەکات لە بەرهەمهێنانی هەزری داهێنەرانە و بەرهەمدار لە خودی مرۆڤەوە لە سەردەمی ئێستایدا نەک داهاتوو، بە ناچاری ئەو ئاوەزانە سەرهەڵدەدەن کە توانای پەرەپێدان و بەرهەمهێنانی زانست و زانیاری نوێیان زیاترە، باوەڕ و ئایینی ئێزیدی ئایینەکی ڕەسەن و دێرینی کەمەڵگەی کوردستانە، کە هەزاران ساڵە خەڵکانێکی باوەردار بە خودای یەکتا پەیڕەوی لێدەکەن، کەچی هەندێک لە مرۆڤکوژەکان بەناوی خوداوە هەشتا هەڵمەتی دەندانە دژی هەموو بیرکردنەوەیەک ئەنجام دەدەن، کە جیاوازە لەوان بەردەوامن لە دەرکردنی فەتوا بە ئاگریاندنی لادان و

بیرکردنەوە بە کافرکردن...
لەکاتێکدا ئەزیدییەکان تاکە پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردستانن بە درێژایی مێژوو لە هەی پیرەزی ئایینەکەیان زمانی کوردییان پاراستووە، هەر لە هەی ئایینەکەشیان پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خێزان لە ژیانی خێزانداری و هاوژینی پاراستووە، بۆیە من پێشنیار دەکەم لە پەرلەمانی داهاتوودا بۆیارێک دەربکرێت بە پاراستنی سەلامەتی زمانی کوردی و هاوکات ئەکادیمیایەکی تایبەتیش دابمەزرێت بە ناوی ئەکادیمیای زمانی کوردی، کە ئیش و کارەکانی تایبەت بێت بە زمانی کوردی لە کایە جیاوازەکانی پەروەردەو فێرکردن و ڕایەڵەکانی ڕاگەیاندن و زار و بنزارە کوردییەکان.

*فەرێدوون سامان
سەرنووسەری گۆڤاری زمان و زار.

پرسی دەوڵەت و زمان و زارە کوردییەکان-1-.. فەرێدوون سامان*

ماوەیەکە بە هیچ بنەماو میتۆدێکی زانستی زمان ، لەرەو لەوە دەنگۆیەک هەیە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە زاری هەورامی زمانە و جیاوازە لەگەڵ زمانی کوردی، هەبەتە ئەم بۆچوونە ڕەگاژۆیەکی مێژینەی هەیە ، هەر لە سەردەمی دەورانی دەسەڵاتی ڕەزاخانی پەهلەوی و توێژینەوە کرچکانی ڤلادیمیر مینەرسیکییەوە هات ، کاتی گوتی گەرانەکان لە باکووری دەریای خەزەرەوە بۆ ناوچەی هەورامان هاتوون و زارەکەشیان لەگەڵ زمانی کوردی جیاوازە.
ئاشکرایە زمانی کوردی وەک زمانی هەر نەتەوەیەکی سەر ڕووی زەوین لە چەندان زار و بنزار و دۆڤێک پێکهاتووە، سەبارەت بە حوکمی جوگرافیای سروشتی، چەند هۆکارێکی سیاسی و دابەشکردن و زەوتکردنی بەسەر چوار نەتەوەی دەسەڵاتداردا، لەماوەی سەدساڵی ڕابردوودا زمانی کوردی ڕووبەڕووی توانەوە و سیاسەتی ئاسمیلاسیۆن بووەوە، مخابن وەک نەتەوە سەرفرازەکان کورد نەبووە خاوەنی زمانێکی پڕوڕ

و یەکگرتوو بە هەموو بەشەکانی کوردستانی گەورە.
وەک ئاوەش کە زمانی کوردی جوگرافیایەکی بەرفراوانی هەیە، هەر لە هەژاوای کوردستانەوە تا هەژهات، هەر لە باکوورەوە تا باشوور، جگە لە چەندان دەڤەری کوردنشینی وەک هەبوونی هەژیەکی زۆری هاوەندی کورد لە شارەکانی ئیستانبۆل و ئیزمیر، لە ئوستانەکانی تاران و مازەندەران و خوراسان، لە وەلاتانی قافقاس- ئەرمەنستان و گورجستان و ئازەربایجان- تادەگاتە ئاسیای ناڤین، هەروەها هەژیەکی زۆری کوردانی تاراوگە لە پایتەختەکانی وەلاتانی ئەوروپا و ئامریکا و ئوسترالیادا،
لە سەرەتای سەدەی بیستەم و دوای دامەزراندنی دەوڵەتە نەتەوییەکانی وەک ئێران و تورکیا و عێراق و سووریا، دابەشکردنی بەشێک لە نیشتمانەکەمان، ئەوەی ئەم دەوڵەتانە زیاتر کاریان لەسەر کرد جینۆسایدی کەلتووری و توانەوەی زمانەکەمان بوو، ئەویش لە هەگبەی سیاسەتەوەی ناسنامەی نەتەوییمان، لە هەگبەی بە یاسا قەدەغەکردنی زمانی کوردی، کە ئامانجی ستراتیژی ناسیۆنالیستی نەتەوەی سەردەست گەلانکاریی دیموگرافی و سیاسەتی بە عەرەبکردن و فارسکردن و تورککردن بوو، ئەویش بە حاشاکردن لە کوردبوونی پێکهاتە- ئیتنیکە کوردییەکانی وەک هەورامی، ئەزیدی، شەبەک، زازاکی، لەک و لوڕ تا دەگات بەوەی کە حاشا لە کوردبوونی هەسیاسەتی کاکەییەکانیش بکەن، دیارە بە بیانووی ئەوەی کە زارەکانیان لە گەڵ زمانی کوردی ناوەند- زاری سەرانی جیاوازە، هەر بەیەش ئەوان زمانی کوردی بە یاسا قەدەغە دەکەن، چونکە لەی دەترسن و بە هەڕەشەی دەزانن لەسەر ئاساییشی نەتەوەیی خەیان، پەیانوایە دواجار ددانانان بە ناسنامەو زمانی کوردی، وەلاتەکەیان پارچەپارچە دەبێت، هەر بەیەش دەیانەوێ بە هەمیشە زمانی کوردی زمانەکی لەتکراو و سەرکوتکراو و ژێردەستە بێت.
لە سەدساڵی ڕابردووەدا ئەم زار و بنزارە کوردییانە بە پلان و ئەجینداەی نەتەوەی دەسەڵاتدار وەک شێوەی تایبەت بەرامبەر بە سیاسەتی جینۆسایدی کەلتووری لە بڕووداید، تەنانەت گەیشتە ئەو ڕادەیەی ئاخەوڕانی ئەم زمانە و زارەکانی زیندانی بکرێن، تەنانەت هەندەجار لە سەدارەش بدرێن، وەک ئەوەی هەوەی بەردەوامی جینۆسایدی کەلتووری نەتەوییمان و هاوکات هەوەی ئەویان داوە ئاسمیلاسیۆنی زار و بنزارە کوردییەکانیش بکەن، ئەویش لەسەر بنەمای تیرەکانی مەکنزی و مینۆرسکی و هاوڕاکانیان لە هەندە لەو هەشنبیرە کوردانەی وەک هەشید یاسەمی و د.محەمەد موکری و میهرداد ئیزەدی و مەردەخی سنەیی و ئەمیری حەسەنپوور و شاگردەکانی..
هەمیشە لەهەوەی ئەوەدابوون کە ئەم زار و بنزارە کوردییانە وەک

زمانی سەربەخۆ و جیاواز لە زمانی کوردی بناسێنن، ئەگەر لە باکورو ڕۆژاوای کوردستاندا، ئاخافتن و نووسین و چاپەمەنی بە زمانی کوردی قەدەغە بووە و سزای زیندانی و مالی لەسەر بووە، ئەوا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا هەرچەند قسەکردن بە کوردی قەدەغە نەبووە، هەر لە سەردەمی پاشایەتی پەهلەوی تا کۆماری ئیسلامی بە ئادیەک دژایەتی زمان و فەرهەنگی کوردی کراوە و پەراوێزخراوە هەر بە زارەکی لەکاتیی و تایفەیی دانراوە و کراوەتە پاشکۆی زمانی فارسی، دەوڵەت هەردەم لە هەوڵی ئەوەدا بووە زارە کوردییەکانی وەک هەورامی و لەک و لوە و لە زمانی کوردی بترازێنە و یان وەک زمانێکی جیاواز و سەربەخۆ لە زمانی کوردی بیناسێنن.
بەگومان بایەخی زمان بەپێی بەچوونە ئایدەلۆژی و میدە فەلسەفییەکان دەگۆڕێت، بەپێی هزری فەلسەفەی ناسیونالیزم، زمان یەکە لە مەرجە هەرە سەرەکییەکانی دروستبوونی نەتەوەیە و بە ژێرخانی کۆمەڵگە دادەنرێت، بۆنموونە کاتێ لاپەڕەی کتێبەکانی مامۆستا کورد هەمەدەینەوە، بە دوای ناوی دەوڵەتێکی کوردیدا دەگەڕین کە لە هەندێک قۆناغی جیاواز و سەردەمی مامۆستا هەبووە، هەبەت بە ناوی جیاوازی هەرێمێک یان بنەماڵەیەک، نەک بە (ناوی کوردستان)، هیچ باسێکی لەو سەرچاوانەدا نادەزێنەوە، هەر بۆیش ڕۆژهەڵاتناسەکانی نەتەوەی سەردەست بەتوانجەوە دەن و بە متمانەیەکی زەدەییەوە بەسەرمەستی هەستێکی ساختەی سەرکەوتن پێمان دەڵێن، هەرچەند بەدوایدا بگەڕێن هیچ شتێک بە ناوی زمانی کوردی نییە و دەوڵەتێکیش بە ناوی کوردستانەوە لە مامۆدا بوونی نەبووە، پاشان لەسەر ئەم لێکدانەوە گومانویانە کۆمەڵێک ئەنجامی کۆموکۆی بنیات دەنێن و دەڵێن: بەو پێیەی لە مامۆدا دەوڵەتێکی کوردی بە ناوی کوردستانەوە نەبووە، ئەمە مانای ئەوەیە کە تە مافی دامەزراندنی دەوڵەت نییە. لەو کاتەدا تە نابێتە شتێکی تر، جگە لە پێکەنینێک لە چاوی ئەمەدا، چونکە تا ئێستا هیچ کوردێک بانگەشەی ئەوەی نەکردووە کە لە ڕۆژگاری دێریندا زمانێکی هاوبەش و دەوڵەتێکی کوردی هەبووە بە ناوی کوردستان.
ئەمە ئەنجامە هەڵەکەی تێیە، بەرهەمی عەقڵی سەرلێشواو و تەنگەیشتنەکەتە. کورد بانگەشەی ئەوە ناکات کە دەوڵەتێکی مامۆیی هەبووە بە ناوی کوردستان، بەڵکو دەڵێن و تکایە بە وردی ئەمە لەبەرچاو بگرن کە ناوچەیەکی جوگرافیای مامۆیی زۆر گەورە و فراوان هەبووە کە کورد هەزاران ساڵە تێیدا ژیاوە، کە ئەمەش بە کوردستان ناوی دەبەن، ئەمەش بەو مانایەیە کە کوردستان ناوی دەوڵەتێکی مامۆیی کوردی نییە، بەڵکو ناوی خاکی کورد و ماڵ و زێدی مامۆیی کوردە. دوای پەیماننامەی شومی لۆزان ئەم ڕووبەرە

جوگرافییە بەسەر چوار وڵاتی ئێستادا بەشکراوە و کە بریتین لە سوریا، تورکیا، عێراق، ئێران.
جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان ناوی ناوچەیەکی جوگرافیای مرۆڤویی و ناوی دەوڵەتێکی مرۆڤویدا هەیە، کورد ئاماژەیە بە خاکێکی مرۆڤویی بە ناوی کوردستان نەک دەوڵەتێکی مرۆڤویی بەو ناوەوە، هەروەک چۆن ناوچەی مرۆڤویی هەیە کە بە چەند ناوێک ناسراوە، وەکو میزۆپۆتامیا، ئێنادۆڵ، حیجاز (کە لە مرۆڤودا بە چەندان ناو ناسرابوون، لەوانەش نیمچە دورگەی عەرەب، خاکی دوو مزگەوتی پیرۆز، تەنانەت ئێرانی جاران ناوی -مەملەکەتی مەحروسە- بووە)، کە هەمویان ئاماژەن بە ناوچەیەکی جوگرافی دیارکراو، کوردستانیش بە درێژایی مرۆڤو بە چەندان ناو ناسراوە، وەک خاکی گوتییەکان، کاردوخییەکان، ئەرارتووەکان، میزۆپۆتامیا، خاکی زاگرۆسەکان و جەزیرە(میزۆپۆتامیای سەروو) و چەندان ناوی تر. وەک دەبینین ناوەکان بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێن، هەروەک چۆن لە گۆڕگارێکدا زمانی کوردی خۆی لە زاری گەران بەرجەستە کردبوو بووە زمانی پیرۆزی یارسانەکان و زمانی دەستەواتی حەوتسەدەی میرنشینی ئەردەڵان، بەڵام هەمویان ئاماژەن بە زمانی کوردی کە خاوەنی چەندان شاعیری بلیمەتی وەک خانای قوبادی و بەسارنی و مەولەوی تاوەگۆزی و یەک ناوچەی جوگرافی کە ئەویش کوردستانە.
ئێستا کە وێنەکە بە ئەو جۆرە ڕوون، دەتوانین جارێکی تر قووڵ ببینەوە ناو کتێبەکانی مرۆڤو و بەدوای ئەو ناوچە جوگرافییە مرۆڤوییە بگەڕین کە هەزاران ساڵە گەلی کوردی تێیدا ژیاوە. بەمان دەردەکەوێت کە ئەم ناوچەیە بە چەند زارێک ناسراوە وەک گەران و کوردی خوارین هەروەها بە چەند ناوێکی جوگرافیش ناسراوە، وەک بلاد الجبال، میزۆپۆتامیا، ناوچەی جزیرە، خاکی کوردان، زەدی کورد، کوردستان. بێت دەردەکەوێت کە ئەم دەستەواژانە لە کتێبەکانی مرۆڤودا زۆرن، هەمویان ئاماژەن بە خاکی کوردان و نیشتمانەکەی.

کۆمەڵگەی وەرگێڕان و کاریگەری

بەسەر زمانی پەوەری کوردیدا.. فەرهێدوون سامان

وەرگێڕان لە کایەکانی کەلتووری و پەروەردەیدا هەڵکارێکی گرنگە بۆ خزمەتکردنی زمانی پەوەر-ستانداردارددی کوردی، ساڵانە و مانگانە تەنانەت هەفتانەش، چەندان کتێبی وەرگێردراو لە زمانە بیانییەکانەوە بۆ زمانی کوردی بڵاوچۆ دەکرێن، بگومان هەیانە شایستەی پێسن و پێزانینن، لە هەشیانە شیاوی ئەوە نین نێک هەر بخوێنرێنەوە، بەڵکو تەماشاش بکرێن، چونکە هیچ مەرج و ڕێساو یاسایەک و پەوەرێکی وەرگێران لەخۆ ناگرن، هەر بۆیەش پرسیارێکە لەردا خۆی قوت دەکاتەوە، ئایا مەرجە وەرگێڕە لەکاتی وەرگێڕانی هەر دەقێکدا ناوەڕۆک و واتای دەقە ئەسڵییەکە بگەیەنێت، یانیش بۆی هەیە بەپێی خواست و مەزاجی خۆی ئەو وەرگێڕانەی کە بە خۆی دەیەوێ دەستکاری دەقەکە بکات، وەک کورتکردنەوە یان ئیختیزالکردن، کەوایە ئەدی مەبەست چییە لەوەی کە دەگوترێ وەرگێڕە دەبێ شێوازی دەربڕینی نووسەر بپارێزێت؟.

لە کاتێکدا ئەمە دەزانین هەر زمانێک تایبەتمەندێتی خۆی هەیە لە ڕووی سینتاکس- ڕستەسازیی و ئیدیەم و فەرهەنگەوە لە زمانێکی دیکەدا جوێی دەکاتەوە، وەرگێڕ دەتوانێ زمانێکی گونجاو لەگەڵ دەقە ئەسڵییەکە بدۆزێتەوە، کە خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی بابەتە وەرگێردراوەکە دووچاری گرێ و گۆڕ و تاسە نەیەت، یان لەکاتی هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەی دروست و خۆشئاوازدا ئەرکی وەرگێڕی شارەزا چییە، داخۆ بۆی هەیە وەرگێڕ پەنا بباتە بەر قامووسی وشە و زاراوەی ناوچە و دەقەرە جیاوازەکان یان دەقە وەرگێردراوەکە پێ بکات لە وشەو زاراوەی بیانی، کە لە ئێستاکەدا هەندێک لە وەرگێڕەکانمان لەبەر کەم شارەزاییان ئەم شێوازە بەکار دێنن، جا بە نموونە گەر ئاوەڕۆک لەو کتێبە چاپکراوانەی وەزارەتی پەروەردە بدەینەوە بە تایبەت کتێبە پیشەییەکان بە ڕاستی هەڵەی زۆری زمانی کوردی لەو وەرگێڕانە سەقەتانە دەبینین، هەرچەندە لە بنەڕەتدا وشەو زاراوەی پیشەیی کەمتر لەو میتۆدە پەروەردەییانە لە داوو دەزگا حکومییەکاندا کاری پێکراوە و جێگیر بووە، سەرباری ئەوەش زۆرینەی زۆری وەرگێڕی ئەو کتێبانە مامۆستاکانی ئەو خوێندنگایانەن، کە ساڵانی ساڵ ئەو کتێبانە بە زمانی عەرەبی خوێندراون نێک زمانی کوردی.

باشە دەزگاکانی بڕاوکردنەوەی تایبەت بە وەرگێران ڕێ و ئەرکیان

چییە لە جۆکردنەوەی بابەتێکی وەرگێردراوی باش لە بابەتێکی وەرگێردراوی خراپدا؟ وەرگێڕی باش و کارامە چۆن دەکارە لە وەرگێڕانەکەیدا بنەماو ڕێزمانی نووسەرەکە لەبەرچاو بگرێت، لەوانەش کورتی یان درێژدادیی نووسینەکە چۆن ڕەچاو دەکات، جا چونکە زۆرینەی نووسەرانی ئێمە لە نووسیندا کێشەی خاڵبەندییان هەیە، ئەدی دەبە وەرگێڕ چۆن بایەخێک بە خاڵبەندی بدات، و چ جارە وەرگێڕانێک چەژی دەقە ئەسیلەکە دەپارێزە و خوێنەریش ماندوو ناکات..

زۆر لە وەرگێڕکان پەنا دەبەنە بەر فەرهەنگی وشەو زاراوەکان، ئەستا کاری وەرگێڕان بووەتە بەشێک لە بازرگانیکردن نێک بەرپرسیاریەتی، کەواتە وەرگێران نابێتە پرۆسەیەکی کەلتووری و مەعریفی لە ناو ئێمەدا، لە کاتێکدا توانستی ماددی و مانەوی لە ساڵانی ڕابردوو بە ئێم پرۆسەیەش دابینکرابوو.

ئێمە یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکانی وەرگێران لە کوردستاندا، کتێبێکی بە ژمارە زۆر و بەر تەرجەمەی زمانی کوردی دەکرێن، کەچی لە ڕووی چۆنیەتییەوە خراپن. ئەز پێم وایە ئێم دیاردەیە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی وەرگێری شارەزا و لێهاتوو و پسپۆڕ لە بواری وەرگێڕاندا، چونکە لە زانستی وەرگێراندا بۆ تەنیا زانین هەردوو زمان بەس نییە بۆ پرۆسەی وەرگێران، وەرگێڕ دەبە شارەزای هەردوو کولتووری زمانەکێش بێت، ئێمە سەرچاوەای ئەوەی کە وەرگێڕ دەبێت لە تەکنیکی وەرگێڕاندا کارامە بێت، لە کاتێکدا کە ڕستەیەکی ئاڵۆزی دێتە پێش نابێت وەرگێرانی حەرفی بۆ بکات، پێویستە بۆ ئادەیەک لە وەرگێران شارەزا بێت تا بتوانێت بەرامبەرەکەی لە زمانی ئامانج بدەزێتەوە. لەلایەکی دیکەوە وەرگێر دەبێت لێهاتوو بێت لە گواستنەوەی شێوازی نووسینی زمانی سەرچاوە بۆ زمانی ئامانج، نێک هەر گواستنەوەی واتا بۆبە شێوازەکەی، بۆ تایبەتی لە وەرگێڕانی دەقێکی ئەدەبیدا.

بایەخی وەرگێڕان لە دانانی میتۆدە پەروەردەییەکان لە هەرەمی کوردستاندا لەوەدایە کە لە ڕێگەی خوێندنەوەی بەرهەمی فەرهەنگیی، زانستی، کولتووری و مێژووی نەتەوەکان دەناسین و کێک لە ئەزموونەکانیان وەردەگرین، بۆداخەوە هەر لە بنەڕەتدا کتێبەکانی خوێندنی پەروەردەیی لە کوردستاندا دەقی وەرگێڕاو بوون نێک نووسین، کە ڕاستەوخۆ لە زمانی عەرەبییەوە بۆ کوردی تەرجەمەکراون، بۆیش دەبینین لەو میانەدا دووچاری کەمێک هەڵەی زمانەوانی هاتوون.

دیارە لە هەموو سەردەمێکدا وەرگێڕان ڕۆڵی مێژوویی خۆی گێڕاوە بۆ سازکردنی میکانیزمی خۆبات لە پێناو زمانی نەتەوەدا و کاریگەریی

مەزنی هەبووە، بەڵام لەبەر نەبوونی زمانێکی پەوەرو ستانداردی کوردی. مخابن هەندێک لە وەرگێڕانی زمانێکی ناوچەیی لە وەرگێڕانکانیاندا بەکار دەهێنن، ئەمەش کەمتر چێژ بە خوێنەران دەدات، ڕاستە کوردی زمانێکی فرەزارە، شێوەزاری ناوچەیەک لەگەڵ ناوچەیەکی دیکەدا جیاوازە، بەڵام دیسان زمانی کوردی یەکێک لە زمانە دەوڵەمەندەکانی جیهانە. پەموابەت ئەگەر نووسەرێک، شاعیرێک، توێژەرەوەیەک ئەگەر بە وشەیان دەستەواژەیەک دابمێنێت و کەمێک خۆی ماندوو بکات، دەتوانێت لە دووڕە دێیەکی گەرمیان یان کوێستان، لە زاری پیرمەردێک، لە دەق و کتێبێکی کۆنی ناوچەیەکی ئەم کوردستانە پان و بەرینەیدا جوانترین وشە و زاراوە پەیدا بکات و بیشێوێنێکی سادەو ساکار، لە هەمانکاتدا ڕەوان، بێترنجێنێتە ناو بەرهەمەکەیەوە، ئەوسا خوێنەر کەمەندکێش دەکات و چێژێکی بەهاوتای پێدەبەخشێت. وەلە کورد لە سایەی داگیرکاریی و دابەشبوونی بە سەر دەوڵەتانی ناوچەکەدا، تێنانێت ئاشنایی لەگەڵ زمانەکەی خۆیشیدا نەبووە.

بەداخەوە ئەمە کێشەی گەورەمان لە تەگەیشتنی زارەکانی هەورامی و کرمانجی ژووروودا هەیە و خەریکە بە زمانێکی دی لەقەڵەم دەدرێت. بۆیە ئەگەر ئەمە بتوانین لە زمانی ئەدەبی و لە ڕاگەیاندنەکاندا خوێنەرو بیسەر بەو زار و شێوەزارانە ئاشنا بکەین، ئەوە خزمەتێکی باش بە زمانەکەمان دەکەین و ئەرکێکی پیرۆز بەجێ دەهێنین. پاشان بەرهەمێک دەخەینە بەردەست خوێنەران، لە ناوچە جیاجیاکانی دیکەی کوردستانیشدا بخوێندرێتەوە و لێی حاڵی بن، وەرگێڕەی سەرکەوتوو پەیوەستیی بە زانینی زمانە بە شێوەیەکی ئەکادیمی، ئاخافتن بەیەکە لە زمانە بیانییەکان وەرگێڕە دروست ناکات. هەروەک پێشتر ئاماژەم پێکرد لێویش گرینگتر زمانی دایکە، مرۆڤ گەر شارەزاییەکی باشی لە زمانی دایکیدا (بە زار و شێوەزارە جۆراوجۆرەکانییەوە) نەبێت ناتوانێت ببێت بە وەرگێڕێکی سەرکەوتوو، لەپاڵ ئەمیشەوە زانینی چەند زمانێک وەرگێڕە دەوڵەمەندتر دەکات.

لەو ساڵانەی دواییدا و پاش کەچی گەلێک لە نووسەران و ڕەشنبیران بە دەرەوەی وڵات، هەندێک بەرهەمی کوردی وەرگێڕدرانە سەر زمانە ئەوروپاییەکان، بەڵام ژمارەیان کەمن و لەو ئاستەدا نەبوون، کە بەرهەمی ئەدەبی کوردی بەخوێنەری بیانی بناسێنن. دیارە هەیەکەی دەگەڕێتەوە بە نەشارەزایی تەواو لەو زمانانەدا، وەکو لەسەرەتادا ئاماژەم پێدا وەرگێڕان پەیوەستی بە شارەزاییەکی گەلێک فرەتر لە قسەکردن و خوێندنەوە بە زمانێکی تر هەیە، چونکە هەڵبژاردنی دەقی شایستە، زۆوقی ئەدەبی وەرگێڕ بە خوێنەرێکی دەناسێنێت، وەرگێڕی جددی بەتەنە کار بە ئەو ناکات هەرچییەکی بەردەست بکەوێ

بیکوردنەت، بەکو دەبێت بەهەبژاردنەکەی ئامانجێک بە خوێنەر بگەیەنێت و تینووێتی خوێنەر بە بڕەمە ناوازە نەناسراوەکانی نێوەکانی دی. باشترین پشنیار و ئاسپاردەم ئەوەیە گرێکە دەزگایەکی تایبەت لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان هەبێت و لە شارەزایان و پسپۆرانی زارەکانی زمانی کوردی و هەروەها زمانە بیانییەکان پێکهاتبێت تا بتوانن بە میتۆدێکی زانستی و ئەکادیمی کتێبەکان بە زمانی کوردی وەربگێڕن، لەهەمانکاتیشدا بە هەماهەنگی لەگەڵ ناوەند و بنکە و دەزگە کەلتووریەکانی وەک دەزگەکانی سەردەم و موکریانی و بنکەی ژین و جەمال عیرفان، پرۆژەیەکی سانای هاوبەشیان هەبێت بە وەرگێڕانی شاکارە کەلتووری و وێژەییەکانی زمانی کوردی بە سەر زمانە بیانییەکان.

مرۆڤبوون لە نێوان ئایین و ئەخلاقدا.. فەریدوون سامان

ئەخلاق لە مرۆڤایەتییەوە سەرچاوە دەگرێت نەک لە ئایین (ئیمیل دورکهایم).

پەموایە فاکتەری دیارکەر لە هەموو هەڵسوکەوتارەکانی مرۆڤدا سەر بە مرۆڤایەتییە. گشتگیربوون ئەو مرۆڤایەتییەیە کە ناچارمان دەکات ئیدانەی تووندوتیژی بکەین، پرۆتیستەی تاوانکاری بکەین، نەوەکانی داهاتوومان ئامادە بکەین بە گفتوگۆ و ئاوگۆڕی بیروڕا و بە هەکەکوتن و دانوستان بە دووركەوتنەوە لە مەترسییەکانی تووندوتیژی، ئەمانە ئەو ئەخلاقە گشتگیرانەن کە دەتوانن تا ڕادەیەکی زۆر تووندوتیژی و شەڕ لەناوببەن، یان لانیکەم سنووردارى بکەن، بە ئەوەی واقیعبینتر بین. بەبێ ئەم: شەڕکەران کە بەناوی ئایینەوە ئینجامدراون، شەڕکەران کە بە ناوی بەکافرکردن و داگیرکاری و ئاوارەیی و دەرکردنەوە ئینجامدرابوون، شەڕکەران کە بەناوی ئەرکی پیرۆزی بەاوکردنەوەی پەیامکەوە کرابوون، بەناوی ئایین و بەناوی بەاوکردنەوەی پەیام و قسەی خودا – و بەناوی ئینفال و فەتحکردن ئینجامدرابوون. هەموو ئەمانە بەبێ ئەوەی بچینە ناو وردەکارییەکان، بگومان بەناوی ئەم ئەرکەوە تفەنگ و شمشێر و

کوشتن و جەبەجێکردنی سزاکان هەبوو. هەموو ئەمانە بە باشی ناسراون، ئەمە ناگەینەوە بەی. ئەگەر بە کورتی بگەینەوە سەری، ئەوە دەبێت جەخت لەوە بکەینەوە کە شتێکی گرنگتر و بەردەوامتر هەیە و ئەویش مرۆڤایەتییە. مرۆڤایەتی سەرچاوەی سەرەکی ئەخلاقە کە گەرەنتی پێکەوەژیانی نەوان گروپ و ئایینە جیاوجیاکان دەکات، تەنانەت ئەگەر ئەو ئایین و گروپانە ناتەبا و ناکۆکیش بن.
کۆشکانی پێوەندی لە نێوان ئەخلاق و ئاییندا لە ڕووی ئەنتەرپۆلۆژی و کەمەناسییەوە پرسێکی یەکلاکەرەوەیە، دەرکهایم دەڵێت: کاتێک ئەخلاق دەست پێدەکات کە وابەستەبوون بە گروپێکەوە دەست پێدەکات، واتە کەمەگە لە ڕەگەی ئەم گرێبەستە ناڕاستەوخۆیەوە دامەزراوەکان بەرهەم دەهێنێت، لەوانەش دامەزراوەی ئەخلاقی، بەڵام واتایەک باس لە دامەزراوەیەکی ئەخلاقی دەکەین؟
ئەمە باس لە پلەبەندییەکی بەهاکان دەکەین، سیستەمێکی ئەرکە باکان کە تاکەکان تەدەپێنێت و پێوەندییەکانیان لەنێو کەمەگەدا ڕێکدەخات. ئەمە ئەخلاقە! ئەخلاق لە نەریت و ئاوازەوە سەرچاوە دەگرێت، هەروەها لە ئایینیشەوە سەرچاوە دەگرێت. کاتێک باس لە ئەخلاقی ئایینی دەکەین، باس لە دیاردەیەکی گشتگیر دەکەین.
ئایین لە هەموو کەمەگەیەکدا بوونی هەیە، لەکەینەوە ئەنتەرپۆلۆژیەکان پشتڕاستی دەکەنەوە کە لە خێڵ و کولتوورە سەرەتاکاندا، شتە پیرۆز و تابووەکان هەبوون.
لە هەر شوێنێکدا قەدەغەکردن بەدیزینەوە، ئیمتیازێکی ئەخلاقی دەبینینەوە، کە خەمان لەم کارە یان ئەو کارە بەدوور بگرین. ئەو تەوانینەی کە لاوازبوونی ویژدانی ئایینی مرۆڤ و هەستی مرۆڤ و ئەخلاقی لاواز دەکات، لەدوانێکی ئۆرگانیکی و بەپێی کۆنتێکست و کەمەگە دەگۆڕێت و لەگەڵ ئەو گرووانەی کە پێوەندی بەوەوە هەیە پەرەدەسەنێت، شێوە ئایینییەکان- جەنگی خاچپەرستەکان، شێوەکانی هەلگەڕانەوە لە ئیسلامدا، شێوەی نەوان کاسلیکەکان، پرۆتستانتەکان و ململانێ و شێوەی نەوان سوننەو شیعە، هەموو ئەم نموونانە ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە قسەکردن لەسەر ویژدانێکی ئایینی کە مرۆڤایەتی یان لانیکەم بەشێکی ئاراستەی مرۆڤایەتی دەکات، بەڕەو چاکە و ئاشتی، زیادەڕەویەکە کە بەبەری نییە لە بنەما ئایدیەلۆژییە ناسراوەکان.

مەبەستیش ئەوەیە کە هەندێک شێوە لە هەندێک شێوەی تر وەرانکەر و دڕندەتر بوون. لە کۆتاییدا بابەتی سروشتی چاک و سروشتی ئامرۆکانی کوشتنە. جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی بە جەنگی خاچپەرستەکان بەراورد ناکرێن، بە شێوەکانی هەگەڕانەوە، بە

ململانێی نەوان کاسلیک و پرۆتستانت… بەگومان ژمارەکان زۆرن؛ ئەوان هیچ پەیوەندییەکیان بەو ژمارە زۆرانە و سەرسوڕهێنەرە نییە، کە لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیدا لە هیرۆشیما و ناگازاکی بەهۆی چەکی ئەتۆمی مەدەرن کوژراون.
سەدان ساڵ بڕا هاودینەکانمان هەر بە ناوی خودا و ئیسلامەوە قەمان دەکەن، جا ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی دوور و نزیکی نەتەوەکەمان هەڵدێنەوە، تەنانەت ئەو مێژووەی کە دژمنی ناحەز و دڕندەق بە دڕو بووختان بۆی تۆمار کردووین، مخابن هەر هەمووی کوشتوبڕی کوردی ئێزیدی و یارسان و زەردەشتی و عەلەوی نەبووە، تەنانەت کوردی مسوڵمانی باوەڕداریش لەو هەموو تاوانی قڕکردن و کۆمەکوژییە بێ بڕش نەبووە، نەتەوەی کورد هەردەم پڕۆژەیەک بووە بۆ جینۆسایدبڕانەوەی ئایین و پشتکردن لە ئەخلاقی مرۆڤایەتی و هاوشاری و هاونیشتمانی، شێوە فڕشتنەکەی ئۆژانی ئابردووی گەرەکەکانی ئەشرەفییەو شێخ مەقصود بەڵگەیەکی زیندووون بۆ گەواندنەوەی پاشخانی مێژووی تاوانکانی دەسەڵاتی فاشیزمی ئیسلامی نەتەوەسەردەستەکان لە کوردستاندا.

فەرەیدوون سامان

لە غیابی زمانی پۆلیسی کورديدا.. فەرەیدوون سامان

لەو ئۆژانەی ئابردوو لەسەر کێشەی یەک واو یان دوو واو، لەسەر کتێبێکی خوێندنی کوردی لە کەناڵەکانی سۆشیالمیدیا، لایەن هاووڵاتیان و ڕۆشنبیران، تەنانەت زمانناسانەوە ڕەخنەیەک زەر گیرا، کە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە چاپ و بڵاوکرابوونەوە، بەڵام ئایا کێشەی زمانی کوردی لە هەرەمی کوردستاندا هەر تەنها کێشەی یەک واو و دوو واوە، یان کێشەکان زەر لەوە قووڵترن، بە نموونە ئایا پشتکردنە زمانی پۆلیس و ستاندارد و خوێندن بە هەردوو زاری بادینی و سۆرانی لەو هەرەمدا کێشە نییە؟ ئایا نابوونی ئەکادیمیایەکی زمانی کوردی کە تایبەت بێت بە چەتری کۆکردنی هەرچی شارەزا و پسپۆری زمانی کوردییە بە هەموو زار و بنزارە

کوردییەکانەوە کەشە نییە؟
داخە بە سەلماندنی ناسنامەی نەتەوەیەک بوونی یەک زمانی ستاندارد بەس، یان جووتستانداردی باشە(کە لەواقیعدا بوونی هەیە) و لە غیابی زمانی ستاندارد، زارەکان ڕۆڵی زمانی ستاندارد دەگێڕن هەروەک ئەزموونی زاری کورمانجی ژوورووە بە کوردانی ڕۆژاوا و زاری کورمانجی ژێری- سەرانی باشووری کوردستان لەبەرچاوە.
زمانی کوردی ساڵانێکە لەسەر خاکی نیشتمانی خۆیدا بە جۆرەها شێوازی ڕێگەزپێرستانە دژایەتی دەکرێت، جارێک بە ناوی جیاوازی ئایین و ئایینزاوە و جارێکی تریش بەناوی حاشاکردن لە ناسنامەی نەتەوەیەک، نکۆڵی لە بوونی دەکرێت و بە پلان و بەرنامەی تایبەت ڕووبەڕووی جینۆسایدی کولتووری دەبێتەوە.
زمانی کوردی لە نێوان ئەم زار و بنزار و دەڤەکانە، ئەو ناوچە و ئەم دەڤەرە. هەم پێدانی پایەیەکی بەرزتر دەبێت بە زمانی کوردی، بە تایبەت لە هەلومەرجێکدا کە هەڕەشەکان نەك هەر لەسەر زمانن، بەڵکو کەمەگە و نەتەوەکەمانی خستۆتە ترس و دەهاوکێیەکی نائومێدەوە، جا چی زمان بە خانەی هەستیی بزانین یان بە ئامرازی پێوەندیی نێوان مرۆڤەکان، چی بە دیاردەیەکی مێژوویی دابنێین، یان وەکو سیستەمێک لە نیشانەکان بیبینین و بە شێوەیەکی هەنووکەیی سەیری بکەین، ناتوانین خۆمان لەو ڕاستییە ڕەهایە بشارینەوە کە زمان و هزری مرۆڤ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ گرێدراوی یەکدین، بە واتایەکی دی، زمان ئامرازی هزرکردنە و هزریش بنەمای زمانە.
بەم پێیە گەرچی ئێستاکە زمانی کوردی لە خەمی مەرگ ڕەخساوە، بەڵام سەرلەنێشیواوی و فرەمەرجەعیی و پاشاگەردانییەکی لە ڕادەبەدەری پێوە دیارە، ئەم دۆخە قەیراناوییە بووە بە ئاوێنەی باڵانوێنی ژیانی ئاخێوەرەکانی، هەروەها بیر بەرهەم هێنراوەکەشی.
دواڕۆژی زمانی کوردی بەم هەموو زارەکانەوە، بەتایبەتیش هەردوو زاری کرمانجی ژوورووە و کرمانجی ژێری، ئێگەر لە داهاتوویەکی نزیکدا کاری جددی و دەستزانەی بۆ بە یەکگرتووکردنی بە نکرێت و لەسەر ئاستی کەسانی شارەزاو پسپۆر و دوور لە دەمارگیری ناوچەگەریی چی دەبێت و بۆ کوێ دەگات؟

دیاردەی دوو زمانی، یان فرە زمانی

زمانەکان پایەی سەرەکی میراتی مرۆڤایەتین، نوێنەرایەتی ناسنامەی مرۆڤ دەکەن و ئامرازێکی پێویستن بۆ دامەزراندنی پێوەندی نێوان مرۆڤەکان، زمانناسان پێیان وایە زمان بنەمای بیرکردنەوە و دەربڕینی جۆهەری مرۆڤە، زمان وەک ئامرازێک بۆ دەرخستنی جیهان دەزانن و پێیان وایە کە گوزارشت لە ئاوەزی ئاڵۆز و ناسنامەی مرۆڤ

دەکات، لە ئاستیدا زمان یەکێکە لەو توانایانەی کە جۆری مرۆڤ لە بوونەوەرەکانی دیکە جیا دەکاتەوە و پێیوەندی بە تایبەتمەندییەکانی وەک زانین و ژیری و کۆمەڵایەتی و ناسنامەی کولتووری مرۆڤەوە هەیە.
دوو زمانی دیاردەیەکی باوە لە جیهانی ئەمڕۆدا لەناو گەلاندا و لە زۆر شوێنی جیهاندا بەدی دەکرێت، بەشێک بووە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک لە زۆرێک لە کولتوور و کۆمەڵگەکاندا، دوو زمانەکان ئەو کەسانەن کە توانای پێیوەندی کردنیان هەیە بە دوو زمان یان زیاتر، لەم نووسینەدا هەوڵ دەدرێت پێیوەندی نێوان دوو زمانی مرۆڤ و لێهاتوویی مەعریفی، لەوانەش ژیری و تێگەیشتن و داهێنان ڕوون بکرێتەوە، لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیانە، وەڵامی ئەو پرسیارە دەدرێتەوە: "ئایا دوو زمانی کارامەییەکانی وەک ژیری، تێگەیشتن و داهێنان زیاد دەکات؟"
مرۆڤ سیستەمێکی کەدکراو بەکار دەهێنێت کە پێی دەگوترێت "زمان" بۆ گەیاندنی چەمکە مەبەستدارەکانی بە کەسانی دیکە و پێیوەندی کردن لەگەڵ کەسانی دیکە و بە ئاسانی باس لە ڕووداو و خۆن و ئارەزوو و هەستەکانی دەکات (ئەرتێگا، ۲۰۰۹: ۱). بە کەڵک وەرگرتن لە زمان، دەخوێنرێتەوە و دەنووسن؛ بە دەستهێنانی زانیاری و گواستنەوەی بە کەسانی تر.
دوو زمانی دیاردەیەکە کە هەرچەندە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، بەڵام ڕوونی گۆشەسێندنی لە سەدەی ڕابردوودا وای کردووە کە ببێتە یەکێک لە ئاڵنگارییە سەرەکییەکانی سیاسەتی پەروەردەیی وڵاتان، زۆر کەس لە جیهاندا دوو زمانە یان فرە زمانن و جگە لە فێربوونی زمانی زگماکی و ناوخۆیی خۆیان، ناچارن زمانی فەرمی وڵاتەکەیان یان زمانێکی نەتەوەیی فێربن.
پرسی جیهانگیریی، پێویستیی ئەم دیاردەیەی زیاتر کردووە. ئەوەندە کە زەرجار خۆیان بە پێویستی فێربوونی زمانی زیاتر دەزانن بە ئەوەی بتوانن لە پێیوەندی کردن و خوێندن و بازرگانی و ژیانێکی باشتردا سەرکەوتوو بن.
کاتێک منداڵ لەدایک دەبێت هەوڵی پێیوەندی کردن دەدات، سەرەتا بە پشتبەستن بە ژینگەی ژیانی فیزیکی زمانێک دەبێت کە زمانی زگماکی خۆیەتی. هەروەها ڕەنگە لە تافی منداڵیدا یان لە تەمەنی گەورەییدا بە هۆی هەڵومەرج و پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانەوە زمان یان زمانێکی دیکە فێربێت و دیاردەی "دوو زمانی" بەم شێوەیە ڕووبدات.
پێناسەکردنی دوو زمانی، لە یەکەم نیگادا، ئاسان دەردەکەوێت، بەڵام کاتێک هەوڵ دەدەین بگەینە پێناسەیەکی هەمەلایەنە و بەلایەن کە هەموو ڕەهەند و ئاستەکانی لەخۆ بگرێت و سنوور و سنووردارەکانی

دیار بکات، تەدگەین کە ئەمە ئاسان نییە و کێشەی تایبەتی خۆی هەیە.
پێناسەکانی دوو زمانی کە دراون لە چەی و لاوازی و ئاستی دوو زمانەوانیدا جیاوازن و پێیان دەگوترێت "جیاواز". بە نموونە بەپێی فەرهەنگی وێبستەر (١٩٦١)، کەسێکی دوو زمانە، کەسێکە کە بتوانێت بە دوو زمان بە شێوەیەکی هاوتا قسە بکات، وەک قسەکەرێکی ڕەسەن، بەپێی ئەم پێناسەیە دوو زمانی یەکسانە بە توانای قسەکردن بە دوو زمان بە شێوەیەکی هاوتا و تەواو.
دیاردەی دوو زمانی یان فرە زمان لەناو کۆمەڵگەی کوردستاندا بە زەقی بەدی دەکرێت، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی کوردستانیش وەک هەموو کۆمەڵگەکانی تری سەر زەوی، فرە ئیتنیک و فرە پێکهاتەی نەتەوەیی و کەلتووریین، بەنموونە کوردانی هەژهەڵاتی کوردستان لە ئێراندا زمانی دووەمیان فارسییە، کە زمانی فەرمی دەوڵەتە، هاوکات دەبینین ئەو ناوچە کوردییانەی کە تێکەڵەیەکن لە تورکی ئازەری لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا، هەروەها ئەو کوردانەی خەراسان فرەزمانن بە حوکمی تێکەڵبوونیان لەگەڵ گەلانی فارس و تورکە مەغۆلەکان، تەنانەت لە هەندێ ناوچەی ئوستانی خوزستانیش ژمارەیەکی زۆر کورد عەرەبی زانن، ئەم دیاردەیە لە باکووری کوردستان و تورکیاشدا بە ئاشکرا بەدی دەکرێت، تەنانەت لە ناوەندی شارە گەورەکاندا زۆرجار زمانی تورکی زمانی یەکەمو زمانی کوردی بێتە زمانی دووەم، لە باشوورو ڕۆژاوای کوردستاندا دەبینین چونکە زمانی فەرمی دەوڵەتی عیراق و سوریا عەرەبی بووە، هەر بۆیەش زۆر بەدگمەن کورد هەیە جگە لە زمانی دایکی کە زمانی کوردییە، زمانی دووەم نەزانێت کە زمانی عەرەبییە. کەواتە پێوەندی نێوان توانا مەعریفییەکان و دوو زمانی یەکێک بووە لە بابەتە سەرنجڕاکێش و مشتومڕاویی‌کانی دوو زمانی و بیروباوەڕی پسپۆران و تەنانەت ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا جیاوازن.

فەرێدوون سامان

دیاردەی فرەزاری و فرەزمانی.. فەرەیدوون سامان*

زمانەکان کە پایەی سەرەکی میراتی مرۆڤایەتین، نوێنەرایەتی ناسنامەی مرۆڤکان دەکەن و ئامرازێکی پێویستن بۆ دامەزراندنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگەکەیان، زمانناسان پێیانوایە زمان بنەمای بیرکردنەوە و دەربڕینی جۆهەری مرۆڤە، زمان وەک ئامرازێک بۆ دەرخستنی جیهانبینی خەیان دەزانن و دواجار پێیانوایە کە گوزارشت لە ئاوەزی ئادەم و ناسنامەی مرۆڤکان دەکەن، لە هاستیشدا زمان یەکێکە لەو توانایانەی کە جێری مرۆڤ لە بوونەوەرەکانی دیکە جیا دەکاتەوە و پێیوەندی بە تایبەتمەندییەکانی وەک زانین و ژیری و کۆمەڵایەتی و ناسنامەی کولتووری مرۆڤەوە هەیە. مرۆڤ بە کەڵک وەرگرتن لە سیستەمێکی کەد کە پێی دەوترێت "زمان"، چەمکە خوازراوەکانی خەی دەگوازێتەوە بۆ کەسانی دیکە، پێیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەکات و بۆ ئاسانی باسی هوودواو و خوون و ئارەزوو و هەستەکانی دەکات (ئەرتەگا، ۲۰۰۹: ۱).

بۆ بەکارهێنانی زمان دەخوێننەوە و دەنووسن؛ زانست بەدەست دەهێنن و دەیگوازنەوە بۆ کەسانی دیکە، بەیە کاتێک منداڵ لەدایک دەبێت هەوڵی پێیوەندی کردن لەگەڵ دەوروبەریدا دەدات، سەرەتاش بە پشتبەستن بە ژینگەی ژیانی فەری زمانێک دەبێت، کە زمانی دایک یان زگماکی خەیەتی، هەنگە لە تەمەنی منداڵیدا یان لە تەمەنی گەورەییدا بە هەی هەلومەرج و پەداویستییە کۆمەڵایەتییەکانەوە، زمانێکی دیکە فێربێت، لەرەدا دیاردەی "دوو زمانی یان فرە زمانی" بەم شێوەیە هوودەدات.

بۆ پێناسەکردنی فرەزمانی، لە یەکەم نیگەدا، بۆ ئاسانی دەردەکەوێت، کاتێک هەوە دەدەین بگەینە پێناسەیەکی هەمەلایەنە و بەلایەن کە هەموو هەهەند و ئاستەکانی لەخە بگرێت و سنوورەکانی دیار بکات، تەدەگەین کە ئەمە ئاسان نییە و کەشێی تایبەتی خەی هەیە.

لە دنیای ئەمەدا فرەزمانی دیاردەیەکی باوە و لە زۆرێک لە ناوچەکانی جیهاندا بەرچاو دەکەوێت، و بەشێک بووە لە ژیانی هەژانەی ئاخەوەران لە زۆرێک لە کولتوور و کۆمەڵگە و ناوچەکاندا، فرەزمانەکان ئەو کەسانەن کە توانای پێیوەندی کردنیان هەیە بە دوو زمان یان پتر، لەم بابەتەدا هەوە دەدرێت پێیوەندی نێوان فرەزمانی مرۆڤ و لێهاتوویی مەعریفی، لێوانێش ژیری و تێگەیشتن و داهێنان

ووون بکرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوەی ئەو توێژینەوەیە دەکرێت، کە لەم بوارەدا ئەنجام دەدرێن.
لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوانە، وەڵامی ئەو پرسیارە دەدرێتەوە: "ئایا فرەزمانی کارامەییەکانی وەک ژیری، تێگەیشتن و داهێنان زیاد دەکات؟"
فرەزمانی دیاردەیەکە کە هەرچەندە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، بەڵام تاوتێ گۆشەسەندنی لە سەدەی ڕابردوودا وای کردووە ئەم دیاردەیە ببێتە یەکێک لە ئاڵنگارییە سەرەکییەکانی سیاسەتی پەروەردەیی وڵاتان، زۆر کەس لە جیهاندا دوو زمانن یان فرەزمانن، جگە لە فەربوونی زمانی زگماکی خەیان، ناچارن زمانی فەرمی وڵاتەکەیان یان زمانێکی نێودەوڵەتی فێربن، پرسی جیهانگیری پەیوەستیی ئەم دیاردەیەی زیاتر کردووە، ئەوەندە زۆرجار خەیان بە پەیوەستی فەربوونی زمانی زیاتر دەزانن بە ئەوەی بتوانن لە پەیوەندی و خوێندن و بازرگانی و ژیانێکی باشتردا سەرکەوتوو بن.
پێناسەکانی فرەزمانی کە دراون لە چەی و لاوازی و ئاستی دوو زمانیدا جیاوازن و پێیان دەوترێت "جیاواز". بۆ نموونە بە پێی فەرهەنگی وێبستەر (1961) کەسی دوو زمانە کەسێکە کە بتوانێت بە دوو زمان بشێوەیەکی ڕەوان قسە بکات، وەک ئاخێوەرێکی ڕەسەن، بەپێی ئەم پێناسەیە دوو زمانی یەکسانە بە توانای قسەکردن بە دوو زمان بە شێوەیەکی ڕەوان و تەواو.
پەیوەندی نێوان توانا مەعریفییەکان و دوو زمانی بە نموونە یەکێک بووە لە بابەتە سەرنجڕاکێش و مشتومڕاویيەکانی دوو زمانی و بیروباوەڕی پسپۆران و تەنانەت ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا جیاوازن.
با بگەڕێینەوە سەر ئاسەی مەبەست، زۆرجار لێرەو لەوە هەندێک کەس لە دڵەڕاوکێ و کینەوە یان لە نەزانینی خەیانەوە دەپرسن: بۆچی هەندێک خێزانی ناوچە کوردییەکان بە زەحمەت لە زاری یەکتر تێدەگەن؟ هەندێکی تریش ئەم جیاوازییە دەکەنە بەوبیانوو بە گومان خستنە سەر نەبوونی زمانێکی یەکگرتووی کوردی و هەروەها نەبوونی یەکێتی نەتەوەییمان، جا بە مەبەستی نکۆڵیکردن لە بوونی نەتەوەی کورد، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە زمان یەکێکە لە پایە هەرە گرنگەکانی نەتەوە و نەتەوەسازی، گەر نکۆڵی لە بوونی ئەو زمانە بکەن، بەو هەیوە نکۆڵی لە بوونی نەتەوەش دەکەن! ئەم جۆرە خێزانە دەڵێن: کورد بە زۆر زمانان قسە دەکەن، نەک تەنها یەک زمان! بانگەشەی ئەوەش دەکەن کە یەک زمانی کوردی نییە، تا یەکیان بخات! بە دڵنیایی ئەمە بێگەی بە ئاگایی ئەوانە لە زمانی کوردیدا، بێگەیەک بە ئەوەی کە جیاوازی لە نێوان زمان و زارەکدا ناکەن!

وەک ئەوەی: ئەگەر هەندێک کەس لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان بە زەحمەت لە وشەو زاراوەی یەکتری تێبگەن، با بڵێین وەک خەڵکی هەولێر و ئامێدی هەورامان بە نموونە، یان لە نێوان کوردێکی لەکستان و کوردێکی ناوچەی سلێمانی و دەوروبەری، یان هەر ناوچەیەکی دیکە، ئەوا ئەمە شتێکی زۆر سروشتییە و بە هیچ شێوەیەک بەو مانایە نییە کە کورد بە زمانێکی جیاواز قسە بکات و یەک زمانی هاوبەشیان نییە، ئەم دیاردەیە لای ئاخێوەرانی وەاتێکی گەورە و پشکەوتووی وەک ئەڵمانیا و بەریتانیاش هەیە، هەندێک لە ناسیونالیستە تووندڕەوەکانی تورک و عەرەب و فارس بانگەشەی بە دژکەن. بەڵام لەبەر ئەوەی زمانی کوردی زمانێکی بەهێز و دەوڵەمەندە بە وشەسازی، زۆر سروشتییە مرۆڤی کورد هەموو ئەو وشەسازییەی زمانی کوردی نەزانێت، کە لە هەموو ناوچە بەرفراوانەکانی کوردستان لە باشوور و باکوور، لە چێژەکان و چێژاواو تەنانەت لە ناوچە کوردنشینەکانی خوراسان و مازەندەران تا دێگات بە کوردانی قافقاس و ئەوانی تردا قسەی پێدەکرێت.
سەرەڕای ئەوەی کە کورد تا ئێستا دەوڵەتی سەربەخۆی نییە، لەبەرامبەر هێزی زمانی کوردی بەدەر دەکەوێت و خۆشبەختانە خاوەنی زەخیرەیەکی مەزنی فەرهەنگی وشە و زاراوەکانە، کوردی زمانێکی دەوڵەمەندە بە زار و شێوەزار و وشەسازی و ئەم بڕە زۆرە وشەسازییە بەسەر هەموو ناوچەکانی کوردستاندا بەشکراوە، کە دەکاتە نزیکەی ملیۆنێک وشە و ئەمانەش ئەو وشانەن کە تێنە لە زارەکانی کورمانجی ژوورو و ژێری وەرگێڕاون و ئەو زارە زۆرانەی دیکەی کوردی وەک لەک و لوە و هەورامی تێدا نییە. ئەمە فاکتەرێکی زۆر گرنگە بە پاراستنی زمانی کوردی و هەموو شێوەزارەکانی و وشەکانی لە ونبوون و لەناوچوون، سەرەڕای ئەو شکستانەی دەسەاتە داگیرکەرەکان، لە دژی زمانی کوردی و نیانهێشتووە تاکی کورد فێری خوێندنەوە و نووسین بێت، بەڵام هێشتا زمانەکەی بەهێزترە لە زۆرێک لە زمانەکان کە لە ناوچەکە و جیهاندا هەن.
کەمێگەی کوردستان بە حوکمە گەڕانکارییە دیمۆگرافی و مێژوویییەکانی، کە تێکڕایەکە لە نەتەوەکانی غەیرەکوردی وەک عەرەب و تورک و فارس و ئەرمەن و کلدان و ئاشووری، زمان و کەلتووری ئەم نەتەوانە کەم و زۆر کاریگەرییان بەسەر یەکترەوە هەبووە، چۆن بە ناهەق جوگرافیای کوردستانی گەورە بەسەر دەوڵەت نەتەوەکانیان دابەشکراوە، بۆیە بە دڵگەمن نابێت تاکێکی کورد نابینین، جگە لە زمانی دایکی کە زمانی کوردییە، لە وەاتەکەی خۆیدا زمانی دووەم یان سێیەمی نەزانێت، هەر بە نموونە کوردەکانی چێژاوا و باشووری کوردستان زۆرینەیان زمانی دووەم کە زمانی عەرەبی و زمانی فەرمی

دەوڵەتی سووریا و عیراق دەیزانن، لە باکووری کوردستانیش هەروایە، بە دڵگەمن نەبەت کوردێک نابینیت زمانی تورکی نەزانێت، تەنانەت لە ناوچەژهاتی کوردستاندا، بەتایبەت لە ناوچەی موکریاندا زۆرینەیان وەڵای زمانی فەرمی دەوڵەت کە فارسییە، هاوکات بەحوکمی هاوشارییان لەگەڵ تورکە ئازەریێکاندا زۆرینەیان زمانی تورکیش دەزانن.
لەو ساڵانەی دواییش لە هەرەمی کوردستاندا بە حوکمی هەبوونی خوێندنگە ئەهلی و تایبەتکان تا ڕادەیێک زمانی ئینگلیزیشی هاتەسەر، نەوەیێک دروست بووە بەتایبەت نەوەی دوای ساڵی ٢٠٠٣ زۆرینەیان ئینگلیزیزان و ئاخاوەرن.

*سەرنووسەری گەڵاری زمان و زار.

کتێب\ دیداری یەکەمی شانۆیی نووسەر و هونەرمەندە تەعەت سامان.. ئامادەکردنی: فەرێدوون سامان

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن..

Kteb_FaraidunSaman_TalatSDownload

سنووری زمانەکەم سنووری جیهانی منە”.. نووسینی: لودویگ

ویتگنشتاین.. وەرگێڕانی: فەرهاد پەدرام

"Tractatu Logico-Philosophicus" کتێبی (تراکتاتوس لۆجیکۆ-فیلۆسۆفیکۆس) بەرهەمی بەرایی زمانناس ڤیتگنشتاینە، کە تێیدا هەوڵی کۆشانی هەڵگانی نێوان ئەوەی کە دەتوانرێت بە ووشە لە فەلسەفەدا بگوترێ و ئەوەی کە پێویستە بێدەنگ بکرێت، بکۆشێت. ئەو لەو بیرکۆیەدا سەرهەڵدەدات کە پێکهاتەی زمان ناتوانێ پێکهاتەی واقیعە و زۆرێک لە کۆشکانی فەلسەفە لە ئەنجامی تێنەگەیشتن لە لۆژیکی زمانەوە سەرچاوەیان گرتووە. مەبەستی سەرکی کتێبەکە پێناسەکردنی ئەرکی فەلسەفەیە وەک شیکارییەک بۆ زمان، نەک وەک داشتنی باوەڕگان یان حوکمەکان سەبارەت بە جیهاندا.
خاڵە سەرەکییەکان:

- جیهان وەک هاستی نەک ئەبژە
ویتگنشتاین جیاوازی دەکات لە نێوان "شتەکان" (سادە، دابەشنەکراو) و "هاستییەکان" (تێکەڵکردنی شتە بنەکەوە گرێدراوەکان).
ئەو جیهانەی ئێمە هەستی پێدەکەین، کەی هاستییە ئاگاری و هاستەقینەکانە، نەک تەنها لیستی شتەکان.
-فەهمی لۆژیکی واقیع
هەستە یان گەیشتن لە زماندا نوێنەرایەتی "وێنەی" هاستییەکان دەکەن.
پێوەندی نێوان توخمەکانی هەستێک هاوشێوەی پێوەندی نێوان توخمەکانی هاستییەک لە واقیعدا.
-سنووری زمان و سنووری جیهان
ئەوەی دەتوانرێت بە ووشە بە زمان دەربببڕدرێت، ئەوەیە کە دەتوانرێت بیری لێبکرێتەوە.
هەرچی لەوە زیاتر بێت (بۆهاکان، جوانیناسی، میتافیزیکی پاک) لە "دەرەوەی" جیهاندایە و دەبێت "بێدەنگ" بێت.
-شیکاری لۆژیکی زمان
ئەرکی فەلسەفە بریتییە لە ووتکردنەوەی لۆژیکی زمان، بەمەش چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە لە ناووونی یان سەرلێشێواوی زمانەوانییەوە سەرهەڵدەدەن.
شیکاری ئەو پێکهاتە لۆژیکییە ئاشکرا دەکات کە لە ژێر

فەرمولی زمانەوانی ووکشدا شاراوەتەوە.
-گۆڕانی شیکاری و پێشوەختە
گۆڕانە لۆژیکی و بیرکارییەکان وەسفی واقیع نین، بەڵکو یاساکانی ڕێستەسازی خودی زمانن.
ئەوان وەک "چوارچێوە"ی زمان وان، کە بەبێ ئەوەی بکەوێتە ناو ناعەقڵانییەتەوە تێپەڕنرێت.
-زمان و مانا و ناعەقڵانیەکان
مانا ئۆگۆری نوێنەرایەتیکردنی لۆژیکی واقیعە.
ئەوەی لە ڕێگەی وێنەیەکی لۆژیکییەوە ناتوانرێت بیری لێبکرێتەوە، ناتوانرێت دەربڕدرێت و هەرگیز بە دەربڕینی دەکەوێتە دەرەوەی بازنەی مانا.
بایەخی کتێبەکە:
نوێنەرایەتی بناخەی فەلسەفی قوتابخانەی شیکاری فەلسەفە دەکات لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا.
ئەو کاریگەری لەسەر فایلەسوفە لۆژیکییە پۆزەتیڤیستەکانی بازنەی ڤیەنا هەبوو، هەرچەندە ڤیتگنشتاین خۆی هەموو دەرەنجامەکانیان هاوبەش نەبوو.
ئەو چەمکی "سنووری زمان"ی وەک پێوەرێک بە ئەوەی کە فەلسەفە دەتوانێت باسی چی بکات، ناساند.
پوختە:
کتێبی "Tractatus Logico-Philosophicus" هەوڵێکی ڕادیکاڵە بۆ پێناسەکردنی ئەوەی کە فەلسەفە دەتوانێت چی بڵێت و دەبێت لە چیدا بەدەنگ بێت، بە بەستنەوەی لۆژیکی زمان بە پێکهاتەی جیهانەوە. ویتگنشتاین فەلسەفە وەک کۆمەڵێک بابەتی نوێنابینێت، بەڵکو وەک چالاکییەکی ڕوونکردنەوە دەبینێت کە ئەو کێشانە چارەسەر دەکات، کە لە تێگەیشتنێکی هەڵە لە زمانەوە سەرهەڵدەدەن. جیهان لە ڕاستییەکان پێکهاتووە و زمان لە ڕێگەی وێنەی لۆژیکییەوە ئەو ڕاستیانە ڕەنگ دەداتەوە. هەر شتێک کە سنووری ئەم وێنانە تێپەڕێنێت، دەکەوێتە دەرەوەی بازنەی لەدوانی ئۆگەری.

نووسینی: لودویگ ویتگنشتاین
وەرگێڕانی: فەرەیدوون سامان

لە بارەی گرفتکانی نێنووس و خاپەندییەوە.. فەریدوون سامان*

وەک چۆن ئەمەی کورد نیشتمانەکەمان بەسەر چەند وەتەکدا بەشکراوە، زمانی نەتەوەی سەردەست بانادەستیی بەسەر زمانەکەماندا هەیە، زمانەکەمان بەسەر چەند زار و بنزارێکی سەرکیدا دابەش بووە و هەریەک لەو زارانەش خاوەنی خەسڵەتێکی تایبەتی خۆیانن کە نێنگدانەوەی فرەچەشنیی فەرهەنگی و جوگرافیای گەلەکەمانە. مخابن هەشتا زمانەکی پەوەرمان بە گشت زار و بنزارە کوردییەکان نییە. هاوکات دەبینین لە ڕووی ئەلفوبێ و نێنووسیشەوە، نێنووسەکی پەوەر و هاوبەشمان بە نووسینی تەکستەکانمان نییە. بە دەنیاییەوە بەاوبوونەوەی بەرفراوانیی جوگرافیاییی زمانی کوردی یەکێکە لە هەکارە سەرەکییەکانی فرەچەشنیی زارە کوردییەکان، بەو پێیەی هەر دەڤەرێک و ناوچەیەک بە سروشتی خۆی، شێوازاری تایبەتیی خۆی پەرە پێ داوە، ئەوەش نێنگدانەوەی مەژوو و نێشنبیریی ناوازەی خۆیەتی. هەر بۆیەش زمانی کوردی بە یەکەک لەو زمانانە دادنرێت کە دەوڵەمەندە بە فرەچەشنیی فەرهەنگی.

فرەچەشنییی شێوازارەکان لە زمانی کوردیدا بێگەی دەوڵەمەندیی فەرهەنگییە. ئەم فرەچەشنییە نێنگدانەوەی مەژووی دوورودرێژی کوردە، بە درێژاییی سەدەکان کارکردنە لەگەڵ فەرهەنگ و گەلانی جێراوجێردا. چونکە لە نێگای ئەم زارانەوە، مرۆڤ دەتوانێت لە مەژووی کورد و شارستانییەتەکەی و کارلێکی لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریدا بگات.

زمانی کوردی جگە لە فرەچەشنیی شێوازار، میراتێکی دەوڵەمەندیی ئەدەبی لەخۆ دەگرێت کە لە ژانرەکانی شیعر، ئەدەبیاتی فۆلکلۆر و چیرۆکی مەژوویی پڕ هاتووە. ئەم میراتە ئەدەبییە گوزارشت لە حیکمەت و ئەزموونە مرۆییەکانی گەلی کورد دەکات، هەروەها نێنگدانەوەی جوانی زمان و هێزی لە دەربڕینی هەست و بیرکەکاندایە.

سەرەڕای ئەم دەوڵەمەندییە زمانەوانی و فەرهەنگییە، زمانی

زمانەکەمان بەرەو ڕووی چەندان ئاستەنگ دەبێتەوە، لەوانە هەوەدان بە پەراوێزخستن و گۆشەگیریی زمانەوانی کە بە درێژاییی مێژوو بەر کۆتووە. بەڵام هەوڵەکان لە لایەن خودی ڕۆشنبیرانی کوردەوە بە پاراستنی زمان و بەرەو پێشبردنی و بەکارهێنانی لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا. پاراستن و پەرەپێدانی ئەم زمانە ئەرکێکی گرنگە بۆ دەستبەرکردنی بەردەوامیی ئەم میراتە فەرهەنگییە بۆ نەوەکانی داهاتوومان.

یەکێک لەو بەربەست و ئاستەنگانەش نەبوونی ئەلفوبێێکی یەکگرتوو هەروەها ڕێنووسێکی یەکگرتووە بۆ گشت زارە کوردییەکان بۆ تایبەتییش لە دامەزراوە چاپەمەنییەکانی وەک ڕۆژنامە و گۆڤار و هەروەها ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەبوونی ئەو هەموو وێبسایت و کەناڵە کوردییە جیاوازانە دیاردەیەکن وەڵای هەبوون واڵایی و بەرفراوانیی و پەراوێزکێی ئازادی نووسین و دەربڕین، هاوکات لە دڵیشەی بەکارهێنانی ڕێنووسدا کێشەیەکی چارەسەر نەبوون، کە بە داخەوە زەر جار خودی ئەو نووسەرانەی کە باس لە گرفتەکانی ڕێنووسی کوردی دەکەن یان ئەو دەزگا ڕۆشنبیرییانەی کە ساڵانە بە دەیان کتێب چاپ دەکەن و ڕێنماییەکانی ڕێنووس و خاڵبەندی پارڤە دەکەن هەوبەهەووی هەمان هەڵە و کێشەی ڕێنووس دەبینەوە.

دوای پتر لە سەدەیەک لە بزاڤی چاپەمەنی کوردیدا، تەنانەت بەر لە سەرەتای بیستەکان و دەسەڵاتی حکومەانی شێخی نەمر تا دەگات بە ئێستا زمانی کوردی بە چەندان قۆناغ و شێوازی ڕێنووس و خاڵبەندیدا تێپەڕیوە، ئەگەر جاران دەقی نووسین بە کێشکێ یان بەڵگەنامەی مێژوویی بە ڕێنووسی کلاسیکیی کوردی دەنووسرا، کە پتر لە ژەر هەژموونی ئەلفوبێ و ڕێنووسی عەرەبی و فارسیدا بوو، ئەوا دواتر بە هەوڵی زانایان و زمانناسان و ئەدیبانی کورد تا ڕادەیەکی باش ڕێنووسی کوردی لە نووسین و چاپەمەنییەکاندا سەرباری هەندێک گۆڕانکاریی لەڕ و لەوە، بەڵام لە دوای ساڵانی هەفتای سەدەی ڕابردووەوە هێشتا وەکوو پێویست هەر سەقامگیر نەبوو، ئێستا لە چاپەمەنی کوردیدا لە ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبێ چاپکراوەکان سەرباری ئەوەی کەمترین کێشەی ڕێنووسمان هەیە، بەڵام دیسانیش جار جار لەو بەناوکراوانەدا هەوبەهەووی دیاردەیەک دەبینەوە ئەویش هەبوونی فرەڕێنووسی یان هەڵە ڕێنووسییە لە تێکستەکاندا، واتە هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندن، ڕۆژنامەوانی و فەرهەنگی بە گۆڤار و ڕۆژنامەو بەناونامەکانیانەوە، تەنانەت هەر نووسەرێک بە ڕێچاوکردن و جێبەجێکردنی ئەو ڕێنماییانەی کە پێشتر لە ئەکادیمیای کوردی یان دەزگای سەردەمەوە چاپ و بڵاو دەکرانەوە، دواجاریش ئەو کتێبانەی مامۆستا دیاکۆ هاشمی و دکتۆر نەریمان عەبدوڵا، ڕێنگ

ئەستا ناوی نووسەرانی دیکەم لەبیر نەبێت، کە لە سەر هێنووس و خامەندی بە چاپیان گەیاندووە، دیسان لە بەاوکراوە کوردییەکاندا تەنانەت لە خودی گەڤاری (ئەکادیمیای کوردی)یشدا، بە نموونە، هووبەووی کەمێک گرفتی هەڵەی هێنووس و خامەندی دەبینرێ، ئەویش هەندێک جار سەبارەت بە خەمساری و یان نەزانینی بەکارهێنانی ئەو نووسەرانەی کە بەشێکی زۆریان هەڵگری بەوانامەی باڵان لە زمان و ئەدەبیاتدا لە تەکستە هزرییەکانیاندا بەکاری دەهێنن، هووبەووی هەمان ئاستەنگ دەبینرێ کە کێشەی هەڵەی هێنووس و خامەندییە، بەگومان هەبوونی ئەو هەڵانەش کەم و زۆر کاریگەرییان لەسەر گەیاندنی چەمک و واتاکانی بابەتەکە هەیە، تەنانەت جاری وا هەیە هەر زۆر بە هەڵەش واتایەکی پێچەوانە بە خوێنەران دەگەیێنن، هەڵە بەکارهێنانی خامەندییش لە هەر دەقێکی ئەدەبی یان هزریدا، هەمان کێشە و گرفتی گەیاندنی چەمک و واتاکانی لە دەکەوێتەوە.

ئەستا لەو بەشەی باشووری کوردستاندا کە بە زمانی کوردیی ناوەند دەنووسین و دەخوێنین و بەاو دەکەینەوە، هاستێ وەک هێنمایی هێنووسەکی پڕوڕ و ستانداردمان هەیە و بەهام دیاردەی هەبوونی ئەو هەموو هەڵە هێنووسییە هەکارەکەی چییە، تا چەندیش کاریگەرییان لە سەر زمانی ستانداردی کوردیی ناوەند-زاری سەرانی، چونکە لەو بەشەی دەڤەری بادینان تا ئادێکی زۆر سەبارەت بە جیاوازیی هەندێک پێڤ و زاراوە و دەستواژە و دەربڕین، هێنماییەکانی هێنووسیش جیاواز دەبن.

ئەمە لە ئەزموونی دەرکردنی گەڤارەکەمان (گەڤاری زمانناسیی وەرزی_زمان و زار)، نووسینی زۆرینەی ئەو نووسەر و توێژەرە بەهێزانەی کە لەو گەڤارەدا وتار و توێژینەوەکانیان بەاو دەکەنەوە، مانیان ئاوا بێت، بەهام هەمیشە مەرجی سەرەکیی بەاوکردنەوەی بابەتەکانیان ئەوە بووە کە بە هیچ شێوەیەک نابێت ئەمە دەسکاری هێنووسەکەیان بکەین، ئەم داواکارییەش وای لە ئەمە کردووە بڕانبەر هەڵەیەک دەستوسان بین کە خەمان قەناعەتمان پێی نییە و نەبووە، بەهام بە بەردەوامی و شکڵی گەڤارەکەمان ناچاریش بووین لە سەر خواستی ئەوان وەک خەیان دەقەکانیان بەاو بکەینەوە- هەر بە دەنیاییەیش من نامەی هەموو ئەو بەهێزانەم لایە کە جەخت لە داواکارییەکانیان دەکەنەوە کە نابێت دەسکاریی شێوازی هێنووسەکانیان بکرێت، دیارە ئەو هەڵچنە بەهێزانەش کە خەبەخشانە لەو گەڤارەی ئەمەدا هاوکار بوون، سەرباری شارەزایی و ئەزموونیان لە بواری هێنووس و خامەندییدا، بەهام چونکە ئەوانیش دووچاری هەمان هەڵە دەبنەوە هەرچەند هەریەکەو بە پێی توانا و کارامەیی و ئەزموونی خەیان بەو کارەدا هاپڕموون، بەهام هەبوونی چەند

هەڵبەستنووسی کە ئەم دیاردەیە لە زۆرینەی چاپەمەنییە کوردییەکاندا بە زۆقی بەدی دەکرێت، تا ڕادەیەک مایەی هەڵنجاندنی بەشێک لە خوێنەران و نووسەرانیش بووە. لەوانەش خودی خەم، هەڵبووونی هەڵبەستێکی چاپ یان لە کاتی فەنتگەڵێندا هەڵکارێکی سەرەکی بووە کە بە سەر هەڵبەستچنی گۆڤارەکەی ئەمەدا تێپەڕ بووبێت، دیارە ئەمەش لە بایەخی هەوڵەکانی ئەمە بە بەردەوامیی دەرچووانەدنی ئەو گۆڤارە کەم ناکاتەوە، کە هاوکاران و هاوڕێیانی نزیک لەو گۆڤارەی ئەمە دەزانن بە چی دەردەسەرییەک ئەو گۆڤارە زمانناسییە دەردەکەین لە پەونەدیی بەردەواممان بە دابینکرنی وتار و توێژینەوە زمانناسییەکان، چونکە خوێنەرانی هێژا و نووسەرانی دەسەزی پێش و زمانی کوردی دەزانن کە نووسین لە بواری زمانناسیدا چونکە کاری ئیلیەتە (نوخبە)یە، تا ڕادەیەکیش توێژینەوەی زمانناسیی پێویستیی بە چاندان پەراوێز و سەرچاوەی زانستی هەیە و پرسەکارێکی دەگمەنیشە واتە ئەگەر ئاوڕێک لە هەڵگرانی بەوانامە باڵا زانستییەکانی سەر زمانی کوردی بدەینەوە دەبینین کەمترین هەوڵی نووسینی زمانناسیی لای ئەو بەڕزانە بەدی دەکرێن، هەنگە بە پاساوی ئەوەش بیانووکەیان ئەوە بێت کە ئەم بەڕزانە هەر بەتەنە بە بەرزبوونەوەی پلەی زانستی فریای توێژینەوەکانیان دەکەون، بەیە قسەکردن لەسەر پرس و گرفتی هێنووس و خاڵبەندی لە باوکراوە کوردییەکاندا کێشەیەکی تازە نییە، بە دەنیاییشەوە تا ئەمەی کورد نەبین بە خاوەنی یاسایەکی چاپەمەنی کە پێویستە بێت بە ئاساییشی زمان و ئاساییشی نەتەوەییمانەوە دواتر تا نەبین بە خاوەنی زمانێکی ستانداردی کوردی ئەستەمە لەو هێوشەدا بتوانین وا بە سانایی چارەسەری گرفتی هێنووس و خاڵبەندی بکەین و ببین بە خاوەنی هێنووسێکی پێوەر و ستاندارد.

• سەرنووسەری گۆڤاری زمانناسیی (زمان و زار)

چەند چاوپێکەوتنێکی قیدیۆیی لەگەڵ فەریدون سامان سەبارەت

بۆ زمانی کوردی

بۆ گۆڕینی لە قەوارەی باسکان کلیک لەسەر نانوسینەکانی باسکان بکە..

١- کێشەکانی بەردەم زمانی یەکگرتووی کوردی چین؟

٢- گۆڕانی زمان و زاراوەی لە گۆڕەپانی زمان..

٣- وتووێژێک لەسەر پرسی زمان، گرانی زمانی، یان زارەکی کوردیی..

کتێب/ زمان و یاسا... ئامادەکردنی: فەریدوون سامان

توێژینەوەکانی دووەمین کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتیی زمانی کوردی و زاراوە یاساییەکان

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن...

Zman_W_YasaDownload

نەوانمان.. فەریدون سامان

نەوان من و تۆ دیوارێک هەیە
خشتەکانی بە خوێن سوورکراون
نەوان من و تۆ دڕگایەک هەیە
هەزار ساڵە کلیلەکەی
لە نێو قوڵگی ئێژدیها دایە
نە تۆ من دەبینی
نە منیش تۆ
نە تۆ دەنگم دەبیستی

نە من دەنگت دەبیستم
بەڵام تەواوی هەست و نەستم لای تۆیە
خۆ من کۆیلەی عیشقی تۆ نیم
پێم بڵێ...
چۆن بتپەرستم؟!

Fereydun Saman

بـــانگەشتێک بۆ ســـەماکردن..
شیعـــری/ هادیـــا ئـــامنۆ..
وەرگێـــانی بۆ کوردی/ فەرەیدون سامان

لە ئاهەنگی جانتاکەی مندا
چاوی ماناکانی تەقیەوە وەک ئاواز
لە هەرای جانتاکەمدا
مۆبایلەکەم ون بوو
ئاوازەکانی خەوندارن لەگەڵ بەدەنگیی شوشتنەکەدا
چەتر دەبنەوە
بەرەو لای خەم تەماشایکرد و
ساتەکانی رەندی لە باخچەکانی جوانی
بەرەو هەوراز بوونەوە ،
ریگام بۆ چاوم نەدا بینینیت
بەهام بەلەز بەلامدا تیپەڕی
جوانیی سەوزەکەی ئادەم لە ستەمکاریدا چەنراوە
ئەوان گوتیان
کە کەلەکەوانی ژنان
لەگەڵ چەناگەی خەی درەی کرد
ئەوە قسەی قەرە
دوگمەکانی سەر سنگی گەنجانە

فراوانی چارەگەئاسا کردەوە
بانگهەشتی ژنانی گەردووون و سوپایەیەک لە ماچ دەکات،
مەبایلەکەم لەو بەسەروبەری
ئاشووبی هەستەکان و لە بەدەنگی شوێندا ون بوو
چاوە بە خوومارەکەی پە بوون لە مەبایلەکە
لە نەەی بەیانەکدا مامز ئاسا باز دەدات
سەماندەر داوای شەریعەتی سەما کردن دەکات
جەستەیەیەک فەری بەخەو بووە
لەسەرهەواری خاڵی وەنەوزدا
ناخەویت تەنە دوای تاوەک سەما نەبیت
پرچی قەرەجانەم گەژاوەکی شەپەلدارە
گەپرژین سەما بە دوو سەمای دادە
بەنت شەپەلی کشان و داکشانە،
حیلەی شەهوەتەو مگەزی ئارەزووی سەما دەکات
چامەم لە فەرهەنگەکەم ئازاد کرد
لەدایکبوونەکەی خولیای شەتی بوو
پیتەکانم بە رەندی خەیان فەری
سەما بوون
ئاخە خوەی بارانی سەر شوشەم گورەم ناتوروژینیت بە سەما
بەنزینی تەپەە هارەکان تاسە دەسووتەنەت چەشنەک لە سەما
قاوە و مەبایلەکە لەلایەک دانە دەتەوە ئەبجەدیەتی سەما فەر بیت؟
بەتاسەوە لەرزینی سەرەپەنجەکانت بە ژنەک درەژکەوە
شەرم مەکە بە بانگهەشتی پیاوەک بە سەما کردن
کە خەت ئارەخووی سەمای ئەو دەکەی
سەمایەک حەز دەکات سەما بکات لەگەە سەمادا.

شیعری/ هادیا ئامنە- تونس

وەرگەانی بە کوردی/ فەریدون سامان

گیانگۆ … فەریدون سامان

هەندێ بیرت دەکەم
دڵەم ئاخێ دەبێت تەم لێ بیر بچێتەوە
وا دەزانم پێتی هەموو سەردەکانێ
لێ گەردنی مندا ئاڵاون
وا هەستدەکەم ئەوێ منم
من دەخنکیم…
کوڵەکەم رامین بگڕێوە
چەن ئاو پێژیوان بێتەوە
تەش بێ سەرچاوەکەی خێت بگەڕەوە…
یان خەرتاو ئاسا بێ نابەڵدی
لێ خەر جوێ بێتەوە
منیش رادەستی ئامێزی ئەڤینی جاویدانی
تێ دەبم…
لێنو تەدا
لێ نەو فرمێسکی خوێنینی دایکەکاندا
دەتوەمەوە
دەبم بێ تێ
دەبم بێ پێوولەیەک باڵدەگرم و
هەڵدەفرم
بەرەو ئاسێ
بەرەو شکێ
بەرەو هەواری شەهیدانێ
کێ بێنی خاک وخەڵی نیشتمان مەستی کردن…

فەریدون سامان